ڕۆمان

# جامانەی خوێناوی پێشمەرگەیەک

هەڤاڵ ئەحمەدی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جامانەی خوێناویی

# پێشمەرگەیەک

رۆمان

## هەڤاڵ ئەحمەدی

٢٠١٣

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەت:ڕۆمان

نووسینی: هەڤاڵ ئەحمەدی

تایپ: هەڤاڵ ئەحمەدی

پێداچوونەوە بە تایپ و دەق: عەلی لالە

دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابی‌راد

بنکەی چاپ و بلاوکراوەکان: سارا- ستوکهۆڵم

سۆئید ٢٠١٣

ISBN 978 91 87662-62-0

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

Weşanên SARAyê

Bi hevkariya: SAZENDEYA (Weqfa) PIRTÛKXANE &
MUZEXANEYA KURDÎ
(Foundation For Kurdish Library & Museum)
Dalag. 48
S–113 24 Stockholm SWEDEN
info@saradistribution.com

ISBN  978 91 87662-62-0

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەکی

هەموو گەلانی پێشکەوتوو، جگە لەوەی بەسەرهات و مێژووی گەل و نیشتمانەکەی خۆیانیان وەک مێژوو نووسیوەتەوە و بە دەیان و بگرە سەدان لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی و شیکردنەوەی جۆراوجۆریان لەسەر نووسیوە و لە سەدان روانگە و گۆشەنیگاوە لێکیان داوەتەوە، وازیان هەر نەهێناوە و ئەدەبیەکانیشیان قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و لە چوارچێوەی رۆمانیشدا گێڕاویانەتەوە. ئەگەر نموونەی ئەو رۆمانانە بێنینەوە کە نووسەرەکەیان تێیدا باسی هیچ نەبێ بڕگەیەک لە مێژووی نیشتمانەکەی دەکات، ژمارەیان ئەوەندە زۆر دەبێ لەوانەیە خوێنەر بێ تاقەت بکا. جگە لەوەش هەر کارەساتێکی ئەو میللەتانە بەسەریان هاتووە، دەیان فیلمی سینەماییان لەسەر بەرهەم هێناوە. دوور نەڕۆین، کارەساتی کوشتاری جوولەکەکان لە هۆردووگاکانی نازیستە هیتلەرییەکاندا، بووەتە پێخۆری زیاتر لە سەدان فیلم و کورتە فیلمی سینەمایی و بەڵگەنامەیی. ئەوەش جگە لەوەی کارەساتەکە لە ئاستێکی بەربلاوتردا بە دنیا دەناسێنێت، گرنگیەکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێتە هێزێکی پشتویان و پاڵپشت بۆ ئەو سیاسەتوانانەی لە رێگەی یاساییەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەیان دەیانەوێ بەرگری لە مێژووی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن .

کە گورگ ئاوڕێک لە مێژووی پڕ لە کارەساتی میللەتەکەمان دەدەینەوە، سەیر دەکەی، دوژمنەکانمان ئەوەی بەسەر ئێمەیان هێناوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با بە دەواری شڕی نەکردووە، کەچی ئێمە هێشتاش بەداخەوە زەین و یادەوەریی مێژوویيمان هەر وا لاوازە و بە زەردەخەنەیەکی درۆزنانەی دوژمنەکانمان هەڵدەخەڵەتێین و دەریای خوێنی پشتەسەرمان لەبیر دەکەین و لە هەموو شتێکیان خۆش دەبین. من ناڵێم با تۆڵە ئەستێن بین، هەرچەندە شاعیر جوانی فەرمووە: "ئەوەی نەیبێ بیری تۆڵە..... لە باوکی خۆی نەبووە، زۆڵە". دەڵێم ئەگەر تۆڵەئەستێنیش نابین، با هیچ نەبێ کۆست و نەهامەتیەکانی رابردوومان لەبیر نەکەین. چونکە لەبیرکردنیان وامان لێ دەکات دووبارەیان بکەینەوە و زیندووراگرتنیشیان بەرچاوروونیمان دەداتێ و وامان لێ دەکات لەسەر هەست بین و جارێکی دیکەش وەک سەدان جارەکەی پێشوو، مارانگاز نەبینەوە و پێمانەوە نەدەنەوە. ئاخر هەرچی کۆست و کارەسات و خەڵەتان و کلاولەسەرنانی رابردوومانە، هەمووی لە یەک دەچن. یانی ئێمە هەزار جار بە یەک شێوە زەبرمان خواردووە و پێمانەوە دراوە و هەر لەخەویش رانەبووینە.

کورتی دەبڕمەوە:

هەموو رۆژەکانی مێژوومان، شیاوی ئەوەن و هەڵدەگرن بکرێنە رۆمانێکی گرنگتر لە "دۆنی ئارام"ی شۆلۆخۆف و "نان و شەراب"ی کازانتزاکی و "ئاهەنگی نێری"ی ماریۆڤارگاس یۆسا .

رۆژێک لە مێژووی هاوچەرخماندا شک نابەین تێیدا کارەساتێک بەسەر میللەتەکەمان نەهاتبێ و پێشمەرگەش گیان لەسەر دەستانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قارەمانێتی و پاڵەوانێتیی خۆی تێدا نەسەلماندبێ. بۆیە ئەگەر قەڵەمی ئازا و بەبڕشتمان هەبێ و نووسەری لێوەشاوە و بیروردمان هەبێ، کەرەستەی خاومان ئەوەندە زۆرە، بەشی هەزار رۆمانیشمان پتر هەیە. ئەی هێمن موکریانی نەیگوت: "ئێوە شیریان لێ بسوون و ئێمە پڕەدەینە قەڵەم"؟ دەی ئێستا رۆژ رۆژی قەڵەمە. با قۆڵی لێ هەڵماڵین و هەر کەسە و لە شوێنێکەوە. رووی قسەم لە هەموو ئەو کەسانەیە کە بەچاوی خۆیان رووداوەکانیان دیتووە و کورد واتەنی لە کوورەی شۆڕشدا خاراون و توانای نووسینیشیان هەیە و هەموو ئەو نووسەرانەی دەتوانن بەشێوەی ئەمڕۆیی و بە تەکنیکی مۆدێرن بنووسن، با وەدووی خەیاڵ و فانتازیای بێ بنەما نەکەون. چونکە گڵی دوور دەرمان نیە، تۆزێ سەرداخەن و لەبەر پێی خۆیان گڵی کیمیا هەڵگرن و سۆمای چاوان روون بکەنەوە. با تیتۆڵێک لە خەڵکی پێشکەوتووی پێگەیشتووی تێگەیشتوو دادڕین. ئەوەتا گابریل گارسیا مارکیز، خەون و خەیاڵ و هەقایەت و کولتوور و مێژووی زێدەکەی خۆی کردووەتە هەوێنی رۆمانە بەناوبانگەکەی "سەد ساڵ تەنیایی" و خەڵاتی نۆبلی پێ بردەوە. هەر ئەم نموونەیە دێنمەوە پێموایە ژیرەکان یەک ئاماژەیان بەسە.

بەڵام ئەم رۆمانە:

زۆرتان سەر نایەشێنم و رۆمانەکەش شی ناکەمەوە. چونکە شیکردنەوەی رۆمانەکە بە مانای دەست و پێ بەستنی خوێنەرە. جگە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوەش نامەوێ کەس لە روانگەی منەوە و بە تێبینی و بۆچوونی من رۆمانەکە بخوێنێتەوە. من رێز لە بۆچوونە جیاوازەکان و ئەقڵی خەڵک دەگرم، بۆیە پێم وایە هەر کەسە و مافی خۆیەتی دوای خوێندنەوەی رۆمانەکە، بەپێی ئەزموونەکانی خۆی لێکی بداتەوە .

ئەوەندە دەڵێم، رۆمانی "جامانەی خوێناویی پێشمەرگەیەک" رۆمانێکی خۆماڵی و راستی"ریالیستی"یە. ئەم رۆمانە بۆ هەموو ئەوانەی هەوای کوردستانیان هەڵمشتووە و ئەگەر زەبر و زەنگ و تێهەڵدان و زوڵم و زۆری پاسداریشیان نەدیتبێ و لە نزیکیشەوە چاویان لە قارەمانێتی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگە نەبووبێ، لانیکەم لە دەوروبەرییەکانی خۆیانیان بیستووە، رۆمانێکی شیرین و پڕ لە تەزووی خۆشەویستیی پێشمەرگە و رق لە داگیرکەرانە. ئەگەرچی دڵنیام، جیا لەوانەی سوێندیان خواردووە گێل بژین و گەمژە بمرن، هەموو کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا مۆخی ئێسقان زوڵم و زۆری رێژیمی هەست پێ کردووە. کەوابوو رۆمانەکە وەک من چێژم لێ وەرگرتووە، بۆ هەمووان خۆش و لەبەردڵان دەبێ.

جێی خۆیەتی دەستخۆشانە بە نووسەرەکەی بڵێین و بە هەموومان هیوای بەردەوامیی بۆ بخوازین.

رەسووڵ سوڵتانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیدەزانی کاتژمێر چەندە هەر ئەوەندەی دەزانی کە ئێواری بەر لە ڕۆژ ئاوابوون لە دۆڵی پاڵەوانی پشت ئاوایی تورجانەوە وەڕێکەوتبوون و ئەو ئـــاوایییەی کە ئێســـتا دەنگـــی ســـەوەڕەکەی دەگەیشـــتە گوێی،باغڵووجەیە.

وەک ئەوەی لە خاچ درابێ و دەست و لاقی چوارمێخ کێشرابن، نەیدەتوانی جووڵە بکا. دەستی لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکەی دانابوو هەر دەتگوت کەسێک خەریکە بەزۆری لە دەستی دەربێنی توند بە سینگی خۆیەوەی گوشیبوو.

ئەو پەڵەگەنمەی تێیدا راکشابوو، سێ چوار رۆژ بوو پاڵەکان دەستیان کردبوو بە دروێنەکردنی و رۆژانە پێنج شەش بەریان لێ دەدووریییەوە، وایان دانابوو ئەگەر کەسیان نەخۆش نەکەوێ بۆ دوو حەوتووی دیکە تەواوی کەن و بە ترێلی و تەراکتۆر باقەکانی کێشەو کەن بۆ خەرمانی پشت ماڵان و گێرەوشەنی کەن تا خەرمانی سووریان بە کیلە لە نێو تەلیسان کەن و بیانبەنە ئاشی ئاوایی قاجر بۆ بژێوی زستانیان.

لەشی گەرم داهات و ئارەقەی کرد لە نەکاو مچڕووکێکی سارد بە نێو هەموو لەشیدا گەڕا، ئارەقەی بەرپشتێند و فیشەکدانەکەی سارد کردەوە. زۆر بەئاسپایی و بەپارێزەوە دەستی بۆ لای رانی درێژ کرد تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزانێ خوێنرێژییەکەی راوستاوە یان نا! هەستی بە تەڕاییەک کرد، لە بەر شۆقی مانگەشەوەکە هەوڵی دا بزانێ ئەو تەڕاییەی دەستی ئارەقەیە یان خوێنە.

دەستی بردە سەر زەوی و دەستەکوتەیەکی کرد لە بەر کڵۆ رەقەکان و لاسکی گەنمەکان، بە زەحمەت توانی تۆزێک خۆڵ لەو زەویە رەقە بکرێنێ و دەستی پێ وەشک کاتەوە.

دیسان ئارەقەی کردەوە، بەڵام ئارەقەی ئەو جارەیان لە جارەکانی پێشوو زۆر زیاتر بوو، هەر بە دەستە خۆڵاوییەکەی کاکۆڵەکانی کە تا سەر برۆکانی هاتبوون و بە ئارەقەی سەر تەوێڵی خووسا بوو، لا دا و چاوی بڕیە ئاسمان و دەستی خستەوە سەر پەلاپیتکەی چەکەکەی و گوێی هەڵخەست تا بزانێ لە دەوروپشتی چ روو دەدا. نزیکترین دەنگ، دەنگی ئەو بۆق و سیسرکانەی لای ئەستێرە ئاوەکەی پشت سەری بوون کە وەک ئەوەی گۆرانی بڵێن و گەرەلاوژە بکەن بۆ یەکتریان دەستاندەوە و نۆرەی یەکتریان نەدەدا، دوورترین دەنگیش دەنگی سەوەڕێکی تێکەڵاو بوو کە نەیدەزانی لە کام لاوە دێ.

هەر سێ خولەک دەبوو لە قەراغ ئەو کانی و ئاوە کەوتبوونە بۆسەی دوژمنەوە، لە چاوقوچاندنێکدا لە دوژمن وەدەست هات و لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی لە تەقەوپێکدادانەکی زۆر توندا بۆسەکەیان تێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکاندبوو. مانگە شەو بوو، بەڵام چاوی زۆر هەتەری نەدەکرد. هەر بۆیە هەر چاوێکی کردبوو بە دوو چاو و جارجار بە پێوە و جارجاریش خۆی لەبن کەندەڵانی جۆگە ئاوەکە مات دەکرد و هەر تارماییەک لە لای دوژمن دەجووڵاوە یان شۆقی چەکەکی دەهات لوولەی چەکەکەی ئاراستە دەکرد و لە جووڵانی دەخست.

کلاشینکوف و تیربار "بی کەی سی" لوولەکەیان وەک دەنووکی کەو سوور ببۆوە و دەیان قاسپاند بە چەشنێک کە دەنگیان دەگەیشتە مووچە و مەزراکانی ئاواییەکانی کانیزێڕینە و هەبەکی و بوغدەکەندییش. هەڵمەت و نەعرەتەی هاوڕێیانی بەجۆرێک بوو کە دوژمن هەر زۆر زوو تێک شکا. لەو چرکەساتە دابوو هەستابووە سەر پێ و تەقەی دەکرد کە فیشەکێکی دوژمن لاقی پێکا و فڕێی دایە نێو جۆگە ئاوەکەی پشت سەری خۆیەوە و چەکەکەی لە دەستی پەڕی. بۆ چەند ساتێک گوێی کپ بوو گوێی لە هیچ نەدەبوو، لە یەکەم کاردانەوەیدا هەر خێرا دەستی درێژ کرد و چەکەکەی هەڵگرتەوە.

هەر چەند هەنگاوێک لەو لای خۆیەوە هاوڕێیەکی وەک ئەوانی دیکە لە هاتووچۆدا نەبوو و شوێنی خۆی نەدەگوازتەوە چاوی لەسەر دووربینی شەوی قەناسەکەی دانابوو بێ ئەوی پەلە بکا، لەسەرخۆ و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوارچێوی دووربینەکەیەوە یەک یەک نەفەرەکانی دوژمنی دەدۆزییەوە و سینگی ئاژن ئاژن دەکردن.

بۆ چەند چرکەیەک سەیری کرد کەیفی بە دەستوتفەنگەکەی دەهات، پێی حەیف بوو بانگی کا و چاوەکانی کە دەستەملانی رووناکایی نێو دووربینە شەوەکە ببوون بگوازێتەوە بۆ لای تاریکایی ئەو جۆگە و ئاوەی ئەو بە برینداری تێی کەوتبوو.

پاش ماوەیەک زۆر بە ئاسپایی گوتی: هاوڕێ! هاوڕێ! کاکە گیان! بەڵام هاوڕێکەی زۆر سەرقاڵ بوو و هەموو هەست و زەینی خۆی خستبووە نێو دووربینی قەناسەکەیەوە، کە بانگی دەکرد گوێی لێ نەبوو. پاش بەتاڵکردنی خەشابەکەی، لە کاتێکدا خەشابەکی دەرهێنابوو و دەیەویست بیگۆڕێ لە شوێنەکی خۆی هەستا و رۆیشت.

زۆریان قەناسەیان پێ بوو، بە رۆیشتنی ئەو هاوڕێیەی کە هەر نەشیزانی کام قەناسەهاوێژ بوو، لە بەر خۆیەوە گوتی: کوڕە من بەجێ نەهێڵن! ئەوجار بە دەنگی بەرزتر بانگی کرد: هاوڕێیان من لێرەم!

سێ چوار کەسی دیکە زۆر بە خێرایی تیژ بە سەر ئەو جۆگە ئاوەی ئەوی تێکەوتبوو تێپەڕین، بەڵام هەستیان نەکرد لەوێیە. ئەوان هێندە تیژ تێپەڕین ئەویش فریا نەکەوت بانگیان کا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چووبوونە خەوێکی قورسەوە و شەکەتیی کار و کوێرەوەرییەکانی ڕۆژانەیان دەردەکرد. دەبوایە پاش چەند کاتژمێری دیکە لە خەوی خۆشی بەیانی هەستابان، مانگەشەوێکی ڕووناک بوو. ماڵەکەیان چواردیوارێکی تاریک و گەرم بوو کە پڕ بوو لە دووپشک و گیانلەبەری دیکە. کاتێک تاریکی زۆرتر بەسەر ژوورەکەدا زاڵ دەبوو دووپشک و گیانلەبەرەکان لە قەڵەشتی دیوارەکان را دەهاتنە دەرێ. هەر بۆیە هاوینان دادە فریشتە جێگاوبانەکەی خۆیانی لە بەر هەیوانی ژوورەکە رادەخست و لێفەیەکی شڕیان هەبوو ئەویشیان بە خۆیان دا دەدا.

خەونی دەدی کە باران دەباریێ و تەپەتەپ لە لێفە شڕەکەیانی دەدا. وەخەبەر هات و لە ژێر لێفەکەوە چاوی هەڵێنا هەستی ڕاگرت، دەنگ و بۆنی باران نەدەهات، پاشان لێفەکەی لە سەر سەری خۆی لادا. مانگەشەوێکی ساماڵ بوو، باران نەدەباری ئەوەش دەنگی تەپەی باران نەبوو کە پێی وا بوو بەسەر لێفەکەیان دا دەباری، بەڵکوو دەنگی تەقەی تفەنگ بوو کە لە لای مەزراکەی ئەوانەوە دەهات.

گوێی هەڵخست لەبەرخۆیەوە گوتی: ئای تۆ بڵێی جەرگی چ دایکێک ئێستا سووتابێ؟ دەستی برد و لەسەرەخۆ شانی مێردەکەی کە لەسەر تەنیشت خۆی گرمۆڵە کردبوو و خەوتبوو ڕاتڵەکاند و گوتی: پیاوەکە! پیاوەکە! هەستە تەقەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک عەتا هەر سەر لە ئێوارێ پاش کاری تاقەتپڕووکێنی رۆژانەی لە مەزرا را قرتاڵەیەکی لەو تەماتانەی کە خێزانی شەتڵەکەی لە چەند دێراودا لە خوار کانیەکەی مەزراکەیان چاندبووی و هاتبوونە بەر، لەگەڵ دەسکێک کەوەر بۆ ماڵێ هێنابۆوە. خێزانی هێلکەوتەماتەیەکی بەتامی لێ ساز کردبوو، لیوانێکی دۆی ترشیشی بە سەردا کردبوو و کەوا و پاتۆڵە لێک نەکالاوە کونجراوییەکەی بە تالۆوکە و بێڕاوەستان لەبەرخۆی دەرهێنابوو هەر زۆر زوو خۆی خزاندبووە نێو لێفە شڕەکەوە و وەک خەوی ورچی زستانێ چووبووە خەوێکی قورسەوە ئەگەر بە دڵی ئەو بایە بەتەما بوو لانی کەم شەش مانگ بخەوی تا شەکەتیی لەشی دەرچی.

هەر لە ژێر لێفەکەوە گوتی: ژنەکە واز بێنە تۆ نازانی چەندە ماندووم تەقەی چی؟ بۆ من گوێم لێ نەبووە؟

دادە فریشە تۆزێک هەستی راگرت و هیچی نەگوت. پاشان بە لەفزێکی شیرین گوتی: تۆ کە خەوتی وەک مردووت لێدێ ماڵت نەشێوێ. ئاها گوێ ڕادێرە ئێستاش هەر وردە تەقە ماوە.

کاک عەتا لێفەکەی لەسەر سەری لابرد بێ ئەوەی چاوی بکاتەوە گوتی: جا ئەوە کاری هەموو شەویانە، بۆ کەس دەوێرێ دوای بانگی شێوان سەر لە ماڵێ دەرهێنێ؟ بێ سێ و دوو لێکردن دەیدەنە بەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسرێژ. کچی ژنەکە دیسان هەر لە خۆڕا تەقە دەکەن داخوا کامەیان سێبەری خۆی دیوە و لێی بۆتە دێو و درنج و ئاوا ئەو تەقوتۆقەی داناوەتەوە. ئەوجار لێفەکەی بەسەر خۆی داداوە، ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان گوتی: تۆش بخەوە هێندەی نەماوە بۆ سیوادی بەیانی.

بەڵام دادە فریشە هەر دڵنیگران بوو لە بەر خویەوە گوتی: نازانم بڵێم چی؟ تەقەکەی ئەم شەویان زۆر بووا جا چا نەبوو لە نێو ماڵانیش نەبوو، بەڵام تەقەی ئەم شەو بۆ لە لای مەزراکەی ئێمەوە دێ!؟

کاک عەتا خۆی لە نێو لێفەکەدا وەرگێڕا سەر تەنیشت و گوتی: کچێ خۆتی پێوەماندوو مەکە، ئەی خۆ دەبێ لە لای مەزاری ماڵێکەوە بێ. دوای ئەو چەند قسەیە، ئیدی کاک عەتا بێدەنگ بوو بۆی خەوتەوە.

دادە فریشتە هەستا چوو بۆ لای جەرە ئاوکەی کە بە داری هەیوانەکەیەوە هەڵیواسیبوو، لیوانە فافۆنەکەی سەر جەڕەکەی لابرد و دارە تاشراوەکەی نێو زارکەکەی کە بە بەنێکەوە بە ملی جەڕەکەوە گرێ درابوو، هێنایە دەرێ و لیوانێکی ئاو خواردەوە. ساردیی ئاوەکە کە هەر دەتگوت تەرزەیە ئەوندەی دیکە، خەوەکەی زڕاند. لەبەرخۆیەوە گوتی: خودایە گیان وەخێری گێڕی و هاتەوە سەر نوێن و بانەکەوە لە تەنیشت مێردەکەیەوە سەری خستە سەر سەرینەکە و هەوڵی دا بخەوێتەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەری خاڵە عەولا ماڵتە هەر دەڵێی مووشەکیان لێ بەستووین با پشوویەک بدەین و سیغارێک داگیرسێنین. وەک قەتاری کۆن وام کە بە رەژی کاریان دەکرد و دووکەڵیان لێ دەهاتە دەرێ. باوەڕ بکە ئەگەر سیغارێک بکێشم و دووکەڵێک ساز کەم، دوو هێندەی دیکەش بەڕێوە بین مێشێکیشم میوان نابێ.

خاڵە عەولا گوتی: باشە عەلیزادە گیان با بگەینە ئەو سێگەڕانگایە لەوێ پشوویەک دەدەین.

عەلیزادە کوڕێکی رەنگ گەنمیی کورتەبالا، بەڵام وەک چیا بەرزو خۆراگر بوو. بەر لەوەی بچێتە نێو ریزی شۆرش لە کێبەرکێی هەلاتن دا یەکەمی هەموو قوتابخانەکانی شاری بۆکانی وەدەست هێنابوو. بۆ نووسین دەستوخەتێکی زۆر جوانی هەبوو. ماوەیەکیش مامۆستای فێرکردنی خوێندن و نووسینی ئەو هاوڕێیانەی بوو کە سیاسەتی رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندا، لە دەستڕاگەیشتن بە چرای خوێندن و نووسین بێبەشی کردبوون. لە بنکەکانی پشوودانی پێشمەرگە زۆر کاری هونەریی دیکەشی وەئەستۆ گرتبوو یاریزانێکی بەتوانایی فوتباڵ بوو لە هەر قامکێکی دەیان گەوهەر دەباری. کوڕێکی چاونەترس و ئازا و بە بەرنامەی رێکوپێک بوو، فەرماندەیی بەشێک لە پێشمەرگەکانی لە ئەستۆ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەجید پرسی: عەلیزادە سیگەڕانگا چیە؟ بابە با لێرە لادەین خۆ ماشینیش هەر بە دوو کاتژمێر جارێک لە پۆمپی بێنزین لا دەدا.

بە پارێزەوە عەلیزداە لە خاڵە عەولا شێنانی پرسی:

ئەریَ خاڵە سیگەڕانگا چیە زۆرمان ماوە بۆ وێ؟

خاڵە عەولا بە خێرایی بە لای دا تێپەڕی گوتی: تۆ سەیری ئەو عەجایبە کە! بۆخۆی لە پێشمەرگەکان خراپترە و بەپەلەیە بۆ سیغار کێشان! کوڕە تۆ خۆت فەرماندەی! ئەوانی دیکە دەبیَ لە تۆوە فێر بن! بابی بابم سیگەڕانگا ئەو شوێنەیە وا سیَ ئاو تێکەڵ دەبنەوە. هێندەمان نەماوە تاقەت بێنن.

عەلیزادە گوتی: مەجید جاریَ تووتنەکەت ڕاگرە تا ئەو شوێنەی وا خاڵە عەولا دەڵیَ! ئەریَ مەجید بەڕاستی خاڵە عەوالا  گوتی کویَ؟ کوڕە خۆ ناوێکی هێند سەیری گوت ناوەکەشیم لەبیر چۆوە! لەگەڵ مەجید لە کاتێک دا لە نێو ریز و قەتاری پێشمەرگەکان دا دەڕۆیشتن، بزەیەکیان هاتیَ و هەر وا درێژەیان بە ڕێپێوان دا تا پاش بیست خولەک گەیشتنە دۆڵێک کە سیَ چوار شیو تێکەڵ دەبوونەوە هەر ئاسمانی لێڕا دیار بوو.

مەجید کورێکی باڵا بەرزی باریکەڵانە بوو، کە چەندین ساڵ لە چاڵە ڕەشەکانی دوژمندا بەند کرابوو. هێندەی سیغار کێشا بوو هەموو دەدانەکانی خراپ ببوون. دوو قوتووی دەرمانی سەمپرژێنی جوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوان شۆردەبۆوە و خاوێنی کردبوونەوە و کردبوونی بە مەتارەی چا لێنان و رۆژانە چای تێدا لێدەنان کە ئاوەکەیان وەقوڵتەقوڵت دەکەوت و دەکوڵان، لەبەر ئەوەی زارکی مەتارەکان زۆر چووکە بوون بە فەشە فەش ئاوی گەرم بە زارکەکەیان دا دەهاتە خوارێ، کەچی مەجید بێ گوێدان بەوەی کە ئاوە گەرمەکە دەستی داپلۆخێنێ، ئەو مەتارانەی وەک ئەوەی بە دوو قامکی لۆکە بگرێ زۆر بەئەسپایی لەسەر کوچکاورەکە لا دەبرد، هەر خێرا لە کیسەچا وەشکەکەی دوو لۆچی تێدەکردن وەک مەشکە دەیژاندن، چایەکانی هێندە رەش بوون هەر چایەی دە کڵۆی قەند دەویست بۆ خواردنەوە. ئەوکی وەک تەنکە وا بوو بێڕاوەستان و بەپەلە و بە گەرمی، بە لووشەلووش سێ چوار چایی دەخواردەوە. ئەو رۆژانەی چای وشکی هەر بەشی جەمێک پێ بوو، تا ئێوارێ تڵتەی نێو مەتارەکانی نەدەڕشت و سێ چوار جاری دیکە چایی تێدا لێدەنانەوە ئیدی وای لێدەهات بۆ جارەکانی کۆتایی چایەکەی هێندە بێڕەنگ دەبوو لەگەڵ قەنداغ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدەما. مەجید لە شەڕدا کورێکی بەغیرەت بوو. لە بەکارهێنانی تیربار‌دا زۆر شارەزا بوو، بۆیە زۆرتری کاتەکان تیربار "بی کەی سی"ی هەڵدەگرت. چەند ساڵ لەمەوبەر محەممەدی برای لە خۆڕاگرییەکی قارەمانەدا لە کوێستانەکانی قوڵقوڵەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقز کە مەجید خۆشی لەو شەڕە دا بەشدار بوو شەهید ببوو. مەجید هەر چاوەڕێ بوو کاک عەولا بڵێ ئەوەتا سیگەڕانگاکە.

هێندەی پێ نەچوو خاڵە عەولا گوتی: هاوڕێیان ئەوەش سیگەڕانگاکەی وا گوتم، جا هەر لێرە پشوویەک دەدین، بەڵام ئامان زۆر لەسەرەخۆ و بەبێدەنگی ئەوانەی سیغار دەکێشن با لە لای عەلیزادە کۆ بنەوە یەکتان بە چەخماخ سیغاریەک هەڵکا بە قوربانتان بم، شەمچە هەڵنەکەن با شۆق زۆر نەداتەوە با ئەوانی دیکەش جگەرکانیان بە هی ئەو داگیرسێنن. بە بیستنی ئەو هەواڵە خۆشە، مەجید کیسە توتنی کردەوە دەستی کرد بە سیغار هەڵبەستن.

شوجاعی، کە بابی دوو مندالان بوو هەموو ساڵێ ژن و منداڵەکەی لە داوێنی قەندیل لە نێو چادردا بەجێدەهێشت و لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە دەهاتەوە ناوچە داگیرکراوەکان، لەگەڵ ئەوەی لەچاو پێشمەرگەکانی دیکە کێشی لەشی لە سەرێ بوو، بەڵام زۆر گورجوگۆڵ بوو. براکەی شەماڵ کە کادرێکی شارەزا و پێشمەرگەیەکی جەسوور و ئازا بوو شەش حەوت ساڵ دەبوو لە تێکهەڵچوونێکی حماسیدا لە ئاوایی شیلاناوێ شەهید ببوو. بۆیە زۆر جار هەر بە گڵکۆی براکەی سوێندی دەخوارد. تەمەنێکی زۆری نەبوو، بەڵام تووکی بە سەروە نەمابوو بە دەسرەیەک نێوچاوانی بەستبوو، لەسەر پشت نیوەدرێژ پاڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە کۆڵەپشتیەکەیەوە دابوو، بە گۆچانەکەی خێرا خێرا لە زەوی دەژەنی رووی لە کەس نەدەکرد، بەڵام دیار بوو قسە بۆ ئەوانە دەکا، کە لە دەوروبەری دانیشتبوون یان لە سەر پشت راکشابوون و خەریکی پشوودان بوون.

دەیگوت: باشە ئەوانە بەو نیوەشەوە لەوێ چیان دەکرد؟ بەڕاستی تۆ بڵێی زانیبێتیان ئێمە بەویدا دەڕۆین؟ پاشان هەر بۆخۆی وەڵامی خۆی دەداوە و دەیگوت: ئەریوەڵا جا خۆ خۆفرۆش کەم نین، کورە جا لە هەمووی سەیرتر خوشییەکەی لەوە دا بوو ئێمەیان دیبوو کەچی نەیاندەویرا تەقە بکەن.

لەو کاتەدا هەڤاڵ هات بۆ لایان و بەرلەوەی دانیشی گوتی: شوجاعی سەرت داپۆشە بریقە دەدا ئاشکرامان دەکەی. پاشان لە تەنیشت شوجاعی خۆی بە عەرزێ دادا. شوجاعی سەری هەڵێنا و سەیرێکی هەڤاڵی کرد و گوتی: ئەوە تۆ لەو قسە قۆڕانە هەر نەکەوتووی؟ باشە لە جەنگەی گەرمە تەقە دا کاک لوقمان هەر لە تۆ دەگەڕا لە کوێ بووی؟

چوار کەس کاری دەرمانیی هەموو هێزەکەیان دەکرد کە هەڤاڵ بەرپرسی ئەوان بۆ دەرمان کردنی بریندارە گریمانەکان بوو، بەڵام لە برین پێچم نەبێ لە هەموو شتێک دەچوو. دایمە گیانی یان چەور یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆزاوی بوو، کۆڵەپشتییەکەی بێجگە لە دەرمان سەری مار و مێرووی تێدابوو، دوو ساڵ بەر لە ئێستا کە لەگەڵ چووکەڵی بێسیمچی بوو، تەها گوتبووی: ئەگەر گەمارۆمان دەن و بڵێن بیست رۆژی دیکە هەمووتان لە برسان دەمرن، چووکەڵی و هەڤاڵ هێندەیان شتی خواردن پێیە دە رۆژ دوای ئێمە دەمرن. ساڵی وا بوو سێ چوار جار لەگەڵ تیمی کەم و بە بریندارەوە تا جێگای ئەمن لەگەڵ بریندارەکاندا دەچوو. هێندێک جاریش لەو رێگایە بریندارەکان شەهید ببوون، هەڤاڵ بە دەستی خۆی گڵی بە سەردا کردبوون، بەڵام ئەو ساڵە کاک لوقمان رازی نەدەبوو هەڤاڵ لە هێزەکە دوور کەوێتەوە دەیگوت: کاکە ئەو هەموو پێشمەرگەیە هەیە با هەڤاڵ هیچی لێ نەیە، ئەگەر ئەوان بریندار بوون با ئەو هەبێ بۆ دەرمان کردنیان. هەر بۆیە ئەو شەوە لە کاتی تەقەکردندا کاک لوقمان بە شوێن هەڤاڵدا گەڕابوو.

شوجاعی دیسان درێژەی بە قسە کردنەکەی دا و پرسی: ئەرێ هەڤاڵ بەڕاستی تۆ پێت وابێ ئەوانەی بۆسەیان بۆ دانابووینەوە، هێزی بۆکان بوون یان سەقز؟

هەڤاڵ لە کاتێکدا هەر دوو دەستی وە بن سەری خستبوو پاڵی بە کۆڵەپشیەکەیەوە دابوو ملی بۆ لای شوجاعی سووڕاند و گوتی: جا شوجاعی گیان هەمووی قوماشی تۆپێکن وەک سەگ هەر رۆژێ پەتیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەن بۆ شوێنێک، ئەوانیش بۆ ورکەنانێک کە دەخرێتە بەر دەمیان لە هیچ جەنایەتێک ناپرینگێنەوە، باشە خۆ لەو بارەشەوە کە بڵێن ئێمە چەکدارین قسەم نیە، بەڵام جا خۆ رۆژ نیە چەندین ئاودێر و مووچەوانی بێدیفاع نەکووژن.

شوجاعی گوتی: بۆیە بۆم پرسیارە ئەگەر هی سەقز بن بەیانی بە شوێنماندا دێن بۆ ئێرە.

تاهیر کە زۆر بە مێرمنداڵی لەگەڵ عەلی هاورێی بوونە پێشمەرگە پاشان عەلی چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە شەرێکی دەستەویەخەدا لە سەرچاوەکەی ئاوایی قەمتەری هەر چەند هەنگاوێک لەولای تاهیرەوە شەهید ببوو. تاهیر کورێک بوو لە شورشدا قاڵ ببوو، پارتیزانێکی بەتەواو مانای لێ دەرهاتبوو. زۆرتری کاتەکان لەگەڵ دەستەی پێشەوە دەیاننارد بۆ تاقیکردنەوەی شوێنە ئەستەمەکان، بەرامبەر بە هەڤاڵ و شوجاعی دانیشتبوو و گوێی دابووە قسەکانیان، هاتە نێو قسەکانیانەوە گوتی: شوجاعی هەر تەقەیان لێکردین من و هەڤاڵ خۆمان فرێ دا نێو جۆگە ئاوێکەوە ویزەویزی فیشەک وەک مێشەکوێرە بە لامان دا دەهات، تارماییەک دیار بوو، هەڤاڵ وا دەکا، تاهیر با دوو دەسرێژ لەو تارماییە بکەین، کە لەوێرا تەقەمان لێدەکەن، پێموابێ یان ماشێنە یان تەرمەکە گیایە. شوجاعی بە خێسەوە سەیرێکی هەڤاڵی کرد هیچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەگوت، بەڵام ئەوجار رووی لە تاهیر کرد و گوتی: تازە بۆخۆتان هیچ خودا ئەقڵ بدا بە منداڵەکانتان. جا ئەوە بەرخی بابم بەشکم تەرمەکە گیا ئاوری گرتبایە!

هێندێک لە سیغارکێشەکان سیغاری دووهەمیشیان داگیرساندبوو، مامۆستا سەلاح مرۆڤێکی هێندە باریکەڵە و لاواز بوو لووتیت گرتبایە گیانی دەردەچوو، بەڵام زۆر چیڕ بوو ئەو هەمووە توونێتی و برسێتی و رێپێوان و ماندووبوونە بە چۆکیان دا نەدەهێنا. لە دوو میتریی ئەوان دانیشتبوو چاوەڕێ بوو جگەرکێشەکان سیغاری دووهەمیشیان تەواو کەن، سمێلێکی قەیتانیی رەشی هەبوو هەمووکات ئەو دوو چڵە موویەی بەر چەنەگەی دەتاشی. جووتێکی زەنگاڵی سپیی لەپێ دەکرد، کە بە رێگا دا دەڕۆیشت تەپەتەپێکی ساز دەکرد دەتکوت سەرچوویی گرتووە. هەر کەس شەوانە بەدوای ئەو دا رۆیشتبایە سێ چوار جار دەکەوت. مرۆڤێکی تێگەیشتوو و کادری سیاسیی هێز بوو. لە سەرەتای شۆڕش دا لە گەڵ "ئازاد"ی هاوڕێی دەچنە نێو رێکخراوی چەپەکانەوە، پاش ماوەیەکی زۆر کورت لەگەڵ ئازاد دەبنە پێشمەرگەی دێموکرات و سەرەتا لە فێرگەی راهێنانی پێشمەرگە دەبنە مامۆستای فێرگە، پاشان گەڕابوونەوە ناوچەی بۆکان. کاک ئازادیش لە شەڕە دەستەویەخەکەی سەرچاوەی قەمتەرێ شەهید ببوو. مامۆستا سەلاح بۆ خۆی سیغاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەکێشا، پێشی خۆش نەبوو کەس تووشی ئەو بەزمە خراپە بێ، چاوێکی بەسەر هەموو پێشمەرگەکاندا گێرا، کە چاوی بە مەجید کەوت وەک ئەوەی گیشە گیای ئاگر دابێ دووکەڵ لە سەر سەری ڕێچکەی بەستبوو بۆ ئاسمان، گوتی: دە بەسە مەجید ئەو دووکەڵە چیە سازت کردووە دەڵێی مژ لە تەپاڵە دەدەی. ئەو جار لە جێی خۆی هەستا و چەکەکەی لە شانی کرد رووی لە شوجاعی کرد و گوتی: دەی شوجاعی ئەو "سخنرانیە" هەڵگرە بۆ بەیانی با بڕۆین.

کاک لوقمان کە خەڵکی ناوچەیەکی دیکەی کوردستان بوو مرۆڤێکی بەئەدەب، بێدەنگ و هێمن بوو. وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرا بوو. هەر دوو سێ مانگ دەبوو بۆ خزمەت کردن هاتبووە ناوچەی بۆکان. ئەویش کە دیار بوو زۆر بەپەلە بوو گوتی: جگەرکێشەکان تەواو بن! لە شوێنەکەی خۆی هەستا و خۆی تەکاند و رووی لە حەسەن کرد و گوتی: بەرابەری گیان هەستە نەخەوی سەرمات دەبێ. پاشان بە دەنگێکی بەرزتر گوتی: کاکە کەس نەخەوێ.

خاڵە عەولا سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و دیار بوو شوێنێکی دیاری کردبوو بۆ بەیانی تا لەوێ پشوو بدەین گوتی: ئەو لە

بۆســـەکەوتنە رێگاکەمـــانی گـــۆڕی و دوور کەوتیـــنەوە بـــۆیە دەی بە قوربانتان بم پەلە بکەن دەنا ناگەینە جێ رۆژمان لێ دەبێتەوە.

❊❊❊



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقە تەواو ببوو، هەستی کرد کەس لە نیزیکی نەماوە. دەستی کێشایە سەرلێواری جۆگە ئاوەکە و چنگێک گیا و گوڵی قەراغ جۆگەکەی توند گرت ویستی وەک تەنافێک خۆی پێوە هەڵواسێ و بێتە سەر لێواری جۆگەکە، کەچی ئەو گیایانەی چنگی لێگیر کردبوون بە بنچکەوە بە دەستیەوە هەڵقەندران و کەوتەوە نێو جۆگەکە.

ڕەحمان و ئەنوەر کە لە لایەکی دیکەوە دەهاتنەوە تا بڕۆنەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، چاویان بە تارماییەک کەوت کە لەو جۆگەیەدا دەجووڵێتەوە. ڕەحمان رووی لوولەی چەکەکەی تێکرد لەسەرەخۆ بە ئاسپایی بۆ لای چوو، کە لێی نیزیک کەوتەوە گوتی:

ئەوە کێیە؟

عوسمان گوتی: ڕەحمان گیان منم عوسمان!

عوسمان لاوێکی باریک و جوانچاک و خۆینشیرن، بیستودوو ساڵ دەبوو لە داوێنی چیای سەرکەشی پیرچۆپان لەدایک ببوو. هەر لە مێرمندالّیەوە لەشی ناسکی خرابووە ژێر کاری تاقەتپڕووکێنی وەرزێڕی. تووشی دەیان کوێرەوەری و نەهامەتی لە ژیاندا هاتبوو. بە دەیان جار بێڕێزی پێکردن لەلایان داگیرکەرانی خاکەکەی بە خەڵکی ئاواییەکەیانی بە چاوی خۆی دیبوو. پێنج شەش ساڵێک بوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی پۆشیبوو. وەک عادەت ردێنێکی تەنکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهێشتەوە و جارجار گۆرانیی "ئەرێ هۆ خاڵ خاس"ی بۆ هاوڕێکانی دەچڕی. زۆر جاران جامانەیەکی کوردانەی دەپێچاوە و لە سەری دەنا، بەڵام ئەو شەوە شەپکەیەکی ڕەنگ زەیتوونی، کە ئارمێکی حیزبەکەی تێدا نەخشا بوو لە سەر نابوو. پێشمەرگەیەکی نەترس و بەبیروباوەڕ و ماندوونەناس بوو. ئەو ساڵە کرابووە جێگری فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان کە مەمیل سەرپەلیان بوو.

ڕەحمان بە سەرسوڕمانەوە پرسی: عوسمان ئەوە لەو جۆگەیەدا چی دەکەی؟!

عوسمان نەیویست ڕەحمان دڵنیگران کا، هەوڵی دا ڕەحمان تێگەیەنێ، کە برینکەی جێگای مەترسی نیە، بۆیە زۆر بەهێمنی گوتی: کوڕە ڕەحمان گیان شتێکی ئەتۆ نیە، بەڵام پێموابێ بریندار بووم.

عوسمان و ڕەحمان خەڵکی ئاواییەک بوون و هەر لە منداڵیەوە یەکتریان دەناسی. بە بیستنی وشەی برینداربوون، ڕەحمان بۆ ماویەکی کورت هەناسەی لە سیەکانی دا ڕاگرت. ئەو جار خێرا خۆی هاویشتە نێو جۆگەکەوە گوتی: عوسمان گیان تۆ باشی؟ پاشان زۆر بە خێرایی لە سەروچاویڕا تا بەری پێی وەک کەسێکی نابینا کە ئەلفوبێی تایبەتی نابیناکان لەسەر پەڕتووکێک بخوێنێتەوە، ئاوا دەستی بەسەر هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشی عوسماندا هێنا و زۆر پەشۆکاوانە گوتی: لە بەرت مرم کوێت بریندرا بووە؟

سەری هەڵێنا تا بە شوێن ئەنوەردا بگەڕێ سەیری کرد ئەنوەر خەریکە دەڕوا، بێ ئەوەی لە جێی خۆی هەستێ، خۆی خستە سەر پەنچەکانی قامکی لاقی و گوتی: ئەنوەر! ئەنوەر! کورە وەرە ئێرە نەڕۆی! هاوکاریم بکە عوسمان بریندارە!

رەحمانیش هەر لە داوێنی چیای پیرچۆپان و لە ئاواییەکەی عوسمان لەدایک بوو، ئەویش بە چەرمەسەری و ناخۆشیی ژیان خارابوو. بن پرد یا سەرتەپۆڵکە شاخێکت پێسپاردبا بە تاقی تەنێ پێشی بە دەیان کەسی دوژمن دەگرت هەتا خودا حەز دەکا بە ورە بوو. ئەویش وەک هەزاران منداڵی دیکەی کوردستان بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە ئاواییەکەیان، خوێندەوارایی نەبوو. بۆیە لە نێو کولەپشتییەکەیدا شوێنکی بۆ کتێبی "ژیان و خەبات، کە کتێبی فێر بوونی زمانی کوردی بوو" هێشتبۆوە و شاخ بە شاخ، دۆڵ بە دۆڵ لەگەڵ خۆی دەیگێڕا. بۆ گۆرانیگوتن دەنگێکی بە سۆزی هەبوو بەڵام تا وەک مریشک راوکەت وەبەر نەنابا هیچی لێ هەڵدەنەدەوەرا و وەگارەگار نەدەکەوت. رۆژانە بەر لەوەی جامانەکەی لە سەر نێ لە سەر چۆکی دەپێچاوە، سێ چوار جار ئەودیواودیوی پێدەکرد جا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری دەنا. کاتی جامانە پێچانەوەشی هەڕەتی ئەوە بوو کەسێک لە نیزیکی بێ و لە ژێر لێوەوە وزەوزێکی لێهاتبایە، جا ئەویش دەستی دەکرد بە گۆرانی گوتن. ڕەحمان ئەو شەوە جامەدانەکەی نەپێچابۆوە و لە ملی هاڵاندبوو.

هەر وا کە لە تەنیشت عوسمان هەڵترووشکابوو، جامانەکەی لە ملی کردەوە و ئەو جار هەوڵی دا وشەکان وەک فێربوونی زمانی کوردیی نێو کتێبەکەی ڕەوان و لەسەرەخۆ بڵێ بۆیە پرسیاری کرد: عوسمان گیان کوێت بریندار بووە؟

عوسمان زۆر لەسەرەخۆ گوتی: ڕەحمان گیان لاقمە، بەڵام هەمووی دێشێ نازانم دروست کام بەشێتی.

ڕەحمان کە تا ئەو کاتە دەستی لە نێو دەستی عوسمان نابوو، دەستی بۆلای لاقی عوسمان برد، ئەجار دەستی وە سەرەئێسکێکی تیژ کەوت کە دەتگوت نووکی چەقۆیە لە ڕانی عوسمانەوە هاتۆتە دەرێ. بە پارێزەوە دەستی لەسەر برینەکەی عوسمان دانا و گوتی: ئەوەتا دۆزیمەوە خەمت نەبێ ئێستا بۆت دەبەستم. پاشان هێندە بەتوندی برینەکەی بەست، کە عوسمان مچڕووکێکی بە لەشیدا هات دونیای لەبەرچاوان تاریک بوو. هەر خێرا دەستی ڕەحمانی گرت گوتی کورە زۆر ژان دەکا تۆزێک سەبر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمان کە نیوەی زمانی لە زاری دەرهێنابوو وەبەر ددانەکانی دابوو خەریکی بەستنی برینکەی عوسمان بوو، بۆ ساتێک زمانی خستەوە نێو زاری و هەناسەیەکی هەڵکێشا و کوتی: قەیناکا عوسمان گیان تاقەت بێنە با خوێنڕێژی نەکا. سەری بۆ لای ئەنوەر کە لە تەنیشتی ڕاوستابوو وەرسووڕاند و گوتی: دادەی ئەنوەر گیان بزانە دووکەس بانگ ناکەی بێن بۆ هاوکاریمان.

ئەنوەر پێشمەرگەیەکی لەبەردڵان و بەدەستەوە بوو، هەموویان خۆشیان دەویست. دەستوپەنچەیەکی ڕەنگینی هەبوو لە چاککردنی سەری پێشمەرگەکاندا وەبەر نەدەکەوت، ئەویش هەموو کات بە دڵێکی ئاوەڵاوە قژی بۆ هاوڕێکانی کورت دەکردەوە قەت گنجێکت لە نێوچاوانیدا نەدەدی، بەڵام ئەنوەر پێشمەرگەیەکی تازە بوو، وەک ڕەحمان و عوسمان نەکەوتبووە شەڕەوە بۆیە نەیدەزانی دەبێ چی بکا. ئارپیجیییەکەی هەر لە شانی دابوو گوللە ئارپیجییەکیشی بەدەستەوە بوو. کەمێک دوور کەوتەوە و چاوێکی گێڕا و گەڕاوە بۆ لایان و گوتی: رەحمان کەس نەماوە هەموویان ڕۆیشتوون.

رەحمان کە سەرقاڵی پێچانی برینەکەی عوسمان بوو، بە بیستنی ئەو هەواڵە خێرا سەری بەرز کردەوە، ڕووی لە ئەنوەر کرد و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرسووڕمانەوە گوتی: چی؟! ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ ئەی چۆن عوسمانیان ئاوا بەجێهێشتووە؟!

ڕەحمان و ئەنوەر خۆیان دایە ژێر باڵی عوسمان لە جۆگەکەیان دەرکێشا دەری. عوسمان ئازارێکی زۆری پێگەیشت گوتی: دامنێن، دامنێن، ناتوانم ئاوا زۆر دێشی. لەسەر پشت درێژیان کرد، ڕەحمان سەیرێکی دەورووپشتی خۆی کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: جا وەرە تۆبی ئەو خودایە ئەوە کارە، ئەو کوڕەیان ئاوا بەجێهێشتووە؟ باشە ئێستا ئێمە چیی لێ بکەین!؟

عوسمان گوتی: تازە ئێوەش بەجێماون ڕەنگە ئێستا دوژمن بێتەوە، با ئێوە هیچتان لێ نەیە من بەجێبێڵن و برۆن.

ڕەحمان کە هەر سەیری تەپۆڵکەکانی دەوروبەری دەکرد بیری لەوە دەکردوە، تۆ بڵێی پێشمەرگەکان بەرەو کام لا چووبن؟ بە بیستینی وشەی بەجێمبێڵن، خێرا ڕووی لە عوسمان کرد و گوتی چی؟! بەجێت بێڵین؟ بۆ من و ئەنوەر مردووین؟ دا ئەنوەر بن باڵی بگرە با جارێ رایکێشینە ئەو نێو گەنمە، بەڵام هەر خێرا لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بۆوە گوتی نا نا وا نابێ بە کۆڵی دادەدەم.

عوسمان لە سەر پشت راکشابوو، ڕەحمان چەکەکەی ئەویشی لە شان کرد و بە هاوکاریی ئەنوەر، عوسمانی لە کۆڵ کرد. عوسمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندەی ئازار پێگەیشت چاوی ڕیشکەوپێشکەی کرد و لەهۆش چوو، بەڵام ڕەحمان تا نێو گەنمەکە داینەنا.

ڕەحمان سەیرێکی برینەکەی عوسمانی کرد و تۆزێکی تری جامانەکەی کە برینەکەی پێ بەستبوو توند کردەوە، عوسمان لەو کاتە دا لە بەر ئازاری زۆری لاقی هاتەوە هۆش و پرسی: چی رووی داوە پێشمەرگەکان گەڕاونەوە؟ ڕەحمان چەکەکەی عوسمانی کە لە شانی خۆی کردبوو، لە شانی کردەوە گوتی: ها عوسمان گیان چەکەکەت بگرە و وریا بە ئێستا دەڕوین ولاغێک لەو مەزرایانە دێنین و دێینەوە.

عوسمان گوتی: ڕەحمان گیان بەو شەوە ولاغ لە کوێ دەست دەکەوی؟! بڕۆن بگەڕێن بزانن پێشمەرگەکان بدۆزنەوە و ئێسترکەی خۆمان بێنن.

ڕەحمان دەستی لە نێو دەستی عوسمان خست و توند کوشی و گوتی: غەمت نەبێ دەنگت لێوە نەیە، ئێستا دێینەوە.

رووی لە ئەنوەر کرد و گوتی: ئەنوەر گیان ئێمە با بڕۆین. ئەنوەر چاوی لە عوسمان کرد کە دەبێ بە برینداری لەو نێو گەنمە بەجێی بێڵن، چاوی پڕ بوو لە ئاو بە دەستی چاوەکانی تۆزێک هەڵگلۆفی و وشکی کردنەوە و بە خشەخش نێو گەنمەکەیان بەرەو ڕۆژاوا بەجێهیشت.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک عەولا شێنانی فەرماندەرێکی ڕەشتاڵەی خوێنشیرین بوو کە پاش شەهید بوونی وەستا ئەحمەد لە شوێنی ئەویان دانابوو. زۆر دڵی بە کارەکەی خۆش بوو، یەکە یەکەی پێشمەرگەکانی باش دەناسی، وەک کوڕی خۆی سەیری دەکردن. پێشمەرگەکانیش ڕێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو، لە پێناو ڕیبازەکەیدا ئەوەی نەیدەزانی ماندوو بوون بوو. سەعدوونی برای کاک عەولاش چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید ببوو. کەمتر سەری ڕووت دەکرد، جامەدانەیەکی لارەولار لە سەر دەنا و تفەنگەکەی وا لە شان دەکرد کە لوولەکەی ڕووی لە ئاسمان بێ و کیسەخەوەکەی بە لوولەکەی دا دەکرد، بەڵام ئەو شەوە کیسەخەوەکەی بە دەستەوە بوو. بە هەناسەبڕکێ لە دوومڵانەکەی ئاوایی هەرمێلەوە کە دەچێ بۆ ئاواییەکانی کۆندەڵان و تاهیربۆغە سەر کەوت. ئەو جار کیسەخەوەکەی وەک جاران بە لوولەی تفەنگەکەیەوە هەڵواسی و بە دووربینەکەی سەیری نێو پۆلە دارێکی کرد و بە بێسیم بەوانی دیکەی گوت: وەرن شوێنێکم دیتۆتەوە بۆ مانەوە.

کاتێک هەموو پێشمەرگەکان گەیشتنە لای خاڵە عەولا، سێ چوار کەسی لە پێشدا نارد تا نێو دارەکان بپشکنن. چوار کەس لە پێشدا چوونە نێو دارەکان کاتێک لە ئاسایشی نێو دارەکان دڵنیا بوون بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێسیم بانگی ئەوانەی دیکەشیان کرد و هەموویان وێکڕا چوون بۆ نێو دارەکان.

هەر پۆلە پێشمەرگەو لە ژێر پۆلەدارێک رەخت و فیشەکدانەکانیان لە خۆیان کردەوە وەک عادەتی شەوانی پێشوو بەتەما بوون نان و پەنیرێک بخۆن ئینجا بخەون چونکە ئێدی تا لای نیوەڕۆ ئەگەر هیچ نەقەوماباا لە خەو هەڵنەدەستان.

مەمیل فەرماندەی دەستەیەک بوو، عوسمانیش کە بە برینداری بەجێ مابوو جێگری مەمیل بوو. مەمیل چووە سەر کانیەکەی بن دارەکان تا مەتارە ئاوەکەی پڕ کا لە ئاو. سەیری کرد ئەستێرەئاوەکەیان گرتۆتەوە بۆ ئەوەی تا بەیانی پڕ بێ لە ئاو. مەتارەکەی پڕ کرد و گەڕاوە ئەو شوێنەی کیسەخەوکەی لێ بڵاو کردبۆوە. نانێک و تۆزێک پەنیری لە کۆڵەپشتیەکەی دەرهێنا و بابۆڵەیەکی پێچاوە.

بەشێک لە پێشمەرگەکان عادەتیان بوو بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون هەر دەستبەجێ خۆیان نەکەنەوە و تاقم و فیشەکدانەکانیان هەر بە قەدەوە بوو راوستابوون تا تۆزێک ئارەقەی لەشیان سارد بێتەوە جا بخەون. هێندێکیشیان دوو دوو و سێ سێ پێکەوە خەریکی نان خواردن بوون و قسەیان دەکرد.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەمیل گوتی: کوڕەکان تۆزێک لەسەرەخۆ قسە بکەن پاشان گوتی: عوسمان ئێستا سەیرم کرد ئەستێرە ئاوەکەیان گرتۆتەوە ئەوە بەو مانایەیە بەیانی کەسێک دێ تا ئەو ئاوی نێو ئەستێرەئاوەکە بەردا. بۆیە بە نیگاهبانەکان بڵێ با خۆیان وەدەر نەخەن تا کەس نەمانبینێ، کە نانیشتان خوارد نیگاهبان بنێرە سووچی دارەکانی سەرەووی خۆمان چونکە دەستەکانی دیکەش لە خوار دارەکانەوە نیگابان دادەنێن. پارووییەکی لە بابوڵەکە بادا چاوەڕێ بوو وەک شەوانی پێشوو عوسمان بڵێ زۆر باشە مەمیل گیان خەمت نەبێ، کەچی لە لای کەسەوە وڵامێک نەبیسترا.

مەمیل گوتی: با نیگاهبانی بەیانی دووربینەکە لە لای خۆی دانێ. کە رووناکی کردەوە، سەیری ئەو شاخانەی دەورووپشتی خۆمان بکا. کەچی دیسان کەس وەڵامی نەداوە.

مەمیل گوتی: عوسمان ئەوە لە کوێی؟ ئەو جارەشیان پرسیارەکەی هەر بێ وەڵام مایەوە. پاروە پەنیرەکەی قووت دا، مەتارە ئاوەکەی بەسەرێوە نا قومێکی لێدا هەر لەخۆڕا هەستی بە شتێکی نامۆ کرد گوتی: عوسمان! ئەرێ کەس عوسمانی دیوە؟

دووکەوچک گوتی: ئەرێ عوسمان بۆ وەڵام نادیەوە مەمیل لەگەڵ تۆیەتی!؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەمیل پرسیاری کرد، ئەرێ ڕەحمان! عوسمان چووەتە کوێ؟ ڕەحمانیش وەڵامی نەداوە.

مەمیل بە سەرسووڕمانە گوتی: ئای ئای، ئەرێ ئەو بەشەرانە لە کوێن. باشە کێ لەگەڵ ڕەحمان و عوسمان نان و چایەکی تێکەڵاوە و هاوخەرجن؟ دەنگێک گوتی ئەنوەر.

ئەوجار مەمیل بۆ ئەنوەریش گەڕا هەر لەوێ نەبوو. فکری بۆ ساز بوو نانەکەی وەگیانی نەکەوت. بابۆڵەکەی هەروا لە نێو کۆڵەپشتییەکەی خستەوە پرسیاری لە پێشمەرگەکان کرد کە لە کەنگێوە نەتاندیون؟ پاشان بە پرسیار کردن بۆی دەرکەوت کە لە پاش بۆسەکەوە کەس نەیدیون، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێنج سەعاتێک لە شوێنی بۆسەکەوە دوور کەوتبوونەوە.

مەمیل ساڵانێکی دووروردرێژ بوو پێشمەرگە بوو بەژن و باڵایەکی بەخۆوە و دەست و مەچەکێکی ئەستوور و سمێڵێکی گەورەی پێوە بوو. ریشێکی زەردی دەهێشتەوە برۆکانی چی وا لە سمێڵەکانی چووکەتر نەبوون، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و خاکی و بەدەستەوە و جێگای باوەڕی هەموویان و خۆشەویست، چاونەترس، بەغیرت و شەڕکەرێکی لێهاتوو بوو. گوتی: خاڵە عەولا، کاک لوقمان، سێ پێشمەرگەمان دیار نین!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک عەولا لە خوار دەستەکەی مەمیلەوە کیسەخەوەکەی بلاو کردبۆوە خەریک بوو خۆی بخزێنێتە نێو کیسەخەوکەیەوە، زۆر بە سەرسوورمانەوە گوتی: چی! ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ یانی لە رێگا خەویان لێکەوتووە؟ دادەی دووکەس تا سەر ئەو زیندوی کە لەوێرا هاتینە خوارێ بنێرە بزانە لەوێ بەجێ نەماون و خەویان لێ نەکەوتوە.

مەمیل گوتی: دادەی کوڕەکان کێ خۆی نەکردۆتەوە تا ئەو باسکەی لەوێڕا هاتینە خوار بچن بزانن لەوێ خەویان لێ نەکەوتووە.

دووکەس کە تا ئەوکاتە خۆیان نەکردبۆوە هەستان و چوونەوە بۆ دووملانەکە، پاش ماوەیەک هاتنەوە گوتیان کەسمان نەدی.

بەشێک لە پێشمەرگەکان چووبوونە نێو کیسەخەوکانیانەوە بەتەمابوون چاو لەسەریەک دانێن بە بیستنی بێ سەروشوێن بوونی سێ هاوڕێیان هەموویان لە جێگای خۆیان قوت بوونەوە. هەر کەس شتێکی بە مێشکیدا دەهات، یەک دەیگوت ڕەنگە هەڵبڕابن. یەک دەیگوت ڕەنگە شەهید بووبن...

کاک عەولا سەرەڕای شەکەتیی ڕێپێوانی شەوێ، لە تاوی ئەو سێ پێشمەرگەیە چاوی نەچووە خەو بە پێشمەرگەکانی گوت کە ئێوە بخەون و پشوویەک بدەن نەکوو بەیانی دوژمن هێرشمان بکاتە سەر با تۆزێک بحەسێنەوە. بۆخۆشی کیسەخەوکەی لە خۆی هالاند تا هەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـیـرەی نەدا، چـاوی لە سـەر یەک دانەنـا. بەیـانی زوو دەسـتی دایە دووربینەکەی، لە نێو دارەکان چووە دەرێ سـەیری شـاخەکانی پشـت سـەری خۆیـانی کـرد. کە زانـی دوژمـن هێرشـی نەکـردووتە سـەریان هـاتەوە بـۆ نێو دارەکـان. بـۆ لای نیوەڕۆ زێڕەی نـارد تـا بچێ بزانێ هەواڵێکی عوسمان و ئەنوەر و رەحمان وەدەست ناخا.

زێـڕە کـادرێکی هەڵسـووڕی ئەو ناوچـانە بـوو. سـالانی پێشـوو لە ناوچەی سەقز کاری تەشکیلاتیی کردبوو، بۆیە خەڵکی دەناسی و ئەو گوندانەی دەوروبەر شارەزا بوو. مرۆڤێکی بەورە و سـەروزمان خۆش بوو، لە هەرە پێشـمەرگە کۆنەکانی نـاوچەی بۆکان بـوو، هەر کارێکیان پێدەسپارد، بێ سێ و دوو لێکردن دەیگوت: بەڵێ کاکە گیان!

کـاک عـەولا چـوو بـۆ لای و گـوتی زێـڕە تـۆ لێـرە خـەڵکی بـاش دەناسی چ بکەین بۆ هەواڵێکی ئەو کوڕانە؟

زێڕە جلوبەرگێکی شڕی لەبەر کرد پاتۆڵێکی رەش و ئاتەگی کراسێکی سپی خەتی بەسەردا بەردایەوە، دۆخینی پاتۆڵەکەی لە پاتۆڵەکەی دەرهێنا و دارێک بەدەستەوە خۆی وەک شوانان لێکرد، کە بزنی لـێ ون بووە و بە شوێنیدا دەگەڕێ. دەستی دایە دووربینێک و دەمانچەیەکی لە ژێر کراسەکەی لە دوخێنی پاتۆڵەکەی بەست و لە قەدی شـاخی هەڵبوو و بـەرەو بەردەڕەشـەکانی سـەر شـاخ وەڕێکـەوت. بـۆ پشـوو دان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رانەوەستا تا گەیشتە سەر شاخی. کە رووکاری ئاوایی هەرمێلەی لێوەدەرکەوت، لە بن بەردێک دانیشت گەرما بێ تاقەتی کردبوو، زۆر بەوردی بە دووربین سەیری هەر چوار دەوری خۆی کرد. ئەوەی ئەو دەیدیتن خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکە بوون، کە بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک لە بەر ئەو سوورە تاوە خەریکی دروێنە و گێرە و خەلەوخەرمان بوون. لە شوێنی بۆسەکەی شەویش ڕا دەنگی چەکی قورس و دۆشکە دەگەیشتە لای. دیار بوو دوژمن هێزێکی زۆری ناردۆتە پشت ئاوایی ئەو شوێنەی زێڕە و هاوڕێیانی لەوێ لە بۆسە کەوتبوون و شاخەکانی دەوروبەری ئەوێی تۆپباران دەکرد. لێنزی دووربینەکەی زووم کردە سەر مۆڵگەی ئاوایی هەرمێلە تا بزانێ هێزی زیاتریان بۆ نەهاتووە، کاتێک دڵنیا بوو ناوچەکەی لای وان ئارامە بە ماتە مات و خۆ کووڕکردنەوە لە شاخیڕا هاتە خوارێ چوو بۆ ئەو مووچانەی کە دەیناسین. تووشی منداڵەکانیان بوو لێی ترسان و هەڵاتن بۆ لای پاڵەکان، زێڕەش یەکسەر چوو بۆ کەپرەکە، خاوەن مەزراکە هات بۆ کەپرەکە و زێڕەی ناسیەوە تۆزێک ترسا و بەچاوێکی سەیرەوە چاوی لێ کرد و کوتی جا ئەوە پێی دەڵێن ئازایەتی تۆ ئاوا لەم نێوە دێیت و دەچی؟ زێڕەی ماچ کرد و دانیشتن. زێڕە بەسەرهاتەکەی بۆگێڕایەوە کە سێ پێشمەرگەمان بێ سەروشوێن بوون و داوای هاوکاریی لێ کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاوەن مەزراکە کوتی: خەمت نەبێ هەر ئێستا بە تەراکتۆر دەچم بۆلای بۆکان بزانم چ باسە پاشان زێڕە گەڕاوە لای پێشمەرگەکانی دیکە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێواری پێش زەردەپەڕ بێرییەکانی ئاوایی  هەموویان هاتبوونە نێو ڕان بۆ مەڕدۆشین، لەگەڵ خۆشیان نان و پێخۆر و کولێرەچەورە و تۆزێک قەند و چای وشکیشیان بۆ هێنابوو. لە دوای دۆشینی بزن و مەڕەکان و گەڕانەوەی بێریەکان بۆ ئاوایی، مێگەلە مەڕەکەی تێهەڵکردەوە بۆ شاخی و پاش لەوەڕاندنێکی باشی مێگەلەکە، شەودرەنگانێک لە حەوشەمەڕێک دا مێگەلەکەی خست بۆ پشوو دان. کەترییەکەی لە تێڕەکەی درهێنا و چایەکی وەسەر نا و نان و چایەکی خوارد و پشوویەکی هاتەوە بەر. تاوێک لەبەر مانگەشەوی هاوینێ شمشاڵی لێدا و ئەوجار کەلوپەلەکانی لە تێڕەکەی خستەوە جێگایەکی تۆزێک ڕاست و پاستە کرد بۆ خەوتن.

مانگ هێور و لەسەرخۆ بە نێو پەڵە هەورە سپییەکاندا خۆی لە سووچی ئاسمان نیزیک دەکردوە. کاتێک مانگ بۆ حەشاردانی خۆی پەنای بردە بەر چیای وەستا مستەفا، شەو پەردەیەکی ڕەشتری بە سەر ناوچەکە دا کێشا. ئەوجار ئەستێرەکان ڕوحێکیان وەبەرهاتەوە وەک کارگی بەهارێ هەر یەکەی لە لایەکەوە هەڵتۆقین و لە ئاسمان دا دەستیان کرد بە تروووسکە تروسک.

کزە بایەکی فێنک هەڵیکرد و وەک ئەوەی بۆ ژوانی پۆلوەکان هاتبێ بە نازەوە سینگی لە پۆلوەکان دەخشاند تا گیانیان وە بەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێنێـــتەوە .دیهەویســـت بە رامووســـانیان گەرمـــایی بخـــاتەوە لەشـــی سارەدەوە بۆیان. وردە وردە خۆڵەمێشـی کوچکاورەکەی دەلێستەوە و جارێکی دیکەش تینی وەبەر پۆلوە لە گیانەڵڵاکانی نێو کەلێنە بەردەکانی کوچکاورەکە دەخستەوە. شوانەکە لە تەنیشت ئاورەکە لە نێو کەپەنکێکی شڕدا بۆی خەوتبوو. سەرەمەرێکی  هەبوو کە هەموو کات لە پێشـەوی مـێگەلەکە دا دەڕۆیشـت ئەوانـی دیـکەش سـەریان بەردەداوە وەشـوێنی دەکەوتن، تۆزێکی ورکەنان لە بەر دەم مەڕەکە دانابوو تا ورکە نانەکە بخـوا و بـخەوێ. هاوکـات بەنێکـی لە قـۆڵی خـۆی خسـتبوو سـەرێکی دیکەشـی لە دەسـتی ئەو مەڕە کردبـوو و دەزبینـی کردبـوو بـۆ ئەوەی ئەگەر رۆیشت و مێگەلەکەی وەشوێن خۆی دا لە خەوێ هەستێ.

هەر لە چەند هەنگاویی خۆشیەوە کەندرێکی لە لاقی گوێدرێژەکەی کردبوو، بە گوێنییەکی پتەوەوە بەستبوویەوە. لە خوار گوێدرێژەکەیەوە سەگەکەی خۆی وێکهێنابۆوە، سەری نابووە نێوان دەست و لاقەکانی و زۆر لەسەر هەست نوستبوو.

رەحمـان و ئەنـوەر بـێ ئەوەی هەسـتیان بـەوە کردبـێ، کە مـێگەلە مەڕێـک لە نیزیـک ئەوان خەوتـووە بە قەراغـی ئەو حەوشـە مەڕە دا تێدەپەڕێن، کە سەگی شوانەکە هەستی بە بوونیان کرد و دەستی کرد بە وەڕین. بە حەپەحەپـی سـەگەکە رەحمـان گـوتی: ئەنـوەر ئەو سـەگە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویدەچی سەگی شوان بێ، با بڕۆین بۆ لای بزانین گویدریژی پێ نیە تا لێی وەرگرین و بچین عوسمان لەو شوێنە مەترسیدارە دوور خەینەوە.

بە وەڕینی سەیەکە شوانەکە لە خەو هەستا، دەیزانی سەیەکەی کاتێک هەست بە مەترسی لەسەر مێگەلەکە دەکا ئاوا بە توندی دەوەڕێ. هەر بۆیە خێرا چراقەوەکەی، کە شەش باتری گەورەی جێگا دەبۆوە لە تێرەکەی پشت سەری دەرهێنا و زۆر بەپەلە چراقەوەکەی بە هەر چواردەوری خۆیدا گێڕا، بەڵام چونکە ڕەحمان و ئەنوەر خێرا خۆیان بە زەوی دا دابوو، هیچ شتێکی نامۆ نەکەوتە نێو بازنەی شۆقی چراقەوکەیەوە.

ڕەحمان و ئەنوەر لە شوێنی خۆیان هەستان بۆ لای شوانەکە چوون. ئەوجار سەیەکە مرە مرێکی وردی کرد و پاشان حەپەحەپەکەی توندتر کرد و هێرشی بۆ بردن. ڕەحمان هەرای کرد هۆی کاکی شوان ئەو بەژدارەمان لێ دوور خەوە خۆمانین.

شوانە پێیوابوو چەتەن و هاتوون مێگەلە مەڕەکەی بەرن ئەو جار چراقەوەکەی لە نێوچاوی ڕەحمان گرت، بۆ یەک سات بەرچاوی ڕەحمان تەواو تاریک بوو. بۆیە لە شوانەکە توورە بوو هاواری کرد: کوڕە ناڵێم خۆمانین ئەو چرایە بکووژێنەوە دەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوانە کە سەیری کرد چەکدارن ترسا و چراکەی کووژاندەوە و رووی لە سەیەکەی کرد و گوتی: ئای وەکەوە!

رەحمان و ئەنوەر هاتنە لای سڵاویان لێکرد و خۆیان ناساند.

هێندە شەکەت بوون لە پێشدا داوای ئاویان لێ کرد، شوانە چوار لیترێکی نایلۆن، کە تەلیسێکی بەنی بە سووژن بە دەوریدا دوریبوو تا ئاوکەی فێنک بکا، لە تێڕەکەی دەرهێنا و لە لیوانە نایلونەکانی دەگەڕا کە رەحمان گوتی: پێوست ناکا بۆ خۆمان پەرداخمان پێیە لە کاتێکدا شوانە هەر سەیری دەستی رەحمانی دەکرد رەحمان دەستی لە گیرفانی پەستەکەکەی نا و پاکەتە ساندیسێکی سێوی بەتاڵی کە چوار قەد کرابوو دەرهێنا و زۆر بەپەلە دوو لیوانی ئاو خواردەوە ئەوجار دایە دەست ئەنوەر. لە پاش ئەوەی ئاویان خواردوە، شوانەکە گوتی: دوو سێ کاتژمێر بەر لە ئێستا لە پشت ماڵانی ئاوایی باغلووچە تەقەیەکی توند بوو، لەسەر شاخی را سەیرم دەکرد تەقەکە لە دوو لاوە بوو، خۆ ئێوە نەبوون؟! رەحمان هەر زۆر پێش ئەوەی ئەنوەر وەڵام داتەوە گوتی: ناوەڵا ئێمە لە لای شاخی وەستا مستەفا را هاتووینە خواریّ و گوێشمان لە تەقە نەبووە. ئەنوەر کە گوێی دابووە قسەکانیان کەیفی پێکرد لە دڵی خۆیدا ئافەرینی نارد بۆ رەحمان کە راستییەکانی جاریّ بۆ باس ناکا. ئاخر ئەوە بەشکم ئێمە عوسمانمان بۆ نەهات و ئەو شوانەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسێکی باش نەبێ بچێ جێگای عوسمان بە دوژمن بڵێ! پاشان ڕەحمان گوتی: مامە شوانە گیان ئێمە پێویستمان بەو گوێدرێژەی تۆیە. شوانە کە چاوەڕێی داوایەکی ئاوا لەناکاو نەبوو، گوتی: گوێدرێژ! من پاش ماوەیەکی دیکە مێگەلەکە لە شاخی هەڵدەکەمەوە ئەی ئەو تێرە چۆن هەڵگرم؟ هەرچۆنێک بێ شوانەیان ڕازی کرد، کە بۆ ماوەیەکی کورت گوێدرێژەکەی لێوەرگرن و بچن چەند سندووق تەقەمەنیی پێڕادەگوێزن پێش ئەوەی مێگەلەکەشی ڕادا بۆشاخی بۆی بێننەوە. ئەوە لە کاتێک دا بوو شەو لە گیانەلادا بوو، ئەستێرەکان یەکە یەکە لە بەر چاوان ون دەبوون و ئاسۆ ڕوون و ڕوونتر دەبوو.

ڕەحمان بۆ دڵنیاکردنەوەی شوانەکە دەستێکی لە سەر شانی شوانە دا و گوتی: زۆرمان پێ ناچێ دەستبەجێ بۆت دێنینەوە، هەر خێرا ڕووی لە ئەنوەر کرد گوتی: دەی خاڵە گیان با درەنگ نەبێ!

هەستان چوونە لای گوێدرێژەکە و خەریکی کردنەوەی کەندرەکەی بوون کە بە گوینێکی پتەووە بەسترابۆوە. تێیدا شەلوکوت بوون، گرێی کەندەرکەیان هەر بۆ نەکراوە. ڕەحمان دەستی برد سەرنێزەکەی دەرهێنا و کەندرەکەی هەڵبڕی و دەنگی گوێدرێژەکەیدا کە بڕوا، کەچی گوێدرێژکە مانی گرتبوو جووڵەی نەدەکرد و نەدەڕۆیشت.

ڕەحمان هەر چاوی لە لای شوێنەکەی عوسمان بوو و دوو سێ جار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتی: هەچە هەچە دە بڕۆ دەی!! کە سەیری کرد شۆقی چرای ماشێنکی زۆر هاتنە شوێنەکەی عوسمان. ئیدی ئەوە بەو مانایە بوو، کە تازە دەستیان بە عوسمان راناگاتەوە. لە دەروونی خۆی دا زۆر نیگەران بوو، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنا و رووی لە شوانە کرد گوتی: ماڵت ئاوەدان بێ وا دیارە مانی گرتووە و ناڕوا. تازە خەریکە رۆژمان لێدەبێتەوە رۆژێکی دیکە دەچین تەقەمەنیکەمان رادەگوێزین تا رۆژمان لێنەبۆتەوە وا چاکە ئێمە بەجێت بێڵین. دوو کوللێرە چەورەیان لە شوانە وەرگرت و ماڵاواییان لێ کرد. چەند میترێک دوور کەوتنەوە سەگی شوانە بە وەڕەوەڕ وەشوێنیان کەوت. شوانە سەیەکەی بێدەنگ کرد و ئەوانیش سەد میرتێک لە شوانەکە دوور کەوتنەوە. ڕەحمان کە لە پێشەوە دەڕۆیشت راوەستا و لەو بەرزایەوە سەیری شوێنەکەی عوسمانیان دەکرد گوتی: تۆ سەیری ئەو هەموو ماشێنە کە! جا تۆبی ئەو خودایە ئەوە کار بوو ئێمە کردمان؟ دە وەڵاهی قەت خۆم نابەخشم سەد بریا عوسمانمان بەجێ نەهێشتبا، دەبوایە هەر بە شوێن خۆماندا رامان کێشابایە، لانی کەم لەو شوێنە زۆرتر دوورمان خستبایەوە.

ئەنوەر گوتی: راستە دەکەی، بەڵام نەدەکرا تۆ ئاگات لێنەبوو چەندەی ئازار هەبوو نەماندەوێرا بیجووڵێنینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمان سەرێکی بۆ هەڵسووڕاند گوتی: کوڕە چش لەوەی هەموو گیانی دەڕووشا و بریندار دەبوو، جا چا نەبوو نەدەکەوتە دەستی ئەو خۆفرۆشانە. چاوی پڕ بوو لە ئاو. بوغز گەرووی گرتبوو، بەڵام نەیدەویست ئەنوەر هەستی پێ بکا لە شوێن خۆی دانیشت. چەکەکەی بە هەموو کەیفی خۆی بە زەوی داکوتا و گوتی: تازە دۆزیانەوە ها سەیر کە ئەو هەموو هێزە چوونەتە شوێنەکەی. دوژمن بێ و پێشمەرگەی بە برینداری بکەوێتە دەستی ئەویش لە شەڕێکدا بۆ خۆی ئەو هەمووەی لێ کوژرابێ، هەر مەگەر خودا بزانێ ئێستا ئەو زاڵمانە چیی لێدەکەن. ئەوجار لەنەکاو لە جێی خۆی هەستا سەر پێ، چەکەکەی دەست دایەوە رووی لە ئەنوەر کرد و گوتی: با بڕۆین خۆمان حەشار دەین تا ڕۆژ نەبۆتەوە. هەر دووکیان وەک بای شەماڵ لە زینەوی خوار حەوشە مەڕەکە ئاودیو بوون.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمان بە ئازارێکی زۆرەوە لەسەر پشت لە نێو گەنمەکە درێژ ببوو. سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانی دەکرد. دەیان خەیاڵ بە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون، ئەستێرەیەک لە ئاسمان دا راخوشی. وەبیری کاتی منداڵیی خۆی کەوتەوە، کە لە کۆڵانەکانی نێو ئاوایییەکەیان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا یاریی خۆشاروٚکێنیان دەکرد، ئەگەر ئەستێرەیەک رادەخوشی هەموویان سەریان بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان ئاماژەیان بۆ دەکرد. عوسمان و هاوالەکانی پێیان وا بوو چەندە مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە بە قەدەر مرۆڤەکانیش ئەستێرە بە ئاسمانەوەیە. بۆیە هەر کات ئەستێرەیەک رادەخوشی و بەردەبۆوە دەیانگوت: ئەوە کەسێک دەمرێ. بیری دەکردەوە تۆ بلێی ئەوە ئەستێرەی عومری من بێ، کە پاش ئەو هەمووە چەرمەسەرییە لە ژیان دا ئێستا راخوشیوەتە نێو ئەو گەنمەوە و کۆتایی وێزگەی ژیانی من ئێرە بێ؟ بەڵام هەر بۆ خۆی دڵخۆشیی خۆی دەداوە، کە کوڕە خۆ تۆ قەت هێندە بێ هیوا نەبووی، ئێستا رەحمان و ئەنوەر دەگەڕێنەوە لەگەڵ خۆیان دەتبەن.

هەوا بەرەو ڕووناکایی رۆیشت و ئەویش هەر خەیاڵی رابردوو لە نێو مێشکیدا لە هاتووچۆ دابوون، کە دەنگە دەنگێک پەیدا بوو. هەناسەی لە سینگیدا راگرت. گوێی هەڵخەست بزانێ ئەوە کێن دێن بۆ لای. بیستی هێزەکانی دوژمنن، کە شەوێ لەبەر تاریکی و لە ترسی پێشمەرگە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیانویرابوو، ئێستا کە دەزانن رووناکی کردووە و پێشمەرگە دوور کەوتوونەتەوە هاتوون بۆ بردنەوەی کوژراو و بریندارەکانیان. بە کوردی، تورکی، فارسی قسەیان دەکرد. یەک دەیگوت: لاچن هەرچی وەدەستم کەوێ هی خۆمە، ئەوی دیکە پێی دەگوت: هەی ترحێو ئەدی بۆ شەوێ هەر نەتویرا فیشەکێکش بتەقێنی و هەلاتی؟ دەزانی ئێستا لە حەوت کێوان ئاوا بوون بۆیە وا زمانت درێژە؟ گوتی: کورە دە تۆش لەو قسانە گەڕێ پێت وایە ئەوە هەر من بووم؟ دە وڵلاهی ئەگەر سەیرم کرد بۆ خۆت لە پێش هەموویانەوە هەڵدەهاتی، تۆ لەوە گەڕێ جارێ ها سەیر کە، ئەو هەموو خوێنە لێرە رژاوە. ئەرێ وەلا ئەوەتا قەتاری بەتاڵی فیشەکیشی لێیە. ئەوە ئەو تیربارە بوو شەوێ ئاوری لەسەر پشتمان کردبۆوە. ئای ئەگەر خاوەنەکەیم وەدەست دەکەوێ هەر بە زیندوویی ئەنجن ئەنجنی دەکەم و دوایە دەچم وەک دەستخۆشانە ماڵ و ماشێنێکیشی پێوەردەگرم. ئەوەی دیکەیان گوتی: حەیفە وا بیکوژی! ئەوە خودا دایناوە هەموو رۆژێ بیبەی بۆ ڕاو، بەراستی هەنگێوەی چاک بوو. دە وەلاهی رۆژێ سەد کەوت بۆ دەکوژێ. ئەو جار رووی لەوی دیکە کرد و لەسەری رۆیشت: بەڕاستی دەزانی تۆ زۆر خۆشی. بە شەو لە ترسی پێشمەرگە بە کەرێکیش رازی، کە رۆژیش بووە ماڵ و ماشێنیشت دەوێ! گوتی لەوە گەڕێ با ئەوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکە نەزانن بەشکم شتێکمان دەست کەوێ، وەرە با بزانین ئەو خوێنە بۆ کوێ چووە.

عوسمان کە لە نێو جۆگەکەدا بریندار ببوو، پاشان ڕەحمان توند برینکەی بۆ پێچابوو و لە گەڵ ئەنۆر هێنابوویانە نێو چیمەنەکە، ئیدی خوێن تا سەر چیمەنەکە دیار بوو چیمەنەکەش هێندە پێخووس کرابوو و شێلدرابوو، هەمووی ببووە قوڕ و لیتە و شوێنی خوێن لەوێڕا نەمابوو، بەڵام جێ پێی ئێستری پێشمەرگەکانیش بەڕوونی دیار بوو، کە لە چیمەنەکە ڕۆچووبوو. گوتی: خۆت ماندوو مەکە ئەوەتا جێ پێی وڵاغەکانیان! دیارە کوژراو و برینداەکانیان بە وڵاغ بردووە بەو نێو گەنمەشدا تێپەڕیون. ئەو جار هەر دووکیان سەیری نێو گەنمەکەیان کرد و پاشان گەڕانەوە بۆ لای ئەوانی دیکە، کە هەر دە پازدە شەقاوێک لە گەنمەکە دوور بوون.

بە دوورکەوتنەوەی ئەو دوو کوردە بەکرێگیراوە لە قەراغ گەنمەکە، عوسمان پشوویەکی هاتەوە بەر وهەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەوجار بیری ئەوەی کردەوە، کە پێش ئەوەی کەسێکی دیکە بێ با خۆی ئامادە کا بۆ تەقەکردن. ویستی بزانێ کە چەکەکەی هەروا سوارە؟ لوولەی چەکەکەی لە نێو زاری خست وتوند فووی تێکرد. کە زانیی هەوا لە لولەکەیەوە دەر ناچێ دڵنیا بوو، کە فیشەکی لەبەردایە و لەسەرڕپییە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژ لە بەرزاییترین لوتکەی کێوی ناوچەکەوە سەری وەدەر نا و تیشکی زێڕینی هاویشتە دەشتە بەپیت و بەرکەتەکانی ناوچەی موکریان. خەڵک لە ماڵەکانیان هاتنە دەرێ و بۆ کاری تاقەتبڕی وەرزێڕی روویان لە مووچە و مەزراکانیان کرد. دادە فریشتە و کاک عەتاش پریسکەیەک نانیان پێچاوە و کیتەڵەیەک ماستی مانگایان دەست دایە و بەرەو مەرزاکەیان وەڕێ کەوتن. لە رێگای نێوان ئاوایی و مەزراکەیان دەیان ماشێنی هێزەکانی رێژیمیان دی کە بە خێرایی زۆر لە هاتووچۆ دابوون. دووان لەو ماشێنانە بە توندی بە لایان دا تێدەپەڕین و دادە فریشتە و کاک عەتایان لە نێو تۆز دا ون کرد. کە ماشێنەکان تێپەڕین سەیرێکی یەکتریان کرد و بێ ئەوەی قسەیەک بکەن درێژەیان بە رێگا برینەکەیان دا. پاش چەند خولەک گەیشتنە مەزراکەیان کە سەیریان کرد ئەو ناوچەیە وەک سەربازخانەیەکی گەورەی لێ هاتووە. دەیان ماشێن بە چەکی قورس و نیوەقورسەوە بە نێو گەنم و زەرعاتی خەڵکی وەربوون و خەریکی پشکنینی دار و بەردن. وەسەرخۆیان نەهێنا و راست رۆیشتن بۆ بن کەپرەکەیان و پریسکە نانەکەیان بە داری کەپرەکەوە هەڵواسی و کاک عەتا کیتەڵە ماستەکەی خستە نێو کەرێزە ئاوەکەوە تا بۆ نیوەڕۆیە هەر وا سارد بمێنێتەوە.

هێزەکانی رێژیم لە دە هەنگاویی عوسمان خۆیان لێ بڵاو کردەوە و تۆپ و خومپارەکانیان دابەست و دەستیان کرد بە چا لێنان و هەر بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێج شەش دەقیقەش چەند توپ و خومپارەیان کوێر کوێرانە لە موچە و مەزاری خەڵکی هەڵدەکرد.

ڕۆژ گەیشبووە قاوەڵتوونێ، گەرمای خۆر هەر دەهات و زیادی دەکرد، تینوێتی تەنگی بە عوسمان هەڵچنیبوو، وەک کۆلکە دار لە شوێن خۆی وشک ببوو نەیدەتوانی جووڵە بکا. توونێتی ئازاری برینکەی لەبیر بردبۆوە، بۆخۆێ بیری دەکردوە باشە بۆ شەوێ لە بیرم نەبوو بڵێم ها ڕەحمان ئەو مەتارە ئاوەم لەو کەرێزە بۆ پڕ کە لە ئاو؟ ئێستا ئەوە تازە هەوەڵی ڕۆژە تا ئێوارێ ئەگەر دوژمنیش نەمدۆزێتەوە، بەو چلەی هاوینە بۆخۆم لە تونیانە هەر دەمرم. دووکەڵی سیغار و دووکەڵی ئاگری چا لێنانی هێزەکانی دوژمن بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا و بۆنی دەگەیشتە لای عوسمان، ئەگەرچی قەت دەمی لە سیغار نەدابوو و سیغارکێش نەبوو، بەڵام بەدڵ پێی خۆش بوو تەنانەت دووکەڵیش بخوا.

خۆر گەیشتە نیوەڕاستی ئاسمان و لەنگەری گرت و تیرێژەکانی ڕاستەوخۆ لە زەوی دەکوتان. سینگی عوسمانیش وەک زەوی بۆ تیشکی ڕۆژ ڕاخرابوو، ڕۆژ ڕاست لە چاوی دەدا زۆر لەسەرەخۆ دەستی برد و کڵاوەکەی کێشایە سەر چاوی. گەرماکە بێتاقەتی کردبوو، پێی خۆش بوو تاوێ بخەوێ، بەڵام ئازار و توونێتی لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ترس لەوەی خەوی لێبکەوێ و بەزیندوویی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیدۆزنەوە، ڕێگر بوون لەوی بخەوێ. چونکە بڕیاری خۆی دابوو کە ئەگەر لێی نیزیک بنەوە و بیدۆزنەوە تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ دەست بکاتەوە و پاشان خۆی بکووژێ. دەیزانی ئەگەر بە زیندوویی بکەوێتە دەست دوژمن پاش ئەشکنجە و ئازارێکی زۆر هەر دەیکووژن جا بۆیە وا چاکە هەر لێرە کۆتایی بە ژیانی بێنێ باشترە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمان و ئەنوەریش ڕۆژیان لێ بۆوە هەر لە پشت ماڵەکانی ئاوایی هەبەکی لە ژێر چەند دارێک بۆ پشوودان لایان دا. پاش ماوەیەکی کورت ڕەحمان گوتی: نابێ زۆر لێرە دوور کەوینەوە، پێشمەرگەکان هەر لەو دەوروبەرەن. ئەو هەموو هێزەی ئێمە دیمان وا هاتوون بۆ شوێنی بۆسەکەی دوێنێ شەوێ، بە دۆزینەوەی عوسمان واز ناهێنن و ئێستا وەک مارومێروو لەو شاخانە هەڵدەبن و لەگەڵ دیدەبانی پێشمەرگەکان تووشی شەڕ دەبن، ئەو کات ئێمەش شوێنی پێشمەرگەکان دەدۆزینەوە خێرا دەچینەوە بۆ لای پیشمەرگەکان.

ئەنوەر زۆر ماندوو بوو هەر ملی بە لادا دەهات ڕەحمان گوتی: ئەنوەر نەخەوی ها گوێت لێیە دەنگی زەنگوڵەی بەرغەل دێ؟ تا نەگەیشتوونە لامان با بچینە سەر ئەو دارە با نەمانبینن تا تێدەپەڕن. هەر خێرا لە دارەکە وەسەرکەوتن و خۆیان لەنێو گەڵاکانی دارەکەدا حەشار دا. هێندەی پێنەچوو دوو مێرمنداڵ یەکیان کچ و ئەوی دیکەیان کوڕ، وەدەرکەوتن. هێندێک بەرخ و دوو گوێلکیان وەپیش خۆیان دابوو. بۆخۆشیان هەر یەکەی پڕیسکەیەک نانیان لە کۆڵیان گرێ دابوو. یەکیان سەتڵێکی فافۆنی ماستی بەدەستەوە بوو. هەر هاتن بە ژێر دارەکە دا تێپەڕین چوون لە سەرووی دارەکە لە بن تەرمەکە گیایەک دانیشتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمان کاتێک زانی کەسی دیکە بە شوێنیاندا نایە گوتی: ئەنوەر تۆ مەیە خوارێ، با من تا لای ئەو منداڵانە بچم.

هەر کە ڕەحمان لە دارەکە هاتە خوارێ و منداڵەکان چاویان پێی کەوت، پریسکە نان و سەتڵە ماستەکەیان لە بن تەرمەکە گیاکە بەجێهیشت و هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵاتن. ڕەحمان بانگی کردن، وەرن مەترسن من شوانی ئاوایی هەرمێلەم و مەڕم لێ ون بووە بزانم نەتاندیوە؟! یەکێک لە منداڵەکان لە شوێنی خۆی ڕاوەستا گوتی: ناوەڵا خاڵە ئێمە ئێستا لە نێو ئاواییڕا هاتین نەماندیوە.

ڕەحمان چووە لای تەرمەکە گیاکە دانیشت و ڕووی لە کورەکە کرد پرسی: دەنگوباسی نێو ئاوایی؟ منداڵەکە گوتی: نازانم.

ڕەحمان گوتی: مەترسن وەرن. منیش کولێرە چەورەم پێیە با پێکەوە بیخۆین، پاشان بانگی ئەنوەری کرد بێتە خوارێ. ئەو منداڵانە زۆر ئاقڵن ئێستا دەچن ئاومان بۆ دێنن و چامان بۆ لێدەنین.

بە هاتنە خوارێی ئەنوەر لە سەر دارەکە منداڵەکان کە زانیان دەوروبەریان ئاوەدانتر دەبێتەوە، تۆزێک ترسیان شکا بە قۆنە قۆن چوون بۆ لای ڕەحمان و ئەنوەر دانیشتن. کە چاویان بە چەکەکانیان و بەتایبەتی ئارپیجییەکەی ئەنوەر کەوت و هەڵسوکەوتیان زۆر دلۆڤانانە بوو، زانیان لە هێزەکانی ڕێژیم نین کە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا هاتبوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ مەرزارکەیان و زۆریان لە بابیان دابوو و تەقەیان بە سەردا کردبوو. کچەکە بە سرتە بە براکەی گوت: لێیان مەترسێ پێموابێ ئەوانە ئەو کەسانەن هەموو کات بابم باسیان دەکا و دەڵێ کەنگێ لە دەستی ئەو زاڵمانە رزگارمان دەکەن.

پاشان رووی لە رەحمان کرد گوتی: ئەو جۆیە هی ئێمەیە بابم بە مەڵەغان دەیدروێتەوە تاوێکی دیکە بۆخۆشی دێ بۆ دروێنەکردن. ئەنوەر گوتی: یانی هەموو رۆژێ ئێوە لە پێش بابتاندا دێن بۆ مەزرا!؟ کوڕەکە کە لە کچەکە گەورەتر بوو وەڵامی داوە: ناوەڵا هەموو رۆژێ پێکەوە دێین، بەڵام شەوێ دایکم زۆر نەخۆش بوو تا بەیانی هەر ناڵاندی و بابم لە ترسی تەقەکردنی پایگا، کە تا ئێستا شەوانە چەند کەسیان کوشتووە نەیوێرا بچێتە دەرێ و دایکم بەرێ بۆ شاری، ئێمەی نارد بۆ خۆشی ئێستا راوەستاوە تا ئەو مینیبوسەکەی هەموو رۆژێ دەچێ بۆ بۆکان پڕ بێ و دایکم بە خاڵمدا بنێرێ بۆ نەخۆشخانە، جا بۆ خۆشی دێ بۆ لامان.

لەو قسانە دا بوون، کە کابرایەکی درێژ و باریک بە سواری گوێدرێژێکی چکۆڵە پەیدا بوو. کوڕە گوتی: ئەوە بابمە. بابە! بابە! وەرە بۆ ئێرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا سەری هەڵێنا و دووکەسی نامۆی لە بن گیشە گیایەکە دی کە لەگەڵ منداڵەکانی دانیشتوون، لە پێشدا حەبەسا تۆزێک راوەستا ئەو جار بە نەقیزە تیوەژاندن لە گوێدرێژەکەی، خۆی گەیاندە لایان و لە گوێدرێژەکە دابەزی. رەحمان و ئەنوەری بەخێرهاتن کرد گوتی ناوم ئەحمەدە.

دەستیان کرد بە قسەکردن، کاک ئەحمەد هەر زوو زانی ئەوانە پێشمەرگەن، نەیدەویست منداڵەکانی بەوە بزانن، بۆیە رووی لە کورەکەی کرد و گوتی: لەگەڵ خۆشکت بچن ئەو کەتریە پڕ کەن لە ئاو و لەسەر تەنەکە ئاورەکەی دانێن. کورەکەی گوتی: خۆ ئێستا نەبۆتە قاوەڵتوون بابە گیان! ئێستا زوو نیە بۆ چا لێنان؟ بابی بزەیەکی بۆ کرد گوتی: کوڕی خۆم نابینی میوانمان هەیە دەی لەمنتان کەوێ بابی من! بزانم لەگەڵ خۆشکت چ چایەکمان بۆ لێدەنێن.

کە منداڵەکانی دوور کەوتنەوە، کاک ئەحمەد تۆزێک دەنگی نزم کردەوە گوتی: ئەرێ کاکە گیان ئێوە کێن و بۆ ئاوا هەموو لەشتان خوێناوییە خۆ هیچ شتێکی خراپ رووی نەداوە؟

رەحمان بۆی باس کرد، کە پێشمەرگەن و لە هاورێکانیان هەڵبڕاون ئەگەر پێشمەرگەکانت دی پێیان بڵێ کە ئێمە لەوان دەگەرێین. ئیدی باسی ئەوەی نەکرد، کە پێشمەرگەیەکیان بە برینداری بەجێماوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش نان و چا خواردن ڕەحمان و ئەنوەریش بۆیان دەرکەوت، کە ئەو ناوچەیە جارێ ئارامە بۆیە سپاسی کاک ئەحمەد و منداڵەکانیان کرد و بەرەو چیای وەستا مستەفا هەڵکشان تا گەیشتنە سەر ڕێگایەکی خیزەڵانی.

لەو ناوچانە هێزەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ مۆڵگەکانیان ڕاکێشن دەیان ڕێگای خیز و چەوی ئاوایان بەنێو گەنم و جۆی خەڵکی هەژاردا ڕاکێشابوو. هێزەکانی دەوڵەت بێ ئەوەی ڕێز بۆ خاوەنی ئەو مووچە و گەنم و جاڕانە دانێن یان لانی کەم قەربووی زیانەکانیان بکەنەوە، بە لۆدێر و بۆردزێل وەک مڵە بەدرێژایی دەیان کیلۆمیتر هەموویان هەڵتەکاندبوون. بەجۆرێک کە بەشێک لە زەوییە کشتوکاڵەکان وا خراپ ببوون، کە تازە بۆ کشتوکاڵ کردن بەکەڵک نەدەهاتن. ڕەحمان و ئەنوەر ملی ئەو ڕێگا خیزەیان گرت کە دەچوو بۆ پایگای هێزەکانی دوژمن لە سەر چیای وەستا مستەفا.

بۆ ماوەیەک بە سەر ڕێگاکە دا ڕۆیشتن. لە پشت سەریان ڕا دەنگی ماشێن دەهات، بەڵام ماشێنەکە دیار نەبوو. بەرلەوەی ماشێنەکە دەرکەوێ هەر خێرا هەڵاتنە نێو گەنمی قەراغ جادەکە و لە نێو گەنمەکەدا خۆیان حەشار دا. هێندەی پێنەچوو ماشێنێکی تۆیۆتا کە پڕ بوو لە هێزەکانی دوژمن بە لایان دا تێپەڕی و وەسەرکەوت بۆ چیای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەستا مستەفا. رەحمان گوتی: پێموابێ ئەو ماشێنە پێوندیی بە رووداوەکەی شەویوە نیە، رەنگە وەک رۆژەکانی دیکە خواردن بۆ پایگای وەستامستەفا بەرێ، بەڵام ئەگەر گەڕاوە و بۆمان کرا بە تۆڵەی عوسمان تۆ یەکەم ئارپچیم بۆ لێدە ئەوەی دیکە دانێ بۆ من جا بزانە چۆن کاکی خۆت وەک مریشکی نێو قەفەس وەقیڕەقیڕیان دەخا.

ئەنوەر کە تا ئەو کاتە لە نێو گەنمەکەدا بۆ ئەوەی دیار نەبێ هەڵتروشکابوو و چاوی هەر بە شوێن تەپوتۆزی ماشێنەکەوە بوو کە وردە وردە لە بەر چاوان ون دەبوو، چاوەڕوانی ئەو گەلاڵە سەیروسەمەرەی رەحمانی نەدەکرد. بۆیە هەر خێرا رووی لە رەحمان کرد بە دەنگێکی بێ تاقەتانەوە گوتی: وەڵا باشە هەر ئەوەمان مابوو، تۆ دەزانی جارێ یەکەم کاری ئێمە دۆزینەوەی پێشمەرگەکانە، تا تێیان گەیەنین عوسمان بریندارە، کەچی تۆ خەریکە هێندەی دیکە ناوچەکە نائارام دەکەی!؟ رەحمان دەستێکی بە نێوچاوانی داهێنا و ئارەقەی نێو چاوانی سڕی و گوتی: ئەرێ ئەوە تۆ باسی چی دەکەی، نائارامی چی و شتی چی! تازە عوسمانیان بردوە. گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە. دەبێ بەزمێک بنێمەوە ئەو سەری دیار نەبێ.

لە سەر ئەوە ساغ هەر نەبوونەوە، کە لە کاتی گەڕانەوەی ماشێنەکەی دوژمندا هێرش بەرنە سەری یان نا، بەڵام زۆر راوەستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەم لە بەر ئەوەی شوێنەکەیان ئاشکرا نەبێ هەمیش ئەگەر ماشێنەکە هاتەوە بزانن هەلومەرجەکە بۆ لێدانی ماشینەکە لەبارە یان نە. زیاتر لە سێ کاتژمێری پێچوو ماشێنەکە هەر نەهاتەوە بۆیە رەحمان گوتی: وا چاکە هەر لێرە دانەنیشین. با بڕۆین بەشکم پێشمەرگەکان بدۆزینەوە. بە ماتەمات بەنێو گەنمەکەدا بەرەو رۆژاوای ئاوایی هەبەکی و رۆژهەلاتی ئاوایی چۆلکراوی کانیزێڕینە و بناری چیای وەستامستەفا هەلکشان.

خەلکێکی زۆر لە مەزراکانیان سەرقالی دروێنەکردن و خەلەوخەرمان بوون. رەحمان و ئەنوەر نەیاندەویست خۆیان نیشانی کەس دەن. هەولیان ئەوە بوو هەر چی زووتر بگەنە سەر ملەی ئەو دۆلەی وا ئاودیو دەبوو بۆ ئاواییەکانی کۆندەلان و تاهیربۆغە، کە چەند کاتژمێریک لەوێڕا دوور بوو.

رەحمان سالانی پێشوو زۆر جار لەگەل پێشمەرگەکان لە کۆتایی چیای وەستامستەفا کە راست دەکەوێتە ئەو دوومەلانەیە مابوونەوە و ئێستاش هیوادار بوو، کە گەیشتنە ئەو دەوروبەرە هەوالێکیان لە پێشمەرگەکان دەست کەوێ.

سێبەری چیای وەستامستەفا بەسەریان دا کشا و کزەبایەکی فێنک بە نێو لەشیان دا گەڕا. بۆ ماوەیەک دانیشتن و پشوویەکیان دا. لە شوێنەکەی شەوێڕا بە توپ و دۆشکە لە بەرزاییەکانی پشت سەری



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

ئەوانی دەدا. ئەنوەر چاوی بڕیبوە دەنکە گوڵەگەنمێکی هەڵوەریوی سەر زەوی پاشان دەستی بۆ برد و هەڵیگرت، لاسکێکی درێژی پێوە بوو، خۆی بەو گوڵە گەنمەوە سەرقاڵ کرد، بێ ئەوەی سەیری چاوەکانی رەحمان کا گوتی: باشە ئەوە گریمان پێشمەرگەکانمان دۆزیەوە، بە چ ڕوویەکەوە بۆیان باس کەین کە عوسمانمان هەر وا بە زیندووی بەجێهێشتوە و کەوتۆتە دەست دوژمن؟ ویستی درێژە بە قسەکانی بدا، کە رەحمان لێی هاتە جواب گوتی: یەک کەس تێدا بچێ لە سێیان باشترە، جگە لەوەش ئەوە تۆ شاهیدی تازە ئەگەر تۆشم لەگەڵ نەبووبایە و هەر بۆخۆم بوومایە ویژدانم زۆر ئاسودە دەبوو، چونکە ئەوەی لە دەستان هات کردمان. بۆخۆیان هێزیکی زل و زەبەلاح بوون بەجێیان هێشتبوو، و ئەوە ئێمە بووین لانی کەم تۆزێک دوورمان خستەوە. ئەگەر شەوێ بەخت یارمان بایە زوو ولاغێکمان دەست کەوتبایە ئێستا عوسمانیشمان لەگەڵ بوو. ئەوجار لە جێی خۆی هەستا گوتی: تۆ لەو قسانە گەڕێ جارێ هەستە با بڕۆین. دەستی راکێشا و دەستی ئەنوەری گرت، کە دانیشتبوو و راستی کردەوە و درێژەیان بە ڕێپێوانەکەیان دا، تا گەیشتنە مەزراکانی ئاوایی هەرمێلە. لە قەراغ شێوەردێک بۆ پشوودان دانیشتن. رەحمان گوتی: ئاها سەیر کە، ئەو پیاوە جلک رەشەی وا پیمەرەی خستۆتە سەر شانی، دەچێ بۆ نێو ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دارانە. ئێستا سێبەر بە سەردا کشاوە و چەکەکانمان بریقە نادەن با بڕۆین بۆلای. ئەنوەر گوتی کاکە دە تۆزێک راوەستە تا پشوویەک بدەین بۆ ئەوەندە بەپەلەی دەڵێی کەبابی گەرمت پێیە، من بەڕاستی نازانم کە پێشمەرگەکانمان دۆزیەوە بڵێم چی! رەحمان گوتی: دەی لە منت کەوێ ئەنوەر گیان، هەستە و لەو قسە قۆڕانەش گەڕێ، خودا دەزانێ جارێ من و تۆش چمان بەسەر دێ، بۆ پێت وایە ئەوە بە سلامەتی گەیشتووینەتەوە لای پێشمەرگەکان و ئەوان پرسیار دەکەن و ئێمەش وەڵامی پرسیارەکانیان دەدێنەوە!

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتژمێر خۆی لە دووی پاشنیوەڕۆ نیزیک دەکردەوە سریوەی بای نەدەهات تینی گەرما بە رادەیەک بوو کە گوڵە گەنمە لاوازکانی بە قرچەقرچ دەپەڕاند. هەر چی زیندەوەری ئەو ناوچەیە بوو خۆی دەخزاندبوو ژێر سێبەری گڵمەتە خۆڵەکان،یان گەلا تاڵووە پانەکان و قانگەلاشک و کەنگرە پیربووەکانی نێو گیاجاڕ و گەنمەکان.

ئاویلکەی گەرما وەک شەپۆلەکانی دەریا لەسەر پێدەشتە پان و بەرینەکانی ناوچەکە لە هاتووچۆ دابوو. تەنیا زیندەوەرێک کە لەو گەرمایە دا هەلی بۆ هەڵکەوتبوو میروولە بوون، کە بۆنی خوێنی عوسمانیان کردبوو لە شارەکەیانەوە کە سێ چوار میترێک لە عوسمانەوە دوور بوو، ڕێچکە و ریزیان بەستبوو بۆ سەر برینە پێچراوەکەی رانی عوسمان کە شەوی رابردوو رەحمان توند بە جامانەکەی بەستبووی. لە بەر ئەوەی زەنگاڵیشی لە لاقی دابوو هەروەها لە نێوقەدیشی بە پشتوێند و رەخت و فیشەکدانەکەی ئەو سەروسەری برینەکەی کە ئێسکی گەورەی لاقی بوو بەستراوبوو، میروولە نەیاندەتوانی بچنە نێو برینەکەیەوە.

لە بەر گەرما و تووونیتی، ئازاری برینەکەی لەبیر چووبۆوە، گوێی لە دەنگێکی تۆزێک دوور بوو بە فارسی قسە دەکا و هەر دەهات و نیزیک دەبۆوە کە نیزیکتر بۆوە، دەرکەوت یەکێک لە هێزەکانی دوژمنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەهات بۆ لای ئەوانی دیکە، کە لە دە میتریی گەنمەکە لە ژێر سێبەری دارە بییەکان دانیشتبوون. هەر کە گەیشتە لای ئەوان پرسیاریان لێکرد زۆرمان گوللە تۆپ پێ ماوە؟ گوتی: خەمتان نەبێ تا ئەو مەزرا و شاخانە وەک گاسن بە تۆپ و خۆمپارە نەکێڵم واز ناهێنم. ئەوە فێر دەبن شەوێ تەقە لە هێزەکانی من دەکەن و پیاوەکانم لێ دەکووژن؟

بە فەرمانەکانی کە دەیدا و قسەکانی پڕ بە زاری دەیکردن دیار بوو فەرماندەیانە و پشتی قایمە لەو سوتمانەی کە وەڕێی خستووە. هەر وا درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: ئەوە نیە رادیۆکەیان هەموو رۆژێ دەڵێ پێشمەرگە کوڕی خەڵکن جا منیش بزانە مووچە و مەزرای ئەو خەڵکەت بۆ چ لێدەکەم! دەبێ مار و مێروەکانیش بە بەردەکانەوە بسووتێنم. ئێستا خودا دەزانێ لە کوێ شاردوویاننەوە و داڵدەیان داون. بۆ ماوەیەک هەر وا بەپێوە راوەستابوو و سەیری شاخەکانی دەکرد، ئەوجار دانیشت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: دەزانن زۆر گەرمە زارم وشک بووە! دا حوسێن لەو پیپسیە ساردانە یەک دانەم بۆ هەڵپچڕە، پیپسیی سارد هەر بۆ گەرمای ئاوا باشە.

عوسمان هێندەی توونی بوو، بە بیستنی نێوی پیپسی بۆ یەک چرکە تامی پیپسی و کانەدا و کۆکا کۆلا لە زاریدا گەڕا. هەوڵی دا تۆزێک ئاو لە زاریدا کۆ کاتەوە و فڕییداتە نێو قورگی وشکهەڵاتووی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام زار و گەرووی وەک چاڵێکی وشکهەڵاتووی بێ ئاوی وشکەساڵیی لێهاتبوو، بۆیە هەرچی هێنای و بردی لێوە وشک و قەڵەشیوەکانی نەیانتوانی فێنکایی بخەنە نێو زمانە وشکهەڵاتووەکەی و ددانە تۆز لێنیشتووەکانی. بیری پیپسی و کۆکاکۆلا هەر لە مێشکی دا بوو. وەبیر ئەو کاتانە هاتەوە کە مێرمنداڵ بوو، بەهارانە لەگەڵ کچان و کوڕانی هاوتەمەنی خۆی بۆ هێنانی کارگ و ڕێواس و گیا بەهارییەکانی دیکە دەچوونە کوێستانەکانی پشت ئاواییەکانی ساردەکوێستان و مێرگەنەخشینە. ئێوارانە کاتێک سێبەری چیای پیرچۆپان بەسەر دا دەکشا، لە دوایێنی چیای پیرچۆپان دەستیان دەکرد بە هەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک تا ئارەقێکی باشیان دەکرد و هەموو لەشیان لە ئارەقدا دەخووسا، جا لە ئاوە کەللەتەزێن و سازگارەکەی کە لە تاوانەوەی بەفرەکانەوە دەهاتە خوارێ سەر و چاویان دەشوت و تێر تێریان لێ دەخواردەوە. لەبەرئەوەی ئاواییەکەیان وەکو زۆربەی ئاواییەکانی کوردستان بە هۆی سیاسەتی هەلاواردنی دەسەڵاتدارەکانی تاران دەرحەق بە گەلی کورد، لە نیعمەتی بەرق(کارەبا) بێبەش بوو، هەموو بەهاران پێش ئەوەی تەواوی بەفرەکان بتوێنەوە، هەر لە دوایێنی ئەو چیایە خەڵکی ئاوایی هەموویان بە هەرەوەز بەفری دۆڵێکیان بە کا و گیا و پاشان خۆڵ وەسەردان دادەپۆشی و دەیانکرد بە "چاڵە بەفر" جا بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوینان ئەو کاتانەی بەفری چیاکان دەتوانەوە خەڵک ئێواران دەهاتن بۆ سەر چاڵە بەفرەکان و بەفریان لە تەلیسان دەکرد و لەسەر پشتی گوێدرێژیان قایم دەکرد و دەیانبردەوە بۆ ئاوایی.

رۆژێکی لەگەڵ هێندێک لە هاوتەمەنەکانی هەر یەکەی بە کیتەڵەیەک ماست و چەند نانێکەوە بۆ هێنانی بەفر روویان لە چاڵە بەفرەکان کردبوو تا گەیشتبوونێ زۆر ماندوو ببوون لە قەراغ چاڵە بەفرەکان نان و ماستیان خواردبوو و کیتەڵەکانیان شوشتبوو و لە تێری گوێدرێژەکانیان هاویشتبوو. ئەو جار لە چاڵە بەفرکان تەلیسەکانیان پڕ کردبوو لە بەفرو بەسەر پشتی ولاغەکانیاندا شۆڕ کردبۆوە. لە گەڕانەوەدا بۆ نێو ئاوایی چاویان بە چەرچییەک کەوتبوو، کە لە لای ئاواییەکانی پیربادین و گڵۆلان را بە سواری گوێدرێژێک لە دووملانەکەی چیای قەرەقاوە خەریکە دێ بۆ نێو ئاوایی. ئەوانیش لە پشت مالان لە سەری رادەوەستن کە چەرچییەکە دێ سەیر دەکەن دوو سەندوقی کۆکاکۆلا پێیە. داوای کۆکاکۆلای لێدەکەن، بەلام چەرچیەکە دەڵێ: کۆلاکانم گەرمن و نەخۆش دەکەون با بچینە نێو دێ لەوێ لە ئاویان دەخەم کە سارد بوون ئەودەم وەرن پێتان دەفرۆشم و بیانخۆنەوە. دەنا ئاوا بە گەرمی بەخودای نەخۆش دەکەون، خەڵکی ئاوایی سەگ بە حەوشەم پێدەکەن و تازە ناهێڵن قەت روو لەو گوندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمەوە. عوسمان خێرا لیی هاتبووە وەڵام و گوتبووی: خەمت نەبێ باری ئێمە هەمووی بەفرە و کیتەڵەی بەتاڵیشمان پییە. جا هەر لەوێ بار بە چەرچییەکە دەخەن و کۆکاکۆلای لیدەکڕن. عوسمان دوو کۆکاکۆلای لە کیتەڵەکەی کردبوو بینی پیوە نابوو تا دوایین دڵۆپی خواردبۆوە.

چاوی لەسەر یەک دانابوو بیری هەر لەو کاتە خۆشانە دەکردەوە و ئاگای لینەبوو تۆپچییەکە کۆکاکۆلاکەی خواردۆتەوە چۆتەوە لای تۆپ و خۆمپارەکان. دەنگی تەقاندنی تۆپێک هەودای خەیاڵە خۆشەکەی عوسمانی پچڕاند. وا راچڵەکی هەستی کرد شتێکی زۆر قورس بەسەر رانە برینداره‌کەیدا بەربۆتەوە، ئازارێک وەک تەزووی بەرق لە تۆقی سەریڕا تا پەنجەکانی قامکی لاقی بە هەموو لەشیدا گەڕا. لە تاو ئازاری برینەکەی بە ددانی لیوەکانی وا کرۆشت، کە قەرتماغەی سەر لیوە وشەکەکانی هەڵوەرینە نێو زاریەوە.

خۆر ئەو رۆژەش وەک رۆژەکانی دیکە هیچ کێو و دەشت و مەڵبەندێکی لە گەرمای خۆی بێبەش نەکرد، لە گەرما و رووناکایی ئەوەی لە دەستی هات ،پەخشان و دابەش کرد بە سەریاندا. لە دواییدا بۆ سەفەری کۆتایی ئەورۆژەشی، هێڵێکی وەک داوێکی باریک کە دیتنی بە چاو زۆر ئاستەم بوو لە ئاسماندا راکێشا و پرچە تیشک زێڕینەکانی بەو داوە توند توند گرێ دا. داوێک کە هەر لە داوی کۆلارەیەک دەچوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەست منداڵێکی لێواولێو تامەزرۆ بۆ گەمە و یاریکردن کە لە پشت چیای وەستامستەفا دا خۆی حەشار داوە و هەر جارەی تۆزێک خۆر بـۆ ئەو دیـوی چیـا رادەکێشـێ، لەگەڵ هەر تەکـانە راکێشانێکیشـدا بەشـێوەیەک خۆر گەرمای خۆی لە دەشت و دۆڵەکان کەم دەکردەوە وەک ئەوەی دەرگـای ژوورێکـی زۆر گەرم بکرێتەوە و تۆزێک هەوای فێنک بچێتە نێو ژورەکەوە.

عوسـمان هەر هیـوابڕاو نەبـوو. هەوڵـی دەدا تـاقەت بێنـێ و هەر بە ئاگا بێ و لە هۆش خۆی نەچێ، بەڵام ئەویش مرۆڤێک بوو لە گۆشت و خوێن. مرۆڤەکان لە کاتی ئاساییدا ئەستەمە بتوانن، زیاتر لە دە کاتژمێر هیچ نەخۆن و نەخۆنەوە، بەڵام ئەو زیاتر لە پازدە کاتژمێر بـوو بریندار بـوو، بـێ ئەوەی دەم لە هـیچ بـدا. ئەوە جگە لەوەی برینـداریش بـوو، خـوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشـتبوو. شـەوێ هەر پـازدە خـولەک لە برینداربوونی تێنەپەڕیبوو کە بە هـۆی خوێنڕێژیی زۆری لاقـی زاری لە تینوێتیـان وشـک هەڵگەڕابـوو، هەر ئەو کـات داوای تـۆزێکی ئـاو لە رەحمان و ئەنوەر کردبوو کە گوتبویان بۆت باش نیە نەیاندابوویە.

کڵاوەکەی لە سەر چاوی لابرد و تۆزێک خۆی پێ باوەشێن کرد لە بەر بێهێزبوونی هەر زوو دەستی ماندوو بوو و دەستی بەربوونەوە سەر زەوی و کەڵاوەکەی لە دەستی کەوتە نێو گەنمەکەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزەکانی دوژمن هەر وا دە شەقاوێک لەو لاتریەوە بارگەوبنەیان خەستبوو و خەریکی قسەکردن بوون. یەکێکی دەنگنووساویان تێدابوو هەوڵی دەدا دەنگی بە سەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بکا و نەشیدەتوانی. هەرچۆنێک بێ نۆرە قسەیان دایە و گوتی: خۆ ئێمە شەوێ بۆ رووتکردنی کۆڵبەرەکان هاتبووینە سەر ئەو کانی و ئاوە، ئیدی چووزانین ئەوە هێزێکی ئاوا شەڕکەر بێرەدا تێپەڕ دەبێ؟ ئێستاشی لەگەڵ بێ نازانم لە کام لاوە هاتن، هەر ئەوەندەم دی ویکڕا خۆیان بە عەرزی دادا و تەقەیان لێکردین، وامان سەر لێشێوا هەر نەمانزانی بۆ کام لاش رۆیشتن! بۆیە دەڵێن ئەوانە لە هەموو شوێنێک هەن و لە هیچ شوێنێکیش نین. هەر کە چاوم پێیان کەوت قەڵەمی دەست و پێم شکا، لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەو جارە نەجاتم بێ بە حەیاتم نایەمە سەر رێگای کاروانان. ئەوە هەموو ئاه و نزای ئەو کوڵبەرانەیە. هەر بە قسەکردنەوە لە شوێنەکەی خۆی هەستا و رووی کردە گەنمەکە و بۆ لای عوسمان هات. یەک لەوانەی لە لای دانیشتبوو گوێی دابووە قسەکانی گوتی: بۆ کوێ دەچی؟ نەکا بۆ کاری سەر ئاو بچیە نێو ئەو گەنمەوە دە وەڵاهی ماری وای تێدایە پێتەوە بدا تووکی سەرت با دەیبا. ئەویش ترسا و رێگای خۆی گۆڕی بۆ نێو جۆگە ئاوەکەی عوسمان شەوێ بە برینداری لەوێ کەوتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمان بیری لە رەحمان و ئەنوەر کردەوە، کە بەڕاستی بڵێی چیان بەسەر هاتبێ؟ تۆ بڵێی پێشمەرگەکانیان دۆزیبێتەوە؟! بەڵام لە بەر ئەو هەمووە هێزە کە هاتۆتە ئێرە رەنگە دەرفەتی دەرباز بوونیان لە ناوچەکەدا نەبووبێ! تۆ بڵێی بەدیل نەگیرابن و لە ژێر ئەشکەنجە دا شوێنی منیش بە دوژمن نەڵێن؟! نا نا قەت شتی وا ناکەن! دڵخۆشیی خۆی دەداوە دەیگوت: کوڕە رەنگە ئەوانیش هەر لەو نیزیکانە خۆیان حەشار دابێ.

ئازاری برینەکەی عوسمان تۆزێک هێدی ببوو، بەڵام زۆر ماندوو بوو. خەوێکی زۆریش ببووە میوانی چاوەکانی و پێڵووی چاوەکانی قورس کردبوو. ئەوە بۆ سی کاتژمێر دەچوو، نەخەوتبوو و هەوڵیشی هەر ئەو بوو هەتا بۆی دەکرێ نەخەوێ.بەڵام لە بەر بێهێزی و توونیەتی و ماندووبوونێکی زۆر، بۆ ماوەیەک چاوەکانی لەسەر یەک دانا. لە خەویدا لەشی هێندە سووک ببوو قورسایی پووشێکی نەبوو، بە سێ چوار کەس هەڵیان گرتبوو خستبوویانە سەر شانیان و بە هەڵاتن دەیانبرد بۆ نێو ئەستێرەئاوێک تا لە ئاوەکەی خەن. گەیشتنە سەر لێواری ئەستێرە ئاوەکە. هەموویان گوتیان یەک دوو سێ و فڕێیان دایە نێو ئاوەکە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژ بەرەو ئــاوابوون دەچــوو. ئەو وەرزێــڕ و ئــاودێرانەی مەزراکانیان لە ئاواییەکانەوە دوورتر بوو خۆیان کۆ دەکردەوە بەرەو نێو مـاڵان وەڕێکەون تـا بۆ ئێـواریَ بگەنەوە نێـو ئاواییەکانیـان. کـاک عەولا، کە فەرماندەی هەمـوو پێشـمەرگەکان بـوو بۆ لە دەسـتدانی ئەو ســیَ پێشــمەرگەیە زیــاتر هەســتی بە لێپرســراوی دەکــرد. دەیزانــی هەموویــان دلگــرانن، بەلام وەک فەرمانــدەرێک هەموویــان چاویــان لە بڕیارەکانی ئەوە. بۆیە ئۆقرەی لیَ بڕابوو گوتی: ئەریَ کاک عـومەر بۆ لەگەڵ هەڤاڵ کەمێک دەرمان هەڵناگرن و تەراکتۆری ئەو ماڵە نابەن، کیَ دەزانـی ئێوە پێشـمەرگەن؟! هەر وا دەزانن خەڵکی ئاسـایین. ئێواریَ لە مەزراوە دەڕۆنەوە بۆ ماڵیَ. ئاوا بە چاوخشـاندن بە دەوروبەرتـان دا تـا نیزیک ئەو مووچە و مەزرایە بچن. کە شـەویَ بەویَ دا هـاتووین، بزانن هەواڵێک ناهێننەوە. پاشان ڕووی لە خاڵە حەسەن کرد و گوتی: حەسەن خۆت ئامادە کە با من و تۆش بڕۆین بزانین سۆراغێکیان نـازانین. خـاڵە حەســـەن هەر لە چاوترووکانێــک دا ئامـــادە بـــوو، لەگەڵ کـــاک عەولا ڕۆیشتن بۆ مەزرایەکی ئەو دیو دۆڵەکە.

خاڵە حەسەن هەموو کات هەر لەگەڵ کاک عەولا دەبوو. تەمەنێکی وای نەبـوو، هەر لە بەر خۆشەویسـتیان پێیـان دەگـوت خـاڵە. کـوڕێکی کورتەبالا و خۆێنشیرین و بیَ غەلوغەش بوو، کە گاڵتەی لەگەڵ هەمـوو پێشــمەرگەکان دەکــرد. لە بەکارهێنــانی وشــەکاندا زۆر جـار لێـی هەڵە دەبـوو و بۆخۆشــی قاقـا پێـدەکەنی. بە دوای خـاڵە عەولادا دەڕۆیشـت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام بەسەر ڕێگادا نەدەڕۆیشت بۆیە تا گەیشتنە لای خاوەن مەزراکە هەر خۆی لە تیسوو و گەڵا تاڵوەکان دەخەشاند، خشەخشێکی ساز کردبوو وەک ئەوەی نایلۆنی لەبەر کردبێ. لە لای خاوەن مەزراکە لایان دا، خاوەن مەزراکە کاک عەولای ناسیەوە و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن. کاک عەولا لە خاوەن مەزراکە دڵنیا بوو، بۆیە لێیپرسی: تۆ کەست نەدیووە؟ بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ درێژەی پێ دا و گوتی: سێ پێشمەرگەمان شەوێ هەڵبڕاون. خاوەن مەزراکە گوتی وەڵا پێم وانیە سێ بن، بەڵام ئەوە بۆ کاتژمێریک دەچێ لە نێو ئەو گەنمەڕا دوو کەس هەر ملەقوتەیان بوو، پاشان هاتن بۆ لای من. هەر دووکیان خۆێنیان بە جلەکانیانەوە بوو، بەڵام یەکیان هەموو گیانی خوێناوی بوو. هەر چەندەی تێیفکریم بۆخۆی وەک بریندار نەدەچوو. ویستم بزانم چی ڕووی داوە، بەڵام نەمتوانی هیچیان لێ هەڵکرێنم. هەر ئەوەندە گوتیان، ئەگەر پێشمەرگەکانت دی، پێیان بڵێ ئێمە لەو دەورووبەرەین.

کاک عەولا بە بیستنی ئەو هەواڵە وەک گوڵ گەشایەوە، بەڵام کە زانیی دوو کەس بوون و خوێناویش بوون، بێ ئەوەی پرسیاری زیاتر بکا چوو لە فکرەوە و دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا و دوو سێ جار سەری بە هێمای کەواتە ئاوا بەرز و نەوی کردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، کەوایە یەکیان شەهید بووە کامەیانە!؟ ئەوە یەکەم جار نەبوو، کە هەواڵی ئاوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵتەزێن وەرگرێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە دڵی بڕوای نەدەدا بپرسێ ئەو دوو کەسە شێوەیان چۆن بوو. سەیرێکی خاڵە حەسەنی کرد، کە سەری داخستووە بە چیلکەیەک خەریکی هەڵکۆڵینی زەوییە و گوێی بۆ وانیش راگرتووە. ئەو جار بە ناچاری و بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو دوو کەسەی دیکە. زۆر ئاسایی و بێ ئەوەی دڵنیگرانی لە پرسیارەکەی بەدی بکرێ، وەسەرخۆی نەهێنا هەر وا لەسەرخۆ گوتی: کەوایە ئاوا! ئەدی شێوەیانت لەبیر ماوە کە چۆن بوون؟ کابرا گوتی: وەڵا کوڕێکی موو رەشەی کوڵمەسوور بوو، ئەوی دیکەیان کە ئارپیچیی پێ بوو. ناوی هێنا گوتی: رەحمان. خاڵە عەوڵا تێگەیشت و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی وەرگرتەوە بۆیە وەک پرسیاری کۆتایی گوتی: ئەدی بۆ کام لا رۆیشتن؟ خاوەن مەزراکە گوتی: هەر بە رێگای خۆیاندا رۆیشتنەوە بۆ نێو هۆو ئاودڕە. رەنگە ئێستا سەیری ئێمەش کەن.

کاک عەوڵا گوتی: وا بزانم بە نیازی رۆیشتنەوە بەرەو ماڵەوە بووی، بۆیە زۆر سپاس لە هاوکارییەکانت تۆ دەتوانی بڕۆی، ئێمە خۆمان بانگیان دەکەین.

کاک عەوڵا و خاڵە حەسەن ماڵاواییان لە خاوەن مەزراکە کرد و سەد میترێک بۆ لای رەحمان و ئەنوەر داگەڕانە خوارێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵە حەسەن گوتی: ئەگەر وایە ڕەحمان و ئەنوەرن و عوسمان دیار نیە. خاڵە عەولا گوتی: حەسەن گیان دا زوو داگەڕێ سەر ڕێگاکە، بە عومەر و هەڤاڵ بڵێ نەڕۆن بێن بۆ ئێرە.

عومەر و هەڤاڵ سواری تەراکتۆرەکە ببوون لە دوومڵانەکە ئاوا ببوون بە دیوی هەرمێلەدا. عومەر لە سەر گێڵگیری تەراکتۆرەکە دانیشتبوو و دەستێکی توند بە ئاسنی سەر گێڵگیری تەراکتۆرەکەوە گرتبوو بە دەستەکەی دیکەشی دووربینی بە چاویەوە نابوو و سەیری دەورووپشتی دەکرد. کە رووی دووربینەکەی لە داوێنی چیای وەستا مستەفا کرد، خاڵە حەسەنی بە دەستراوەشانەوە دی کە بە هەڵاتان بۆلایان دێ. تەراکتۆرەکەیان راگرت بۆ لای چوون. خاڵە حەسەن گوتی: وەرن دۆزیومانەوە، بەڵام عوسمان دیار نیە پێم وابێ شەهید بووە. ئەوجار هەرسێکیان هەڵگەڕانەوە بۆ لای خاڵە عەولا.

تا خاڵە حەسەن چووبوو بەدوای عومەر و هەڤاڵدا، کاک عەولا هاواری کردبوو کوڕە هۆی ڕەحمان، ئەنوەر لە کوێن خۆتان وەدەر خەن. ڕەحمان گوێی لە دەنگی کاک عەولا دەبێ دەڵێ: ئەنوەر ئەوە خاڵە عەولایە، با لەو کەندالە بڕۆینە دەرێ خۆمانی لێ ئاشکرا کەین.

هاوکات عومەر و هەڤاڵ و خاڵە حەسەن لە لای خوارێڕا و ئەنوەر و ڕەحمانیش لە لای سەرەوە را گەیشتنەوە لای خاڵە عەولا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەشیان پێکدا کرد. ئەنوەر دڵی پڕ ببوو، هەڤاڵ ئەنوەری لە باوەش گرتبوو بە نیشانەی دڵدانەوەی دوو سێ جار بە توندی هەردووک بەری دەستی بە پشتی ئەنوەردا کێشا و پاشان هەر دووک پیلی ئەنوەری گرت. چاوی بڕیە چاوەکانی ئەنوەر و زۆر بە ترسەوە پرسیاری کرد، ئەدی عوسمان؟! ئەنوەر بۆ ساتێک چاوەکانی لە چاوی هەڤاڵ شاردەوە، رووی لە چیای وەستا مستەفا کرد. هەر زوو دیسان چاوی لە چاوی هەڤاڵ بڕیەوە و بێ ئەوەی قسە بکا فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس ما. بە قەتیس مانی فرمێسک لە چاوەکانی و قفڵ بوونی زمانی ئەنوەر، هەڤاڵ هەر دووک دەستی ئەنوەری راوەشاند گوتی: ئەنوەر گیان چی رووی داوە بۆ قسە ناکەی؟! رەحمان خێرا هاتە وڵام و گوتی: عوسمان ماوە، بەڵام بە سووکی بریندارە. عومەر پرسی: ئەی کوانێ لە کوێیە بۆ راوەستاون؟ ئەوە نیە هەڤاڵ دەرمانیشی هێناوە با بچین دەرمانی کا.

رەحمان گوتی: کاک عومەر گیان بەداخەوە زۆر دوورە و هەر لە شوێنی بۆسەکەی شەوێ بۆمان نەهات و بەجێمان هێشت. عومەر کە زۆری عوسمان خۆش دەویست سەرێکی راوەشاند و گوتی: حەییەحەی باشە ئەو شێر و ڕێویەی بۆ چیە بۆ دەڵێی بریندارە، دە بڵێ نەماوە ئیدی ماڵت نەشێوێ؟! رەحمان بۆ ئارامکردنەوەی عومەر گوتی: نا کاک عومەر ماوە لاقی بریندارە و جێگای مەترسی نیە، ئەگەر دوژمن نەیدۆزنەوە پێم وانیە شەهید بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاڵە حەسەن پرسی: ڕەحمان تۆ جێگاکەی دەزانی لە کوێتان داناوە؟ ڕەحمان گوتی: وەڵا زۆر دڵنیا نیم و دوودڵم، بەڵام ئەگەر بچمەوە وێ پێموابێ پێی دەزانمەوە لە کام لای گەنمەکەمان داناوە.

خاڵە عەولا بە بێسیم کاک لوقمانی ئاگادار کردەوە، کە دۆزیومانەوە، بەڵام کێشەیەکمان هەیە. وا چاکە تۆش لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە بێن بۆسەر زیندوکە. کاتێک کاک عەولا لە قسەکانی بۆوە، هەڤاڵ ڕووی لە ڕەحمان کرد و گوتی: مادام هەر لاقی برینداره جێگای نیگەرانی نیە و دەیهێنینەوە. پێش ئەوەی ڕەحمان وەقسە بێ، خاڵە عەولا گوتی: هەڤاڵ گیان هەر وا ئاسان نیە لێرەڕا تا دەگەینە ئەوێ، ڕێگای پێنج شەش سەعاتە و تا دەشگەڕێینەوە بۆ ئێرە ڕۆژمان لێدەبێتەوە، بەڵام خۆ زاری گورگیشی لێنابەستین. مشوورێکی هەر لێ دەخۆین، با جارێ بچینەوە لای پێشمەرگەکانی دیکە لەوێ ساغ دەبینەوە. پاشان بە دەم قسەکردن لەگەڵ ڕەحمان و ئەنوەر سەبارەت بە وردەکارییەکانی شەوی ڕابردوو، بۆ باسکەکەی ئەو دیوی شاخەکە وەڕێکەوتن.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمان کە خەونی دەدی سێ چوار کەس فرێیان دایە نێو ئاوێکەوە هەموو لەشی لە ئاودا خووسا. لە خەو راپەڕی بە هۆی ئارەقەیەکی زۆر تەواوی بەندەنی کەوتبووە سەر ئاو. ئارەقەکەی هێندە زۆر بوو کە جلە رەقهەڵاتووەکانی وەک ئەوەی بە دەست بشۆردرێن نەرم نەرم ببوونەوە، ناخۆشیەکی لەوەدا بوو ئارەقە دەچووە نێو برینەکەیەوە و جێگا فیشەکەکەی رانی دەکزاندەوە.

گوێی هەڵخەست هێزەکەی دوژمن کە لە بەیانیەوە لە نیزیک ئەو گەنمە بارگەوبنەیان خستبوو، وا خەریکە خۆیان کۆ دەکەنەوە. یەکیان گوتی: با بڕۆینەوە ئەمڕۆ مردم لەو گەرمایەدا. ئەوانە کوا بە ئێمە لە داو دەکەون؟ خودا دەزانێ ئێستا لە کوێن! خۆ ئەو شەو هەر دەچنە ئاواییەک ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ بۆ کام لا چوون. ئەوی دیکەیان گوتی: جا گەریمان ئەوە دەچنە ئاوایی شیلاناوێ. چما هێشووە ترێ بە هەموو گوێسوانەکانی ئاواییەوە هەڵواسن، دەوێرین خۆ لە قەرەیان بدەین؟ ئەدی سەگ بە حەوشەکردنەکەی نەورۆزی چەند ساڵ بەر لە ئێستات لەبیر چۆتەوە، کە لە شیلاناوێ چیان لێکردین؟!

هەموویان سواری ماشێنەکانیان بوون و بە دروشمی "کربلا کربلا ما داریم میاییم" وەڕێ کەوتنەوە. هاڕەهاڕی ماشێنەکانیان کە خەریکی بەجێهێشتنی بندارەکانی نیزیک گەنمەکەی عوسمان بوون، لەگەڵ ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو لەش و مێشکی عوسمانیان ئازار دەدا، بەڵام لە هەمان کات دا خۆشترین ئاواز و موسیقا بوون بۆ عوسمان، وای هەست دەکرد سالانێکی زۆرە لە قەفەسێکی تەنگ و تاریک کراوە و ئەوە دەنگی جیڕەجیڕی کرانەوەی دەرگا ژەنگاوییەکانی قەفەسەکەن، بۆ ئەوەی باڵ بگرێ.

دادە فریشتە و کاک عەتا کە لەو نیزیکانە خەریکی درووێنەکردن بوون، بە رۆیشتنی ئەو هێزە زۆر خۆشحاڵ بوون کە لە بەیانیی زووەوە سەر کانی و ئاوەکەیان لەوان حەرام کردبوو. تەنیا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ کاک عەتا بە هەزار دڵەڕاوکێ چووبووە سەر کارێزەکە و نیوەی ماستی نێو کیتەڵەکەی لە جامۆکەیەک کردبوو بردبوویەوە بۆ لای دادە فریشتە و خواردبوویان. بۆیە دادە فریشتە لەگەڵ رۆیشتنی دوایین ماشێن، هەر خێرا بەرەو کانی و ئاوەکەی بن دارەکان هەڵکشا تا ئەو چۆرە ماستەی نێو کەرێزەکە بکاتە ماستاو و لەگەڵ کاک عەتا بە نانە رەقەوە بیخۆن.

عوسمان بۆ ئەوەی لە رۆیشتنی هێزەکانی دوژمن دڵنیابێ، دەبوایە سەری بەرز کردبایەتەوە و سەیری لای بن دارەکانی کردبایە، کە دەنگی هێزەکانی دوژمن لەوێرا گەیشتبوونە گوێی. دەستی بە لوولەی چەکەکەی گرت و قۆنداغی چەکەکی لە سەر زەوی دانا و ویستی وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆچان بەکاری بێنێ. خۆی بە لوولەی چەکەکەی هەڵواسی و سەری بەرز کردەوە کەچی هێندە بێهێز بوو هەر زوو دەستی شل بوو، سەری بەربۆوە سەر زەوی، ئازارێکی زۆری پێگەیشت، بەڵام کۆڵی نەدا ئەو جار بە هەر دوو دەستی هەموو قورسایی سەروشان و ملی خستە سەر لوولەی چەکەکەی بە شێوەیەک کە توانی سەری تۆزیک بەرز کاتەوە. هەوڵی ئەوە بوو سەیری بن ئەو دارانە بکا کە لە بەیانیەوە کومەڵێک لەو کەسانەی بە خوێنی سەری ئەو توونی بوون، لەوێ خەریکی نان و چاخواردن بوون. لە پێش هەموو شتێکدا چاوی کەوت بە دووکەڵی هێندێک لە دارە سووتاوەکان، کە بۆ چالێنان بەکاریان هێنابوون و ئێستا نەکووژابوونەوە و هەر وا دەسووتان. پاشان بن دارەکانی بەتەواوی لێ وەدەر کەوت، کە پڕبوون لە نایلۆن و قوتوە بەتاڵی پیپسی و کۆکاکۆلا و هێندێک قوتوی بەتاڵی  کۆنسێروی دیکە کە بۆی مەعلووم نەبوو هی چ خۆراکێکن. کاتێک زانی کەس لەوێ نەماوە لەسەرەخۆ وردە وردە لوولەی چەکەکەی بە لای خۆی دا خوار کردەوە خۆی پێهەڵواسی تا سەری گەیشتەوە سەر زەوی و هەناسەیەکی بە راحەتی هەڵکێشا.

دادە فریشتە بە قەراغ گەنمەکەدا تێدەپەڕی تا بچێتە سەر کانیاوەکە، کە عوسمان هەستی بە خشەخشی پێیەکانی و هەناسە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماندووکانی کرد. لە پێشدا نەیوێرا سەری بەرز کاتەوە، بەڵام بڕیاری دا بزانـــێ ئەوە چ گیـــانلەبەرێکە وا بە خشـــەخش بە قەراغ گەنـــمەکەدا تێدەپەڕێ. دیسـان خـۆی بە لـوولەی چەکەکەیەوە هەڵواسـی و سـەری هەڵبڕی، سەیری کرد وا ئافرەتێک پاتۆڵێکی لە پێ دایە و لەچکەیەکی لە سـەروملی هاڵانـدوە شـەپکەیەکی لەسـەر لەچـکەوە لە سـەر نـاوە و دەسکێشـەکانی دەسـتی دەرهێنـاوە بە دەسـتێوەی گرتـوون هەر دوو دەستی لە کەلەکەی ناوە، چاوی بڕیوەتە بن دارەکان بۆ لای کانیاوەکە دەچێ.

عوسمان هێزی لەبەردا نەمـابوو. زاری وشـک هەڵاتبوو، بەڵام بە دیتنـی ژنێک لەو کـات و سـاتەدا تین و گـۆڕێکی دیکەی هـاتەوە لەش. دوودڵ بـوو لەوەی هـاواری کـاتێ یـان نـا! تـا ئەو جێگـایەی سـەروملی دەرەتانی سووڕاندنی هەبوو هەوڵی دا بزانێ ئەو ئافرەتە بەتەنێیە یان کەسـی بەدواوەیە؟! کە زانـی بەتەنیـایە، بە دەنگێکـی نووسـاوەوە گـوتی: دادە گیان دایە گیان!

دادە فریشـتە گـوێی لە دەنگـی عوسـمان نەبـوو، کە لە گەروویەکـی وشکەوە دەهـاتە دەرێ. عوسـمان هەمـوو هەوڵـی خـۆی وەگەڕ خسـت و گەرووی خۆی پاک کردەوە هەتا هێزی لەبەردابوو هـاواری کرد دادە گیان!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادە فریشتە لە جێگای خۆی راوەستا لەوەی کە گوێی لە دەنگێک بووە دوودڵ بوو. پشتی لە گەنمەکە بوو، بۆیە بێجگە لە نێوگەنمەکە سەیری هەموو لایەکی کرد هیچی نەدی و دیسان درێژەی بە رێگا پێوانەکەی خۆی دا. عوسمان بەو هاوارکردنانەی جار لەگەڵ جار زیاتر گەرووی وشک و وێکهاتووی دەکراوە، ئەوجارە باشتر لە جارەکانی پێشوو بۆ رزگاری لە مەرگ هاواری لە ژیان کرد و گوتی: دادە گیان منم من لێرە!

دادە فریشتە کە سەری وەرسووڕاند بۆ لای گەنمەکە دیتی ئەوە تەنیا سەری کەسێک و لوولەی چەکێک دیارە. زۆر ترسا. بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجووڵێ هەر لەوێڕا گوتی: ئەوە بۆ لەو گەنمەدا خۆت حەشار داوە هەستە سەر پێ بزانم تۆ کێی؟!

عوسمان هێزی قسەکردنی نەمابوو. لە کاتێکدا هەر دوو دەستی توند بە لوولەی چەکەکەیەوە بوو دەستێکی لە لوولەکە کردوە، بە قامکەکانی دەستی هێمای بۆ ئەوە کرد کە ورە بۆ لام. دادە فریشتە سەیرێکی هەر چوار دەوری خۆی کرد، دوودڵ بوو لەوەی بە قسەی بکا و بچێ بۆ لای یان نا؟ تۆزێک بیری کردەوە دیسان سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و بە ئاسپایی هەنگاوەکانی بۆ نێو گەنمەکە و بۆ لای عوسمان هەڵێناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورده ورده له عوسمان چووه پێشێ تا گەیشته سەر سەری. دیتی ئەوه لاوێکی باریکەڵەی تۆزاوی له پشتوێن بەرەوخوار له خوێنێکی رەقهەڵاتوو دا که مێروولە دەوریان لێداوه شەلاڵە و چەکەکەشی هەر به دەستەوەیه. داده فریشته وەک ئەوەی هەواڵی لەنەکاوی گیان لەدەستدانی کەسێکی نزیکی بدەنێ، به هەر دووک چەپۆک به سەر سەری خۆی دادا و وەک ئەوەی بیهەوێ سەری به شانەی دار داهێنێ، قامکی دەستەکانی لێک ئاوالا کرد و له نێوەڕاستی سەریڕا به پرچەکانی داهێنا خوارێ تا دەستەکانی گەیشته سەر روومەتی و روومەتەکانی خۆی ڕنی، دەستی گەیشته ژێر چەنەگەی وەک ئەوی بیهەوێ چەپڵە لێدا وێک کەوتن. پاشان هەر دووک دەستی به چۆکی خۆی دادا و له تەنیشت عوسمان هەلتروشکا و گوتی: ئەی هاوار هەی! ئەوه چی بووه کاکی برا؟! داده فریشته هەر پێیوابوو ئەوه له هێزەکانی دەوڵەته وا بەجێ ماوه و رەنگه ئێستا ماشێنەکان بۆی بێنەوه. به سەرسوڕمانەوه گوتی: باشه ئێوه له بەیانییەوه لێره پێکەوه خەریکی نان و چا خواردنن بۆ تۆیان ئاوا بەجێهێشت و نەیانبردی بۆ نەخوشخانە!؟

عوسمان دەیزانی بۆ ئەو خەڵکه رووت و هەژار و دەست و پێ قەڵەشیوه خۆی بەکوشت دەدا تا ئەوانیش وەک خەڵکانی خوداپێداوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ئەو گۆی زەوییە لە نیعمەتی ئازادی و خۆشگوزەرانی بێبەش نەبن. بۆیە ئەو راستیەی زۆر بەباشی دەزانی و تەجروبەشی کردبوو، کە خەڵکیش سپڵە و پێنەزان نین تا رادەستی دوژمنی کەنەوە. بۆیە بیری کردەوە وا چاکە خێرا خۆمی پێ بناسێنم گوتی: دادە گیان مەترسە من لەگەڵ وان نەبووم من پێشمەرگەم لە تەقەکەی شەوێدا بریندار بووم و بەجێ ماوم.

بە بیستنی ناوی پێشمەرگە و تەقەی شەوێ، دادە فریشتە چاوەکانی هێندەی دیکە زەق بوونەوە و لە بانگی گریانێ دا و بە گریانەوە گوتی: حەک خوشکت کوێر بێ کاکە گیان! یانی تۆ لە بەیانیەوە بەو برینەتەوە لەو نێو گەنمە لەبەر ئەو سوورەتاوە ئازار دەچێژی!؟ دەک کوێراییم دایە براکەم! سەد بریا من بوایەم لە جیاتی تۆ! کورە یارەبی من لەسەرت گەڕێم. جا چا نەبوو نەیاندۆزیویەتەوە! پاشان وەک برووسکە لە شوێنی خۆی هەستا سەر پێ و لە هەر چوار دەوری خۆی روانی کە زانی کەس دیار نیە، رووی لە کاک عەتا کرد، کە کووڕ ببۆوە سەر قاڵی مەڵەغانگێڕان بوو، هەر دووک دەستی وەک رەحەتی بە زاریەوە نا و بانگی کاک عەتای کرد ورە بۆ ئێرە.

کاک عەتا کە لە مەڵەغانگێڕان دا شەلاڵی ئارەقە ببوو، بە بیستنی دەنگی دادە فریشتە دەستی لە مەڵەغانگێڕان هەڵگرت و پشتی راست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردەوە، پڕ بە سیەکانی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ئەو جار دەستی بڕد لەبەدارییەکەی کە بۆ پارێزگاریکردن لە سووتانی سەرو چاوی لە سەری نابوو، لا برد و سەری بۆ لای دادە فریشتە سووڕاند. پێی سەیر بوو فریشتە بۆ چۆتە نێو ئەو گەنمەوە! هەر بێ راوستان بزەیەکی کرد بە پێکەنینەوە سەری راوەشاند و گوتی: ژنەکە ئەوە بۆ چوویە نێو ئەو گەنمەوە؟! ئەو ماستە بێنە وەروە.

دادە فریشتە گوتی: کوڕە ماڵت نەشێوێ ماستی چی و شتی چی تۆ خێرا مەڵەغانەکەت فڕێ دە وەرە بۆ ئێرە.

کاک عەتا هەر زوو تێگەیشت کە خێزانی لەو نێو گەنمە دا شتێکی دیتۆتەوە. لە هۆشی چوو مەڵەغانەکەی لە لای کەرخە و مەلۆکان بەجێ بێڵێ، بێ راوەستان کڵاوە لەبەدارییەکەی لە سەر ناوە و مەڵەغانەکەی لە سەر شانی دانا و بۆ لای دادە فریشتە وەڕێکەوت. تا گەیشتە لای دادە فریشتە هەر لە بیری ئەوە دا بوو دا خوا ئەو هێزە لەو قەراغ گەنمە چیان لێ بەجێ مابێ وا فریشتە ئاوا سەری سووڕ ماوە. کە گەیشتە قەراغ گەنمەکە دەستێکی بە مەڵەغانەکەی سەر شانی و دەستەکەی دیکەی لە کەلەکەی نا و راوەستا و گوتی: ها ژنەکە چ قەوماوە ئەو هاتوهاوارەت لە چیە بۆ لەوێرا منت راکێشا تا ئێرە؟ من گوتم بچۆ ئەو ماستە بکە بە ماستاو ئەوەندە ماندووم پشتم بە حاڵەحاڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاست دەبێتەوە. دادە فریشتە ڕاوەستا تا کاک عەتا لە قسەکانی بۆوە و هیچی نەگوت تەنیا دەستی بۆ لای عوسمان درێژ کرد کە لە کاک عەتاوە دیار نەبوو. ئەو جار بە دڵی پڕ و چاوی فرمێسکاوی گوتی: وەرە پێشێ خۆت ببینە. کاک عەتا لە ڕوخساری پەشۆکاوی ژنەکەیەوە زانی دەبێ شتێکی زۆر گرینگ ڕووی دابێ، وا ئاوا ژنەکەی زۆر دڵتەنگ و پەرێشانە! بۆیە هەر خێرا مەڵغانەکەی لەسەر شانی فڕێ دا و بە پێنج شەش شەقاوی درێژ خۆی گەیاندە لای دادە فریشە. دیتی ئەوە لاوێکی جلوبەرگ خاکی وەک ڕەنگی زەویەکە، کاکۆڵ تۆزاوی وەک تۆزی سەر گەڵا و لاسکی گەنمەکان، شەکەت وەک دار و دەوەنی بەر سوورەتاوی هاوینێ لە سەر گازەرای پشت ڕاکشاوە و لە هەناسەکێشانێکی زۆر لەسەرەخۆ دایە و دەستی لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکەیەتی.

کاک عەتا بۆ ماوەیەک حەبەسا، بێ ئەوەی وشەیەک بڵێ خێرا خێرا دەیڕوانییە عوسمان و دادە فریشتە. عوسمان زانی کاک عەتا نیگەرانە لەوەی عوسمان خۆمانەیە یان بێگانە. بۆ هێور کردنەوەی کاک عەتا گوتی: کاکە گیان بەو خوشکەشم گوت کە من پێشمەرگەم بریندار بووم و نەمتوانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە شەوی ڕابردوو بڕۆم. بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیستنی ناوی پێشمەرگە کاک عەتا سەیرێکی دادە فریشتەی کرد و بە چاو پرسیاری لێکرد، کە باوەڕی پێ بکەین یان تەڵەیە؟

دادە فریشتە دڵنیابوو پێشمەرگەیە، بۆیە ڕووی لە عوسمان کرد و گوتی: کاکە گیان ئێستا کەس لێرە نەماوە و دەتوانی هەستی بڕۆی و هاوڕێکانت بدۆزیەوە. عوسمان بزەیەکی تاڵی هاتە سەر لێوە وشکەکانی گوتی: دادە گیان ئەگەر توانیبام بڕۆم هەر دوێشەوێ منیش لەگەڵیان دەڕۆیشتم، بەڵام لاقم شکاوە و تەنانەت ناتوانم هەر خۆشم بجووڵێنم. تۆ لەوانە گەڕێ جارێ قومێکم ئاو بۆ بێنە.

دادە فریشە گوتی: پیاوەکە لێرە لە لای دانیشە و قوتەقوت مەکە تا دەچم چۆڕێکی ئاو بۆ دێنم. خێرا ڕۆیشت کەتریە ڕەشەکەی بن کەپرەکەی هەگرت و چوو بۆ سەر کانیەکە. بە سەری کەتریەکە سێ چوار سەرەکەتریی ئاو لە کەترییەکەی کرد و بە پەلەپڕووزە گەڕاوە لای عوسمان و کاک عەتا.

ئەو ماوە کورتەی کە عوسمان چاوەڕێ بوو تا دادە فریشتە چوو ئاوی بۆ بێنێ هەر سێ چوار دەقیقەی خایاند، بەڵام بۆ عوسمان بە ئەندازەی ئەو شەورۆژە درێژ بوو کە چاوەڕێی ئاوی دەکرد. بە دیتنی کەترییەکی ڕەش بە دەست دادە فریشتەوە شاگەشکە بوو، بۆ یەکەم جار لەو شەوڕۆژە دا دەستی لە سەر پەلاپیتکەی چەکەکەی هەڵگرت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکەکەی لە تەنیشت خۆی دانا و تا ئەو جێگایەی هێزی تێدابوو سەری بەرز کردوە و ویستی زاری بە لوولەی کەتریکەوە نێ، کە کاک عەتا خێرا دەستی وەژێر سەری نا و لەنگەری بۆ راگرت تا عوسمان هەموو ئاوەکەی یەکبین خواردەوە. کاتێک زاری لە لوولەی کەتریەکە کردەوە قورسایی دا سەر دەستی کاک عەتا کە لە ژێر سەریدا بوو و تێیگەیاند، تا دەستی لابا و سەر بخاتە سەر زەوی. کاتێک سەری لە سەر زەوی داناوە رووی لە دادە فریشتە کرد و گوتی زۆر سپاس، بەڵام زۆر کەم بوو. کاک عەتا گوتی جارێ تۆزێک دەست راگرە وەک دەڵێن ئاوی زۆر بۆ بریندار باش نیە. دادە فریشتە پرسی ئەدی کاکە گیان برسییت نیە؟ عوسمان گوتی نا زۆر سپاس تەنیا توونیم بوو.

پاش خواردنەوەی ئاوەکە عوسمان هێندێک گەشایەوە و باشتر قسەی بۆ دەکرا هیوای زیاتر بە رزگاربوونی لە دڵیدا چەقەرەی کرد. بێراوەستان دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی: نازانم پێشمەرگەکانی دیکە بۆ کام لا رۆیشتوون، بەڵام بەشێکیان دەزانن من لێرەم ئەگەر خۆیان تووشی گێرەوکێشە نەهاتبن، تارێک دابێ بە شوێنم دا دێنەوە، بەڵام تکایە بەیانی زۆر زوو وەرن بۆ مەزراکەتان ئەگەر هەر لێرە مابووم و هاورێکانم نەهاتبوونەوە بە شوێنم دا، ئەو کات پێتان دەڵێم بۆ کوێم بەرن تا دەرمانم کەن. ئەگەریش بەیانی هاتنەوە لێرە نەمابووم لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستاوە زۆر زۆر سپاستان دەکەم. منیش وەک ئێوە کورە وەرزێرم، دەزانم دەبێ وردەوردە خۆتان کۆکەنەوە و بەرەوماڵ شۆڕ بنەوە، بۆیە با کەس نەتانبینی جارێ بڕۆنەوە سەر کارەکەی خۆتان. ئێستا هێندەی نەماوە بۆ رۆژاوا بوون! بەڵام ئەو کەترییەم ئێستا بۆ پڕکەنەوە و بەجێم بێڵن.

دادە فریشتە دەستی دا کەترێکە و چووە سەر کانیەکە، بەڵام ئەو جار زۆر بەپەلە نەبوو کەترێکەی بۆ پڕ کرد لە ئاو و گەڕاوە و لە پشت سەری عوسمانی دانا و گوتی: ئەوە بۆم پڕپڕ کردی، بەڵام تۆ خودا زۆر مەخۆوە باش نیە بۆت. لەگەڵ کاک عەتا لە جێگای خۆیان هەستان و سەیریان کرد کەس دیار نیە بۆیە زۆر بەپەلە عوسمانیان لە نێو گەنمەکەدا بەجێهێشت و چوونەوە شوێنەکەی خۆیان تا وردەوردە خۆیان کۆکەنەوە بۆ رۆیشتنەوە بۆ ئاوایی.

دادە فریشتە و کاک عەتا تازە گەیشتبوونەوە شوێنی خۆیان کە عوسمان دەستی بۆ کەترێکە برد، لوولەی کەترێکەی لەسەر لێوی دانا و دوو قومی لێدا خەریک بوو سێهەمین قومی لێدا، کە لە پشت سەری را لە لای شاخی بابەگوڕگوڕ، ئەو شوێنەی شەوێ لەوێرا لەگەڵ پێشمەرگەکان هاتبوونە خوارێ، دەنگەدەنگێکی زۆر پەیدا بوو. بە دەنگیانڕا دیار بوو کۆمەڵێکی زۆرن هەر دەهات و دەنگیان نیزیکتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوو‌وە، تا دەرکەوت کە بە کوردی قسە دەکەن. هەستێکی یەکجار خۆش لە گیانی عوسماندا گەڕا کە ئۆخەیش! ئەوە پێشمەرگەکان بۆم هاتنەوە. لە خۆشیانە ئاوخواردنەوەکەی لەبیرچوو‌وە، خێرا کەترییەکەی دانا و دەستیدا چەکەکەی و وەک جارەکانی پێشوو خۆی بە لوولەکەیەوە هەڵواسی و سەری هەڵێنا تا بانگیان کا و بڵێ هاوڕێیان ئەوەتا لێرەم. سەری تا ئاستی لوولەی چەکەکەی بەرز کردوە و دیتی ئەوە زیاتر لە بیست سی کەسی چەکداری خۆفرۆشی کوردن بە قسەکردنەوە لە لای شاخی بابەگوڕگوڕەوە دێنە خوارێ و لە جەمسەری گەنمەکەڕا ڕێچکەیان بەستووە بە قەراغ گەنمەکەدا بۆ لای ئەو دێن.

لە لای خۆی گوتی تازە کار لە کار ترازاوە! لە شاخیڕا بە دووربین ئەو ژن و پیاوەیان دیوە، کە ئاویان بۆ هێناوم ئێستا بۆم داگەڕاونەتە خوارێ. ئەوە ئەو شتەیە کە نەدەبوایە ڕوو بدا. بە دیتنی ئەو چەکدارانە هەر زوو سەری دانەواندەوە و چەکەکەی هێنا سەر سینگی و دەستی خستەوە سەر پەلاپیتکەکەی و هەناسەی لە سینگی دا ڕاگرت تا نیزیک بنەوە. بڕیاری دا پێش ئەوەی ئەوان تەقە بکەن ئەو تەقەیان لێبکا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆر لە سەر لێواری دوایین تاشەبەردی چیای وەستا مستەفا لەنگەری گرتبوو، نەیدەویست ئاوا بێ. وەک شتێک ئەویش پێی خۆش بوو شاهیدی لەباوەش گرتنی ئەنوەر و رەحمان بێ لە لایەن هاورێکانیانەوە. پێشمەرگەکان بە دیتنی رەحمان و ئەنوەر لەخۆشیانە یەکەیەکە لە ئامێزیان گرتن، بەڵام هەر هەموویان دڵنیگرانی عوسمان بوون، کە دەبێ چیی لێ بەسەر هاتبێ. کاک لوقمان و خاڵە عەوڵا لەگەڵ فەرماندەکانی دیکە دە هەنگاوێک دوور لە پێشمەرگەکان بۆ ماوەیەکی کورت کۆبوونەوە، پاشان هاتنەوە لای پێشمەرگەکان.

خاڵە عەوڵا هەموو پێشمەرگەکانی کۆ کردەوە. چووە نێوەڕاستی هەموویان گوتی: هاورێیان دوێنێ شەو هەر هەموومان هەڵەیەکمان کرد کە نابێ قەت دووپاتی کەینەوە. دەبێ وەک جارەکانی پێشوو دوای هەر شەڕ و تێکهەڵچوونێک، هەر کەسە کەسی پێش و پاش خۆی لە ریزی پێشمەرگەدا بەسەرکاتەوە تا بزانێ هاتووە یان نا. بە هۆی هەڵەی هەموومانەوە یەکێک لە پێشمەرگە دڵسوزەکانی هێزەکەمان شەوێ بەبریندار بەجێماوە، بەخۆشیەوە رەحمان و ئەنوەر برینەکەیان بۆ پێچاوە تا ئەوان لە لای بوون تەندروستیی سەقامگیر بووە، بەڵام پاش رۆیشتنی ئەوان هێزەکانی دوژمن ناوچەکەیان گەمارۆ داوە و بەپێی هەواڵی باوەڕ پێکراوەکانمان هەواڵی گیرانی پێشمەرگە لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمــنەوە لە بۆکــان و ســەقز بــڵاو نەکــراوەتەوە، کە ئەوە جێگــای دڵخۆشــییە. بۆیە ئێستا رۆژی هیممەتە، دەزانم هەموومان شەکەت و ماندووین و رێگاکە زۆر دوورە، بەڵام سەرەڕای ئەوانە دە پێشمەرگەم دەوێ، کە دەبێ ئەوە بزانن رەنگە ئەوانیش نەگەرێنەوە، وەک بروسکە بێ پشوودان ئێستریک لەگەڵ خۆیان بەرن و بچنەوە شوێنی بۆسەکەی دوێشەوێ. واماندانەوە رەنگە بۆ کاتژمێر دوازدەی شەوێ بگەنە ئەوێ. ئەگەر عوسمان مابوو یان شەهید بوو بیهێننەوە بۆ ئێرە. جا لە منتان کەوێ. بۆ بەری بەیانی دەگەنەوە ئێرە، ئێمەش لێرە چاوەڕێتان دەبین.

قسەکانی کاک عەولا تەواو نەببوو، کە هەر هەموو پێشمەرگەکان ئامادەگی خۆیان دەربڕی. کاک عەولا گوتی: کە وایە با رەحمان کە شوێنەکەی دەزانێ یەکێک بێ لەو دە کەسە. دیار بوو کە لەگەڵ فەرماندەکان کۆ ببوونەوە عەلیزادە و خانئەحمەدییان دەستنیشان کردبوو بۆ پێسپاردنی ئەو ئەرکە. بۆیە پاشان خێرا روی لە خانئەحمەدی و عەلیزادە کە هەردووکیان فەرماندە بوون کرد و گوتی: تا درەنگ نەبووە چەند کەسێکی دیکە بەرن و وەڕێکەون.

عەلیزادە لە شوێنی خۆی هەستا چاوی بە سەر پێشمەرگەکاندا گێڕا و بۆی زەحمەت بوو کێ هەڵبژێری لەنێو ئەو هەموو مرۆڤە فیداکارە کە شەو و رۆژێک بوو نەخەوتبوون و دەبوایە دوازدە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتژمێری دیکەش ڕێگایان پێوابا. بۆیە بە پێکەنینەوە گوتی: بابە خانئەحمەدی تۆش هاوکاریم کە. خانئەحمەدی گوتی: مەجید و تیربارەکەیمان دەوێ ڕەحمانیش کە شوێنەکە دەزانێ بۆ ئەوانەی دیکەش دەی کوڕە ئەوەی ناوێ کێ دێنی بێنە با بڕۆین.

عەلیزادە یاریزانێکی شارەزای فوتباڵ و هەروەها کاپیتانی تیمی فوتباڵی پێشمەرگەکانیش بوو. بۆیە وەک ئەوەی تیمی فوتباڵ هەڵبژێرێ کە کێ بۆ بەرگری و کێی بۆ هێرش دەوێ، گوتی: زۆرباشە کاک عومەر، تاهیر، عەزیزقازی، هیوا، هەڤاڵ، کەماڵ و سمایل لە خۆتان رادەبینین و ماندوو نین؟ هەموویان گوتیان ئامادەین. هێندێکان چەند خەشاب و نارنجۆکی زیادیان لە پێشمەرگەکانی دیکە بە ئەمانەت وەرگرت. هەر پێشمەرگەی پێشنیار و تێبینی و ئەزموونی خۆی پێدەگوتن چی بکەن، بەڵام هەموویان پێیان لە سەر ئەوە دادەگرتەوە کە تا تەواو دڵنیا نەبن کە دەوروپشتی عوسمان بەتاڵە لێی نەچنە پێشێ. ئەگەر دەوروبەری هێزەکانی دوژمنی لێبوو، هەتا بۆتان دەکرێ تەقە مەکەن بە بێدەنگی لە زاری ئەژدیهاکەی دەرهێننەوە.

پێشمەرگەکان سێ ئێستریان پێ بوو، کە هەموو کات چەند سندووقی فیشەکیان لێ بار کرابوو. کاتێکیش پێشمەرگەیەک بریندار یان شەهید دەبوو، هاوڕێکانیان بۆ ڕاگواستنی ئەوان کەڵکیان لێوەردەگرتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆ هێنـانەوەی عوسـمانیش پێویسـتیان بە وڵاغ بـوو. هەر دەسـبەجێ باریـان لە ئێسـترێک کـردەوە و سـندووقە فیشـەکەکانیان بەسـەر ئێسترەکانی دیکەدا دابەش کرد. ئێسترەکە تەنیا کورتانەکەی پێوە مابوو، کە هەم بۆئەوەی تا چوونە لای عوسمان بەردەستی نەدەگرتن و هەم ئەگەر عوسمانیان وەدەست کەوتبایەتەوە دەبوایە ئێسترەکە بەبێ بار بوایە.

هیوا خـۆی خستە سـەر پشـتی ئێسـترەکە. زۆر بەپەلە لە داوێنـی چیای وەستا مستەفارا بەرەو ئاوایی چۆڵکراوی کانیزێڕینە کەوتنەڕێ. جارجـار بە رۆیشـتن و هێنـدێک جـار بە هەڵاتـن وەک ئەوەی بچـن بـۆ سـەر زەماونـد بە دڵێکـی پـڕ لە ئـاواتەوە تـا تـاریکی تەواو بـاڵی بەسـەر ناوچەدا نەکێشا، بێ پشوو دان هەر وا ڕێگەیان بڕی.

گەیشـتنە دۆڵەکەی وا شـەوی پێشـوو کـاک عەوڵا گوتبـووی سـێگەڕانگا. عەلیزداە بە پێکەنینەوە گـوتی: مەجید ئەوە سـێگەڕانگاکەی خـاڵە عەوڵایە ،لێـرە پشـوویەک دەدیـن و سـیغارێک داگیرسـێنین. بـا زۆریـش پەلە نەکەیـن تـا شـەو درەنگتـر بـێ باشـترە و بە قازانجمـانە! مەجید بزەیەکـی هـاتە سـەر لێوی و گـوتی: بۆخـۆیەتی راست پۆمپی بێنزینەکەی دۆێنـێ شـەوێیە. جا ئێسـتا کـاتی لێدانی بێنزینـی سـۆپەری تەیارەکانە. هەموویان بە بێدەنگی لە دەروی یەکتر کۆ بوونەوە. هیوا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێسترەکە دابەزی و جڵەوی ئێسترەکەی لە دەستی هاڵاند و بۆ دەرکردنی شەکەتیی لەشی لە سەر گازەرای پشت بۆی راکشا.

عومەر کوڕێکی سووروسپی خڕیلانەی قسەخۆش و دەنگخۆش و دەم بەبزەی پاکوخاوێنی ردێن تاشراوبوو. هەموو کات لە دوورەوە بۆنی خۆشی ئۆدکلۆنەکەی دەهات، لەو کۆڕەدا پێشینەی پێشمەرگایەتیی لە هەمووان زیاتر بوو، هۆگرییەکی زۆری بە هەڵبەستەکانی هێمن، هەژار و ئاسو نەجاری هەبوو، بۆیە هەر کات قسەی دەکرد وەک پێخورێکی بەتام بۆ نێو نانێکی ویشک، هەڵبەستێکی دەکردە نێوئاخنی. ئینسانێکی خاکی لە هەمان کات دا زۆر بەورە و ئازا بوو. ساڵانی پێشوو فەرماندەی بەشێک لە پێشمەرگەکان بوو. هێندە باوەڕی بە خەباتە پیرۆزەکەی هەبوو کە بۆ هەر مەئموورییەتێک دەچوو هەر تەنیا بلیتی چوونی پێ بوو قەت بلیتی گەڕانەوەی نەدەکڕی. هەر دوو دەستی لە پشت سەری قفڵ کردبوو و پاڵی وەکۆڵەپشتییەکەی دابوو. رەحمانیش چونکە سیغار کێش نەبوو لە تەنیشت عومەر دانیشتبوو، زوو زوو بە دەسرە سوورەکەی ئارەقەی نێو چاوانی دەسڕی و خۆی پێ باوەشێن دەکرد و مێشوولەکانی پێ لە خۆی دوور دەکردنەوە. سەیری کرد عومەر چۆتە بیرێکی قووڵەوە و خێراخێرا سمێڵەکانی وەبەر ددانەکانی دەدا. بۆ هێنانەوەی خەیاڵی باڵگرتووی عومەر بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێگەڕانگاکە، رووی لە عومەر کرد و گوتی: تەکوو مێشوولەکانی ئەو دۆڵە چەندە بێحەیان. وا دیار بوو عومەر کە چۆتە بیرکردنەوە، بیری هەر لە لای عوسمان بوو بۆیە هەر خێرا پرسی: ئەرێ کوڕە رەحمان تۆ دڵنیای تەنیا لاقی بریندار بوو!؟

ڕەحمان بە نابەدڵییەوە گوتی: کوڕە ئا ماڵتە خۆ کوێر نیم خۆم دەستم لە ئێسکە شکاوەکەی ڕانی دا، ئێستا دەچین جا دەیبینی.

عومەر رووی لە رەحمان کرد و بەتەشەرەوە بە پێکەنین گوتی: ئا، ئا ئەوە مۆرو مۆمیان لێداوە کەسک و سووریان لێداوە لەوێیان داناوە تا بچین بیهێنین. رەحمان گیان من لە تۆم پێ خۆشترە بە سلامەتی عوسمانمان دەست کەوێتەوە، باوەڕکە هێندەی بۆ پەرۆشم دەیان خەیاڵی جۆراجۆر لە مێشکمدا دێن و دەچن. وەک قومارێکی زۆر گەورە وایە یان ئەوەی هەمانە دەیدۆڕێنین و عوسمانمان لە دەست چووە، یان رزگاری دەکەین و خەنی دەبین، کە هیوادارم خەنی بین.

سمایل بەشی دەرمانی بوو. کوڵەپشتییەکی سەوزی گەورەی بە کۆڵەوە بوو. پاڵی بە کۆڵەپشتیەکەوە دابوو گوێی دابووە قسەکانی عومەر و رەحمان کە باسی برینەکەی عوسمانیان دەکرد، هاتە نێو باسەکەیانەوە و لە رەحمانی پرسی: ئەرێ دەیتوانی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بجووڵێنێتەوە؟ دەترسم لە پاش ڕۆیشتنی ئێوە ئەویش بە قوونەخشکە لەوێ دوور کەوتبێتەوە.

ڕەحمان کە دڵینا بوو عوسمان تەنیا لاقی بریندارە و ناشتوانێ لەو شوێنە بڕوا، لەو چەشنە پرسیارانە ماندوو ببوو، بە سەر ڕاوەشاندەوە گوتی: بە خودای بابە ئێوەش سەیرن، من دەڵێم نێرە ئێوە دەڵێن بیدۆشە! کاکە گیان لاقی شکاوە ناتوانێ بجووڵێتەوە.

عەلیزادە ڕووی لە عەزیزقازی و سیغار کێشەکانی دیکە کرد و گوتی: ئەرێ پیمەوابێ جگەرکانتان تەواو بوو! ئەگەر وایە با بڕوێن درەنگە.

هیوا کوڕێکی باریکەڵەی باڵا بەرزی لێو بەبزەی زەحمەتکێش و ماندوونەناس بوو کە دەنگێکی خۆشی هەبوو زۆر جار لە ڕیزی پێشمەرگەکاندا گۆرانیی دەگوت. پێش ئەوەی سواری ئێسترەکە ببێتەوە، پرسیاری کرد کەس سوار نابێ؟ لە بێدەنگیی هەموویان را هەستی کرد جارێ کەس ماندوو نەبووە یان کەس پێی خۆش نیە سوار بێ، بۆیە بۆخۆی دیسان سواری ئێسترەکە بۆوە وەشوێنیان کەوت.

هەوا تەواو تاریک داهاتبوو، بەڵام ڕووناکایی مانگ لە پشت کێوەکانی ناوچەی فەرهادتاشەوە هێمای مزگێنی سەرلەنوێ ڕووناکاییەکی دیکەی بە ناوچەکە دەدا. پێشمەرگەکان شەڵاڵ لە ئارەقەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە نێــو دارو بەرد و دڕووو و گیاجاڕەکــان هەر وا بــۆ ڕزگــارکردنی هاوڕێی برینداریان، کە نەشیاندەزانی ماوە یان نا ڕێگەیان دەبڕی.

مانـگ وردە وردە لە کەلـی حەوتەوانـانی ئـاوایی بـاغلووجە هـاتە دەرێ و وەک ماشەڕێسـێکی بەتوانـا سـێبەرەکانی بـۆ داوێنـی چیاکـان هەڵگوێزتەوە و لە بناری شاخ و گردەکانی ناوچەکەی پەستاوتن.

کـاروانی دە پێشـمەرگە ماندوونەناس و گیـان لە سـەر دەسـتەکە، زۆر بەپەلە بەرەو زاری ئەژدیهای نوستووی زار کراوە، بە بێدەنگی لە کەنـدال و شـیو دۆڵ و پەرێـزە جـاڕان دا تێـدەپەڕی و جـوورڕە و سـەربەکڵاوی تـازە لە هـێلانەدا نوسـتووی مەڵبەنـدەکە لە ژێر پـێلاوە ئادیداسـەکانیاندا، لە خەو هەڵدەسـتان و لە شـەقەی باڵیـان دەدا و هەڵدەفرین.

عومەر هەناسەی پڕ بە سیەکانی هەڵدەکێشا و هەنگاوەکانی جار لەگەڵ جار پتەوتر دەکرد، لە ڕیزی پێشمەرگەکان هاتە دەرێ و ڕاوەستا و چەکەکەی لە شانی ڕاستیڕا دەرهێنا و کردیە شانی چەپی، لەو کاتەدا گوێی لە شەقەی باڵەکانی باڵندەیەک بوو، کە هەڵفڕی، هەر خێرا دەستی لەسەر شانی هەڤاڵ دانا و گوتی: ڕاوەستە مەڕۆ، مەبەستم لە "*بە دووی باڵداری ئاواتی فڕیوی بێ سەروشوێنا*" ئەوەیە، کە زۆر جار بۆم باس دەکردی، ئەو باڵندەیە بوو، کە ئێستا هەڵفڕی. دە بزانم دەزانی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باڵندەیە بۆ کوێ هەڵفڕی؟ جا تۆ لای خۆت وایدانێ ئاواتی تۆ بەو باڵندەیە بێ، کە خودا نەبێ کەس نازانێ رووی لە کوێ کرد! دەک رووی بابت سپی "هەردی" بۆ خۆت و بۆ هەڵبەستت!

عەلیزادە سەیری کرد هەڤاڵ و عومەر بۆ ساتێک راوەستان خێرا گەڕاوە لایان گوتی: چی رووی داوە کەستان دی وا راوەستاون؟

عومەر گوتی: کوڕە نەوەڵا کەسمان نەدیوە تەنیا لەگەڵ هەڤاڵ بۆ ساتێک هەستەکانی دەروونمان راتڵەکاند و وەخەربەرمان هێناوە. عەلیزادە دەستی بە دەمیەوە گرت و زۆر لەسەرەخۆ پێکەنی و گوتی: کوڕە کاک عومەر کەی ئێستا کاتی هەستە؟! عومەر گوتی: ئێستا عەلیزادە گیان ئێمە بەرەو قووڵایی موکریان دەچین وەک چۆن هەژار لە بەرەو موکریاندا دەڵێ: با ئێمەش

"سەرێ هەڵێنینەوە لەو مەڵبەندە

گەرچی لەش دوورە لەوێ دڵ بندە".

عەلیزادە ویستی وەک جاران قاقایەکی بۆ بکێشێ، بەڵام شوێنی نەبوو. وەڕێ کەوتنەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منداڵە هەژارە دەست و پێ قەڵەشیوەکانی مەزراکانی دەورووپشت، بەرغەل و ماڵاتەکانیان کۆ کردەوە سەر یەک. کیتەڵە ماستە بەتاڵەکانیان بە لۆیەکی پریسکە نانەکانیان کە تەنیا چەند ورکەنانی تێدا مابوو گری دا و لە پشتی خۆیانیان قایم کرد. هێندێکیان بە سواری گوێدرێژ و بەشێکیشیان بەپێیان و لەگەڵ بەدوا خۆدا راکێشانی شووڵێکی باریک، وەک دیمەنی رژانی رووبارەکان لە هەموو لایەوە بۆ نێو دەریا، هەر یەکەی لە شوێنێکەوە روویان کردەوە ئاوایی. ئیدی مەزراکان هێدی هێدی لە خەڵکی چۆل دەبوون.

هێزە چەکدارەکان هەر دەهاتن و لە عوسمان نیزیک دەبوونەوە، دادە فریشتە و کاک عەتاش پێیان وا بوو، کە ئەوانە هاوڕێی کەسە بریندارەکەی نێو گەنمەکەن، کە بۆ لای ئەو رێچکەیان بەستووە. دەستیان لە کارەکەیان هەڵگرتبوو بە تامەزرۆییەوە دەیانڕوانی تا بزانن، کە گەیشتنە لای چی روو دەدا.

عوسمانیش پاش نیزیک بە شەورۆژێک تونێتی، خواردنەوەی ئەو ئاوە هێز و گوڕێکی وەبەرهێنابۆوە. لە نێوانی لاسکی گەنمەکانەوە چاوی بڕیبووە لای دەنگە دەنگەکە و چاوەڕێ بوو کە لەگەڵ دەرکەوتنیان وەک مەڵەغان بە رەگبار پێیاندا بێنی و بیاندوورێتەوە. هەموویان هاتنە بن دارەکان و کۆ بوونەوە. عوسمان بیری بۆ لای ئەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوو، کە دەیانەوێ گەمارۆی بدەن، یان گەنمەکە ئاگر تێبەردەن. هەر لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو، کە مەحاڵە بە زیندوویی منیان دەست بکەوێ. بیری لای هاوڕێ شەهیدەکانی بوو، کە بۆ رزگاریی ئەو خاک و ئاوە شەهید بوون و تاجی سەربەرزیان لە سەر نا و هەر وا بە نەمری مابوونەوە. بڕیاری کۆتایی خۆی دا کە ئەو شانازییەش بە نسیب خۆی کا وەک هەڵۆیەک نینۆکەکانی کرد بە چنگ و لە زەوییە رەقەکەی گیر کردن. لەگەڵ ئەوەی ئازارێکی زۆری پێگەیشت بەو حاڵەش بە هاوکاریی پەنجە و نینۆکەکانی خۆی خستە سەر زگ و لوولەی چەکەکەی لە نێوان دوو گوڵە گەنمدا راگرت و سێرەی لە دوژمن گرت.

خۆر ئاوا بوو، بەڵام تینەکەی هێشتاش دەستی لە یەخەی دار و بەردە هەڵقرچاوەکان بەرنەدابوو. بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنەکانی دادە فریشتە و کاک عەتا، ئەوانە هاوڕێی عوسمان نەبوون، چونکە پاش ماوەیەک مانەوە لە ژێر دارەکان بەرەو ئاوایی شۆڕ بوونەوە. عوسمانیش کە پێی وابوو لە کاتی ئاو وەرگرتنەکەدا ئەویان دیوە و بۆی هاتوونە خوارێ. ئەوانە دەستەیەکی دیکە بوون، کە هەر لە بەیانی-را چووبوونە ئاوایییەکانی زەمبیل و شیلاناوێ کە ئێستاش بە رووکاری ئەو دا هاتبوونەوە و دەچوونەوە بۆ لای هێزەکانی دیکەیان لە ئاوایی باغلووجە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادە فریشتە و کاک عەتا کاتی ئەوەیان هاتبوو کە بڕۆنەوە بۆ ئاوایی، بەڵام هەر دڵیان بڕوای نەدەدا کەسێک بە برینداری لە هەلومەرجێکی ئاوادا بەتەنیا بەجێ بێڵن و لە لایەکی دیکەشەوە لەوە دڵنیا نەبوون کە هیچ هێزێکی دیکە لەو دەوروبەرە ماوە یان نا!

دادە فریشە گوتی: با سەرێکی بدەینەوە بزانین هیچی ناوێ جا دەڕۆینەوە بۆ ماڵێ.

کاک عەتا گوتی: ئەوە تازە تاریک داهات ئێمە نازانین کێ لەو دەورو پشتە ماوە بۆیە زۆر جێگای مەترسییە. ڕەنگە ئەگەر بچین بۆ لای بمانبینن و ئاشکرا بێ. ڕەنگە لەو جۆگە و دەراوانەدا بۆسەیان لە دەوروبەری دانابێ و بە ئەنقەست باسیان نەکردبێ، دەڵێن ڕەنگە شەوێ بەشوێنیدا بێنەوە تا زۆرتریان لێ بکووژن. فریشتە گیان غەمت نەبێ باوەڕ کە، منیش هەموو جەرگم بۆی بۆتە کەباب. جا وەرە دایک و باوکی کوڕ و کچ لە کێوان لە سووچێکەوە ئاگاتان لێبێ، کە منداڵەکەتان ئەوە بیست سەعاتە بەو گەرمایە لەو نێو گەنمەدا بە برینداری و تووونێتی لە نێو خوێنی خۆیدا دەتلێتەوە و ئێوەش ڕوحو دەرنەچێ! فریشتە ئەرێ تۆ سەیرت کرد چەندە لەسەرخۆ بوو لێوەکانی وشک هەڵاتبوون کەچی هەر بزە دەکەوتە سەریان. پاشان ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی: یاڕەبی خودایە ئەو زوڵمە قەبووڵ نەکەی! ئاخر تاوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مروڤێکی ئاوا ساکاری وەک پەپوولە چیە؟! چونکە پێشمەرگەیە؟! غەمت نەبێ با بڕوێنەوە کاری بەیانی بۆ پەک دەخەین و مەلا بانگدان دێینەوە بزانین لێرە ماوە جا ئەگەر مابوو هاوکاریی دەکەین و رایدەگوێزین.

بە رۆیشتنی هێزەکانی دوژمن و پاشان دادە فریشتە و کاک عەتا، دیسان وەک شەوی پێشوو دەست کراوە بە سەمفۆنیای سریوە و قیرەقیڕی بۆقەکانی دەوروپشتی گەنمەکە و سەر کانیاوەکە. عوسمان هەستی بە چۆڵبوونی دەوروپشتی کرد خۆی خستەوە سەر پشت. مچڕووکێکی ئازاراویی بە هەموو لەشیدا هات. دوای ئەوەی ئارام بۆوە لای خۆی گوتی: رەنگە دیسان هێزەکانی دوژمن وەک شەوی پێشوو بۆ بۆسە دانانەوە بێنەوە بۆ ئێرە، بەڵام جارێ ئارامە. سەیرێکی چەکەکەی دەستی کرد و لەسەر سینگی لابرد و لە تەنیشت خۆی داینا و دوو قومی ئاو خواردەوە. ئاوەکەی بە کەیفێ نەبوو. زۆر گەرم ببوو، تام و چێژی ئاوەکانی پێشووی نەدەدا. کەترییەکەی لە پشت سەری خۆی دانایەوە و دەستی بۆ لای رانی درێژ کرد. دەستی وە جامانەکەی رەحمان کەوت، کە رەحمان توند لە لاقی هاڵاندبوو. لە بەر خوێنرێژیی برینەکەی جامانەکەش هێندە خوێنی هەڵمژیبوو پێوەی رەق هەڵاتبوو، جامانەکە وەک کۆلکە داری لێ هاتبوو. دەستی لەسەر هەڵنەگرتوو لە بەرە خۆیەوە گوتی: سپاس رەحمان گیان!

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی چوار کاتژمێر زیاتر بوو بەڕێوە بوون. شەقە شەقی پاتۆڵە چڵکن و ئارەقاوییە دەق گرتووکانی بەریان لە کاتی رۆیشتندا و شکاندنی لاسکەی گوڵەبەرۆژەکانی نێو جارەکە بە پێڵاوەکانیان و، وێکەوتنی لوولەی چەکی شانی پێشمەرگەکان لە قالۆرە بەلاداهاتووکانی گوڵەبەرووژەکان، بێدەنگیی شەوەزەنگی دەشکاند. لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کۆتایی شێوەردەکە، کە بە داوێنی گردەکەی بابەگوڕگوڕەوە بوو، چراکانی نێو ئاوایی باغلووجەیان لێ وەدەرکەوت، بەڵام هاتوچۆی چرای ئەو ماشێنانەی دەهاتنە نێو ئاوایی و لە ئاوایی دەردەچوون مانای ئەوەیان دەدا، کە ئاوایی لە هێزەکانی دوژمن جمەی دێ.

مانگ بەتەواوی هاتبووە سەر ناوچەکە و رووناکاییەکی زۆر باشی دەبەخشیە زەوی. عەلیزادە پەڕە کاغەزێکی سیغاری دەرهێنا و شووشەی دووربینەکەی پێ خاوێن کردەوە و دووربینەکەی بە چاویەوە نا و سەیری نێو ئەو دار و گەنمەی کرد  کە شەوی پێشوو لەوێ لە بۆسە کەوتبوون. دووربینەکەی هەر بە چاویەوە بوو گوتی: زۆر ئارامە وا دیارە کەسی لێ نیە. هیوادارم ئارامیی پێش گەردەلوول نەبێ! عومەر گوتی: دادەی عەلیزادە با منیش سەیرێکی کەم. چەکەکەی لەسەر زەوی دانا و زۆر بەوردی لێنزی دووربینەکەی بۆ چاوەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی میزان کرد و گوتی: یانی بەڕاستی عوسمان لەوێیە؟ عوسمان گیان تاقەت بێنە! وا " اندک اندک جمع مستان میرسند".

خانئەحمەدی، کوڕێکی بێدەنگ و هێمن و حەیابەخۆ بوو جارجار قاقایەکی بۆ قسەکانی هاوڕێکانی دەکێشا. گۆچانێکی پێ بوو دەسبێحێکی لە قەفی گۆچانەکەی دەهاڵاند. بە مۆدنەدارێکی درێژ سیغاری دەکێشا، کە ئەگەر مرۆڤ سیغار کێشیش نەبوایە و کاتی سیغار کێشان لە لای بوایە ئیشتیای دەچووە سیغارەکەی. کوڕێکی خاوەن گەلاڵەی باشی نیزامی و بەورە بوو لە نێو ئەو دە کەسە ئەویش وەک عەلیزادە فەرماندە بوو گوتی: با بڕێکی دیکە بڕۆینە خواری لەوێ کارەکان دابەش دەکەین.

کاتژمێر خۆی لە دوازدەی شەوێ نیزیک دەکردوە، سریوەی بای نەدەهات، بۆنی باڕووتی تۆپ و کاتیۆشاکانی دوژمن کە بە درێژایی ڕۆژ لەوێ سەقامگیر ببوون و کوێر کوێرانە سینگی مووچە و مەزرای خەڵکیان پێ هەڵدڕیبوو، هەر وا لە هەوادا مابووە. دووکەڵەکەشیان کە وەک تۆڕێکی ڕەشی تەنکی جاڵجاڵۆکە، نزم بە سەر ناوچەکەوە لە هاتووچوو دابوو، بەرە بەرە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچوو چی وای نەمابوو لە بر چاوان ون بێ. پێشمەرگەکان وردە وردە داگەڕان بۆ لای تەپکەیەکی چکۆڵەی قەراغ گەنمەکە کە توزێک لە شوێنەکانی دیکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزتر بوو. لە پشت گردەکە دانیشتن و هەموویان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون و گوێیان هەلخەست. کاتێک زانیان تەنیا دەنگی بۆقی قەراغ ئاوەکە بێدەنگیی شەو دەشکێنێ، خانئەحمەدی زۆر لەسەرەخۆ بە سرتە گوتی: هاوڕێیان نازانم عوسمان کەوتۆتە دەستیان یان نا؟! رەنگە شەهید بووبێ! رەنگە مابێ یان رەنگە لەوێ مابێ وەک تەڵە کەڵکی لێوەرگرن جا بۆیە دەبێ زۆر وشیار بین.

عەلیزادە چاوی گێڕا و مەجیدی دۆزییەوە و گوتی: مەجید گیان تیربار "بی کەی سی"یەکەت لەسەر ئەو گردە دابەستە و هەرە قەتارە فیشەکە درێژەکەتی وەسەر خە. ئێمە شەش کەس دەچین بۆ نێو گەنمەکە هەر کە زانیت بۆسەیە و تەقەیان لێکردین، یان ئەگەر ئێمە لە پێشدا وەک دوێشەوێ بەوانمان زانی و تەقەمان لێکردن، جا بزانم چی دەکەی قامکت لەسەر پەلاپیتکەی لا نەبەی پشتوانیمان لێ بکە تا دەگەڕێینەوە لاتان. ئەوە خانئەحمەدییش لە لاتانە بێسیمی پێیە پێوەندیمان دەبێ. هیوا گیان تۆش لێرە بە و هەوساری ولاغەکە توند بگرە، کە ئەگەر تەقە بوو با لە دەستت رانەکا. پاشان رووی لە عومەر کرد و گوتی: تۆش لەگەڵ هیوا لە پشت گردەکە چاوەڕێمان بن. ئەو جار شەش پێشمەرگەکەی دیکەی بە سێ دەستە دابەش کرد کە لە سێ لاوە بڕۆنە نێو گەنمەکە و لە عوسمان بگەڕێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن و سمایل لە لای دەستی راستەوە، بۆ خۆی و رەحمان کە شوێنەکەی پێ دەزانی لە نێوەڕاستەوە و تاهیر و هەڤاڵیش لە لای چەپەوە کە هەموویان هەر بە مەودای دە هەنگاو لێکتر دوور بوون بە کۆمە کۆمەوە، دەست لە سەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان بە نێو گەنمەکە دا بەرەو شوێنی تەقەکەی شەوی رابردوو دەچوونە پێشێ و تا نێوەڕاستی گەنمەکە چوون و هەر بیست هەنگاویان مابوو هەموو گەنمەکە بپێون و لە گەنمەکە دەرچن و بگەنە سەر چیمەن و جۆگە ئاوەکەی وا عوسمان تێیدا بریندار ببوو.

عەلیزادە بە دەست ئاگاداری کردن کە دانیشن. هەموویان هەر چاوێکیان کردبووە سەد چاو. بە دەست هەڵێنانی عەلیزادە ئەوانی دیکە وایانزانی کە کەسێکی دیوە لەنێو دارەکاندا جووڵاوەتەوە. هەموویان لوولەی چەکەکانیان لە نێو دارەکان کرد. لێدانی ترپەی دڵی هەموویانت لە نێو قامکی سەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان هەست پێ دەکرد. عەلیزادە بۆخۆی هەڵتروشکابوو بە رەحمانی گوت: من ئاگام لێتە زۆر بەئەسپایی بچۆ پێشێ و بانگی عوسمان بکە نەکوو وا بزانێ دوژمنین و تەقەمان لێبکا.

رەحمان خۆی کووڕ کردەوە و دەستی سێ چوار جار بە سەر پەلاپیتکەی چەکەکەی داهێنا و هاتووچۆی پێکرد. ئەو جار زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشەوقەوە قامکی دەستی وەک دەستی سەر ملی یار تا ئەو جێگایەی دەرەتانی چەمانەوەی بوو لە دەوری پەلاپیتکەکە هاڵاند. جا چەشنی لە باوەش گرتنی منداڵێکی ساوا کە باران لیێنەدا و سەرمای نەبێ، چەکەکەی توند بە سینگیەوە کوشی و لوولەکەی بردە بنا گوێی خۆی. بە سەر تەکاندن عەلیزادەی ئاگادار کرد کە زۆر باشە. لاقەکانی وەک ئەوەی بەری لە دەسکەنەی نۆک و نیسک گرتبێ بە قەدەر شانی لێک بڵاو کرد و لاسکە گەنمەکانی پێش خۆی لا دەدا و دەچووە پێشێ. زۆری نەمابوو بگاتە لای عوسمان کە راوەستا و لوولەی چەکەکەی روو لە عوسمان کرد و زۆر بەهێواشی و بە سرتە بانگی کرد: عوسمان!

رەحمان پێش ئەوەی بانگی عوسمان بکا خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو، کە رەنگە لە دەوری عوسمان چەند کەسێک راکشابن و لەگەڵ بانگکردنی وەبەر دەسرێژی فیشەکی دەن، کەچی هیچ وەڵامێک لە عوسمان نەبوو. بە بانگکردنی عوسمان لە لایان رەحمانەوە و وەڵام نەدانەوەی عوسمان پێنج کەسەکەی دیکە بە کۆمە کۆم بۆ لای رەحمان چوون و لە سێ چوار میتریی ئەو و عەلیزادە هەڵترووشکانەوە.

عەلیزادە خۆی گەیاندە رەحمان و گوتی: تۆزێکی دیکە بچۆ پێشێ رەنگە خەوی لێ کەوتبێ یان رەنگە بێهۆش بووبێ. رەحمان بە سرتە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێی عەلیزادەی دا چرپاند پێم وابێ لێرە نەماوە و بردوویانە دەنا باوەڕ کە هەر لێرە لەو دەوروبەرەمان دانابوو!

کاتێک عوسمان وەڵامی نەداوە، رەحمان گریان ئەوکی گرت و بۆ ساتێک دەیان خەیاڵ بە مێشکیدا هات. لە تاوی عوسمان هەر لە بیری چۆوە کە رەنگە تەڵەیان بۆ دانابێتەوە هەستا سەر پێ چەند میترێک چووە پێشی و بە دەنگی بەرزتر گوتی: عوسمان، عوسمان منم رەحمان!

کاتژمێر یەکی شەوێ بوو، عوسمان کە تا ئەو کاتە چووبووە خەیاڵێکی قووڵەوە بیری لەوە دەکردەوە کە تازە شەو درەنگە و پێشمەرگەکان نایەنەوە. ئەو پێی وابوو رەحمان و ئەنوەر پێشمەرگەکانیان نەدۆزیبێتەوە و خودا دەزانێ بۆخۆشیان چیان بەسەر هاتووە. زۆرتر بیری لەوە دەکردوە وا چاکە تاقەت بێنم تا بەیانی ئەو ژن و پیاوە دێنەوە بزانم چیان لە دەستی دێ. کەچی کە گوێی لە دەنگی رەحمان بوو وەک ئەوەی جارێکی دیکە لە دایک بووبێتەوە بێ راوەستان و دوودڵی گوتی: رەحمان وەرە ئەوەتا لێرەم!

بە بیستینی دەنگی عوسمان، رەحمان نەچووە پێشی خێرا لە شوێنی خۆی دانیشتەوە گوتی: عوسمان من کوڕەکانی دیکەشم لە گەڵە، بەڵام تۆ کەست لە لا نیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمان هەر زوو لە مەبەستی ڕەحمان تێگەیشت، بۆیە خێرا گوتی: نا نەیاندۆزیومەتەوە، ڕۆیشتوون، بەڵام بۆ نێو دارەکان نازانم ئاگاداری ئەوێ بن.

ڕەحمان هەر بە پارێزەوە لە عوسمان چووە پێشێ تا گەیشتە سەری. دوابەداوی ڕەحمان ئەوانی دیکەش هاتن. هەڤاڵ دەستێکی لە لاقی عوسمان دا کە زانی خۆینریژی ناکا، گوتی: عوسمان گیان جێگای مەترسی نیە پاشان کە چاوی بە کەتریە ڕەشەکەی پشت سەری کەوت زۆری پێ سەیر بوو پرسی ئەوە چیە ئاوشیت خواردۆتەوە؟! عوسمان گوتی: دوایە بۆت باس دەکەم.

عەلیزادە ڕووی لە هەڤاڵ کرد و گوتی: باشە ئەوە لاقی شکاوە ئەدی چۆن هەڵگرین؟!

هەڤاڵ گوتی: عەزیزقازی لە هەمووومان بە خۆوەترە با لە سەر شانی دانێ تا لای ئێسترەکە. سیانیان توزێک لەوان دوور کەوتنەوە پارێزگاریان لێدەکردن تا ئەوانی دیکە چوونە بن باڵی عوسمانەوە لەسەر پێیان ڕاگرت و قازی چەکەکەی خۆی دا بە هەڤاڵ و لە کاتێک دا ئەوانی دیکە پاشەوپاش نێو گەنمەکەیان بەجێدەهێشت، ئەو عوسمانی لەسەر شانی دانا و لە پێش وان دا تا قەراغی گەنمەکە و لای ئێسترەکە بە توندی هەڵات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە گەیشتنەوە لای ئەوانی دی بۆ ئەوەی جارێ هەرچی زووتر تۆزێکی دیکە لەو شوێنە دوور کەونەوە، هەر خێرا عوسمانیان سواری ولاغەکە کرد. لە کاتی سوار بوونی ولاغەکە عوسمان کڵاوەکەی لێ کەوتە خوارێ گوتی: هیوا گیان کڵاوەکەم بۆ هەڵگرەوە.

هەردەست بەجێ روویان لە لای چیای وەستا مستەفا کردەوە و لە گردێک ئاودیو بوون و چوونە نێو دۆڵێکی قووڵەوە، عوسمانیان لە ولاغەکە دابەزاند و تۆزێکیان ئاو دایە ویستیان نانی دەنێ گوتی: ناخۆم بۆخۆشم پێم سەیرە برسیم نیە هەر تینووم بووە، بەڵام زۆرم سەرمایە. هەڤاڵ دەستی لە سەر نێوچاوانی دانا و هەستی کرد تەبێکی زۆری هەیە بۆیە سەرمایەتی. گوتی: سمایل دەرزییەکی ژان و یەکی چلکی لێدە کە گەیشتینەوە لای هێز و کومیتە شارستان لەوێ سیرۆمی لێدەدین. پاش ئەوەی سمایل دەرزییەکانی لە عوسمان دا و پێشمەرگەکان سیغاریان کێشا و پشوویان دا، عوسمانیان سواری ئێسترەکە کردەوە، بەهۆی ئەوەی لاقی هەر تەکەتەکی دەکرد هاواری لێ هەستا: دامبەزێننەوە.

بە بەرز بوونەوەی هاواری عوسمان هەر زوو ولاغەکەیان راگرت، بەڵام عوسمانیان دانەبەزاند و بە جامانەیەک وەک قەیاسە هەردووک لاقیان لە بن زگی ولاغەکەوە توند پێکەوە بەستەوە تا تەکەتەک نەکا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرێکەوتنەوە تا گەیشتنە سەر ئاسۆگێک کە لەوێرا دەیانتوانی پەیوەندیی بێسیمی لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە بگرن.

ولاغە بارهەڵگرەکانی وەک ئەسپ و ئێستر خزمەتێکی گەورەیان لە شۆڕشی گەلان و بەتایبەتی شۆڕشی رزگاریخوازیی گەلی کورد دا کردووە. لەو سالانەی کە هێزی پێشمەرگە بەتەواوی چووبوونە قۆناخی پارتیزانییەوە و هەموو کات هەر لە جێگۆرکێ دابوون، کەم وا هەبوو بۆ دوو شەو لەسەریەک لە شوێنێک بۆ پشوودان بمێننەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوا عاسەتم دا بەکارهێنانی ئێستر بۆ هەڵگرتنی باری زیادی و شەهید و بریندارەکان گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو. زۆر جار ئەو حەیوانە بێزمانە دەکەوتنە بەر فیشەک و پریشکەی تۆپ و کاتیۆشا و بریندار دەبوون، بەلام زۆر جاریش بەهۆی ئەوانەوە هێزی پێشمەرگە ئاشکرا دەبوون و تووشی شەڕ دەهاتن. یان کاتی وا بووە کە پێشمەرگە لە بۆسە دەکەوت، ئێسترەکان دەرەوینەوە و بارە فیشەکە زیادییەکانی پێشمەرگەیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت و هەڵدەهاتن. بەو حاڵەوەش خۆشەویستیی ئەو حەیوانە لە لای پێشمەرگە کەم نەدەبۆوە. بەتایبەتی کاتێک تەرمی هەڤاڵێکی لە خوێن دا شەلاڵی خۆیان، یان رزگار کردنی هاوڕێیەکی بریندارییان بەسەر پشتیانەوە دەدیتن، سەد هێندەی دیکە ئەو ئاژەڵە دەستەمۆ کراوە لەبەردڵان شیرینتر دەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئێسترەی عوسمانی بەسەرەوە بوو، رەنگێکی سووری مەیلەو شەڕابی و یاڵێکی ئاوریشمیی درێژی هەبوو، کورتانێکی رەنگ بەڵەکی وەک شەترەنج، بەرسینگەکەی بە مووروووی شین و سوور و زەرد رازابۆوە. رەشمەکەشی لە گورسێکی قاوەیی تووکن بوو کە عوسمان دوو قەف لە دەستی خۆی هاڵاندبوو. کاتێک لە سەربەرەو خوارییەکان دادەگەڕا، کورتانەکەی بە عوسمانەوە دەخزایە سەر مەلی، لاقی عوسمان کە بە بەر زگی ئێسترەکەوە توند کرابوو، بە بەر زگیەوە بەجیێدەما و ئازارێکی زۆر دەگەیشتە قاچەکانی عوسمان. عوسمانیش لە حەیبەتانە خێرا خێرا ئاوسارەکەی رادەکێشا بۆ ئەوەی هێوری کاتەوە. کە دەگەیشتنەوە تەختاییش رەحمان خێرا پالۆوەکەی بۆ راست دەکردەوە.

مانگەشەویکی زۆر روون بوو، بێجگە لە نیگاهبانەکان پێشمەرگەکانی دیکە هەموویان لە نێو پۆلەدارێکی چکۆڵەدا خەوتبوون. خاڵە عەولا کیسەخەوکەی لە خۆی هالاندبوو دانیشتبوو و چاوەکانی هەر نەدەچوونە خەو و پەرۆشی عوسمانی بوو. لە لایەکی دیکەشەوە چونکە دەنگی بێسیمەکەشی نەدەگەیشتە لایان، ئەوەندەی دیکە دڵگرانی ئەو پێشمەرگانەش بوو کە ناردبوونی بۆ هێنانەوەی عوسمان. بیری ئەوەی دەکردەوە، کە تۆ بڵێی چیان کردبێ.. کاتژمێر نیزیک سێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەربەیان بوو کە عومەر بە بێسیم پەیوندیی بە خالّە عەولاوە گرت و گوتی: *ئەی دەوەنی گرمۆڵەی سەر دابان مزگێنی! زیندووە وا لە گەڵمانە.*

بۆ تاریکوڕوونی بەیانی گەیشتنەوە لای پێشمەرگەکانی دیکە. هەموویان لە خۆشیی ئەوەی پاش بیستوچوار کاتژمێر بە برینداری بەجێهێشتنی عوسمان بە سلامەتی هێناویانەتەوە و هاوڕێکانیشیان بێ زەرەر و زیان بوون، لە کیسەخەوەکانیان هاتنە دەرێ دەوریان دان. شوجاعی چراقووەیەکی هەڵکردبوو. هەموو پێشمەرگەکان چادرێکیان بەسەر عوسمان دادابوو بۆ ئەوەی شەوقەکەی نەڕواتە دەرێ. هەڤاڵ هەولّی دا سێرۆمێک لە عوسمان بدا، بەڵام هێندەی خوێن لە بەر ڕۆیشتبوو دەمارەکانی دیار نەبوون، بۆیە گوتی: با بخەوێ پشوویەک بدا بەیانی سێرۆمەکەی لێدەدەم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵەبابی بەیانی لە بانگی خوێندنی دا. دادە فریشتە و کاک عەتا ڕۆژانی پیشوو هێندە زوو لە خەو هەڵنەدەستان و ڕوویان نەدەکردە مەزراکەیان، بەڵام ئەو شەوە تا بەیانی سەرەڕای شەکەتیی کاری لە ڕادەبەدەری بەر سووورەتاوی هاوینی، لە جێگا دا هەر ئەو دیوئەودیویان کردبوو و لە بیری عوسمان دا بوون.

دادە فریشتە شەوێ مریشکێکی بۆ عوسمان سوور کردبۆوە و لە نێو دوو نانی نابوو چەند نانێکی دیکەشی لە پرێسکەیەکی دیکە دا جوان جوان پێچابۆوە و لە هەیوانەکە هەڵیواسیبوو.

هەر کە گوێیان لە خوێندنی کەڵەبابی بەیانی بوو لە جێگاوبانەکەیان هاتنە دەرێ، بەدەم هەڵگڵۆفینی سەرو چاوی نەشۆردراویانەوە بێڕاوەستان دەستیان دایە پرێسکەکە و بە تاریکوڕوونی بەیانی بەرەو ئەو گەنمەی کە هی ئەوانیش نەبوو و عوسمانی تێدا ڕاکشابوو وەڕێکەوتن. دەیانەویست بەر لەوەی خاوەن گەنمەکە بێتە سەر کار کە ڕۆژی پێشتر لەبەر ئەو هەمووە چەکدارە و تۆپ و کاتیۆشاکانیان ئیزنی کارکردنیان پێ نەدابوو بۆ دروێنە کردن، بگەنە ئەوێ و عوسمان ڕاگوێزن.

بە ڕێگا پێرەوەکەی پشت ماڵان دا جار جار بە هەڵاتن و جار جاریش زۆر بە توندی ڕێگایان دەپێوا تا گەیشتنە نیزیک گەنمەکە. هەوا ڕووناکی کردبوو لە قەراغی گەنمەکە ڕاوەستان سەیری دەورووبەری خۆیان کرد. پاشان زۆر بەپەلە هەردووکیان خۆیان گەیاندە شوێنەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمان کە تەنیا بە سەر کەتری رەشەکە دا کەوتن و عوسمان لەوێ نەمابوو. دادە فریشتە داهاتەوە و دەستی برد دەسکی کەتریە رەشەکەی گرت و هەڵیگرت، سەرەکەی لابرد سەیری کرد چۆرێک ئاو لە بنی کەترییەکە دا ماوە. لوولەی کەترییەکەی گرت. ئەو دەقی گەنمەکەی وا پێشمەرگەکان عوسمانیان پێدا بردبوو شکابوو دیار بوو کەسانێک هاتووچۆیان پێدا کردووە. ئاوەکەی وەک ئاوڕشتنی پشت سەری موسافیرێکی خۆشەویست کە دەچێ بۆ سەفەر، رشت و لەگەڵ کاک عەتا سەیرێکی یەکتریان کرد. لە خۆشیان هەردووکیان چاویان پڕ بوو لە ئاو. بێ ئەوەی قسە بکەن پێکەوە چاویان بڕیە لای شاخی بابەگوڕگوڕ کە پێشمەرگەکان بەوێ دا ئاوا ببوون.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

JAMANEY  XWUNAWÎY PÊŞMERGEYEK

Roman

Hewal  Ahmadi

2013

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org